# ژنان

گۆڤاری یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان ئێران

ئازادی بۆ ژن، بەختیاری بۆ کۆمەڵ

December 2022 سەرماوەزی ١٤٠١

ژمارە ٥٩


**حەسەن حاتەمی**
ناوی ژینا / مەهسا بوو بە ڕەمز لە شۆڕشی نوێدا

**ڕەسووڵ سوڵتانی**
دەستکەوتەکانی شۆڕشی ژینا دەرکرانی ڕێژیمی دژەمرۆڤ

**نەسرین یوسف زادە**
ژنێک
پراوپڕ لە هیوای وەدینەهاتوو

**ڕۆژە عەزیزی**
گرینگی ڕۆڵی ژنی کورد لە خۆپیشاندانەکانی گەلانی ئێراندا

**هەردی سەلیمی**
ئاسەواری یان وتاری شۆڕش؟

**ئاسۆ مینبەری**
ژنان لەم بزووتنەوەیەدا ڕێبەرن





کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org




کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ئۆرگانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران

## ژمارە٥٩ی گۆڤاری «ژنان»

## پێرستی بابەتەکان


- ل ٣ – ئەو دروشمەی تەختی حکوومەتی وەلەرزە خست
- ل ٤– دەرکرانی ڕێژیمی دژەمرۆڤ لە کۆمیسیۆنی پێگەی ژنانی نەتەوەیەکگرتووەکان
- ل٦– سنووربەزاندنەکانی ئێران لە وڵاتەکانی تر لە ڕوانگەی یاساوە:\(دیمانە)
- ل ١٠–ناوی ژینا / مەهسا بوو بە ڕەمز، لە شۆڕشی نوێدا
- ل.١٢–دەسەڵاتداریی کۆماری ئیسلامی نەماوە و دەنگی ژنانی ئێران گەیشتووەتە هەموو جیهان دیمانە
- ل.١٥– چەند دێڕێک لەسەر دۆخی ئێستای ژن لە کوردستان و ئێرانهەموو جیهان
- ل.١٦– گرینگی ڕۆڵی ژنی کورد لە خۆپیشاندانەکانی گەلانی ئێراندا
- ل.١٧– وەرگرتنی لەوحی ٢٠ساڵپێشمەرگایەتی لە لایەن ژنێکی پێشمەرگە
- ل.١٨– تاسەباری یا وتاری شۆڕش؟
- ل ٢٠– ژنان لەم بزووتنەوەیەدا ڕێبەرن
- ل ٢٢–شۆڕشی ژینا، نوقتەگۆڕانێکی مێژوویی
- ل. ٢٣– ژنێک پراوپڕ لە هیوای وەدینەهاتوو
- ل.٢٤– شڵەژانی شار و خۆفی ڕێژیم و خرۆشانی ئێمە
- ل.٢٥– دایکێک بۆ نیشتمانی پێشمەرگە
- ل.٢٦– ژنێک لە چاوەڕوانی بەخشینی گیانێکدا گیانی دا
- ل.٢٧–بۆچێ کورد نەبوو بە دەوڵەت؟
- ل ٢٨– شڵەژانی شار و خۆفی ڕێژیم و خرۆشانی ئێمە


بۆ پێوەندی کردن
بە یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران:y.jnan.dk.@gmail.com
009647518770093

بۆ پێوەندی کردن بە بەڕێوەبەرانی گۆڤاری «ژنان»
009647502137109


## دەستەی بەڕێوەبەریی گۆڤاری «ژنان»

بەڕێوەبەری گۆڤار:
نەسرین یوسفزادە

### نووسەرانی ئەو ژمارەیە

نەسرین یوسفزادە
ڕەسووڵ سوڵتانی
حەسەن حاتەمی
شەونم هەمزەیی
شنە درودگەر
ڕۆژە عەزیزی
هەردی سەلیمی
ئاسۆ مینبەری
موژگان عەلیپوور
هەردی سەلیمی
مینا سوڵتانزادە
ئێران ڕەشیدی
شەهرام سوبحانی
و..... چەند هاوڕێی دیکە

### هاوکارانی ئەو ژمارەیە:

ڕەند زارعی
ئاسۆ مینبەری
شەهلا حاجیڕەحیمی

### کاری فەنی

دیزاینی ناوەرۆک:
نەسرین یوسفزادە
دیزاینی بەرگ
عەلی شەهدی


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ژن، ژیان، ئازادی!

## ئەو دروشمەی تەختی حکومەتی وەلەرزە خست

نەسرین یوسفزادە




مەسەلەی ژن و بزوتنەوەکانی ژنان لە جیهاندا، مەسەلەیەکی نوێ نییە، بەڵکو ساڵانێکی دوور و درێژە بووە بە دەغدەغەی خەڵکی سەر گۆی زەوی، بەتایبەتی خەڵکی وڵاتە پێشکەوتووەکان. ئەو دەغدەغەیە لەو سەردەمەی ئێمەدا گشتگیربووە بەتایبەت ئێستا کە لە ئێران و ڕۆژهەکاتی کوردستان شۆڕشێک بە ناوی شۆڕشی ژن هاتووەتە ئاراوە.

ئەگەر لە کۆتای سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتاکانی سەدەی بیستەم دا ئەم مەسەلەیە تەنها بیر و هزری بەشێک لە ژنان بوونیان لە دنیایی پیشەسازی و یەکسانی نێوان ژن و پیاو بوو، بەڵام لە شەڕی جیهانی دووەم بۆ دواوە ڕەهەندێکی مرۆی لەخۆ گرت و ژنانی زۆرینەی چین و توێژەکۆمەڵایەتییەکان بە هەموو شێوەیەک مەیلیان بۆ ئازادی و یەکسانی پەیدا کرد و ئەو ویست و داخوازییە بۆ وڵاتە تازە گەشەکردووەکانیش ڕاکێشرا.

بزوتنەوەی ژنان و هەوڵدان بۆ بە دەستهێنانی مافەکانیان جا چ مەدەنی و چ سیاسی و چ مافە کۆمەڵایەتییەکانیان، چەندین ساڵە درێژەی هەیە و سەری زۆر لە ئەنجوەن و ڕێکخراوەکانی تایبەت بە ژنانی گەرم کردووە. هەڵبەت دەکرێ لێرەدا ئاماژە بەوە بکەین زۆرێش لەو ڕێکخراوە و سازمانانە بۆ وەدیهاتنی مافی یەکسانی و بەدەستهێنانی ئەو ویستە درێغیان نەکردووە.

گەلێک لە یاساو ڕێساکانی ڕابردوو کە تەنیا بۆ پەراوێزخستنی ژنان لە مەیدانە و بۆ کارا کردنی کۆمەڵگەی مەدەنی ڕێکخرابوو، چووە ژێر پرسیارەوە و کۆمەڵگەی پیاوسالاری چیتر نەیتوانی بە تەنیا وەڵامدەرەوەی پێداویستیەکانی تەواوی مرۆڤەکان بە گشتی ژنان و پیاوان بێت.

ئێستا کە لە ئێرانی کۆماری ئیسلامی یەکێک لە کاتە هەستیارەکانە و ڕێژیم وە پەلەقاژە کەوتووە و هەر ڕۆژێک و بە شێوازێک خۆی دەردەخا جا لە بڕیاری لابردنی حیجابی زۆرەملی بگرە تا لابردنی گەشتی ئیرشاد و بەهەر شێوەیەک بێ هەوڵ دەدا براوەی ئەو مەیدانە بێ و ئەگەر براوەش نەبێ دەیهەوێ کێشەی سەرەکی ئەو خرۆشانە و ئەو شۆڕشە کە تا ئێستا سێ مانگە لە ئارا دایەی بکاتە کێشەی لابردنی حیجاب یان گەشتی ئیرشاد کە ئەگە بڵێین ئەو دوو کێشەیە نەبوون لەوانەیە وا نەبێ بەڵام بە دڵنیاییەوە کێشەی سەرەکی خەڵک حیجاب نییە بەڵکو ئەو شێوازە بەڕێوابەرییەی دەوڵەت بۆ داسەپاندنی حیجابی زۆرەملییە کە خەریکە ماڵی خۆیان (ڕێژیم) وێران دەکا و تەخت و تاجیان دەڕووخێنێ.

ڕۆڵی ژنان لەو شۆڕشەدا لە شەهید کردنی ژینا دەست پێ ناکا بەڵکوو شەهید کردنی ژینا بوو بە هۆکاری ئەوەی بڵێسەی ئەو ئاگرە دابگیرسێ و لە پڕ وەک بۆمبێک بتەقێ و هەموو دنیا بگرێ و هەموو ژنێک لە دنیا دا و بەتایبەت لە ئێران و کوردستاندا خۆی بە بەرپرسیار بزانێ بۆ ئەوەی ئەو دەوڵەتەی کە ئێستا بە دەوڵەتی منداڵ کوژ و ژن کوژ ناوی دەرکردووە لەسەر کار لاچێ و داهاتوویەکی گەش ببێتە دیاری بۆ ئێران.

هەڵبەت دەبێ ئاماژە بە ڕۆڵی پیاوان لەو خەباتەدا بکرێ کە بە دڵنیاییەوە پشتیوانی و پشتگەرمی پیاوان بوو کە ئەگەر لە چەند دەیەی ڕابردوودا ئەو دەوڵەتە بە هەر شێوازێک بێ جا لە زانکۆکان و خوێندنگەکانەوە کە بە هەموو شێوازێک کە توانیوییەتی دوو ڕەگەزی لێک جیا کردەوەتەوە یان لە نێو کۆمەڵگەدا کە لە پیاسەیەکی سەر شەقامەوە تا خۆشیەکی کاتی لە جێژنێکی ئاسایی بەردەوام بەربەستی داناوە و هەروەها میدیا و سوشیاڵمیدیای کردووەتە شوێنێک بۆ داسەپاندنی ئەوەی کە لە بیری و هزری دواکەوتووی خۆیدا تێدەپەڕێ و هەمووکات هەوڵی داوە کە پیاو بە ڕەگەزی باڵاتر و باشتر و ژن بە ڕەگەزی لاواز و ژێردەست و ژێر چەپۆک دەربخا، بەڵام بۆخۆی لەو شۆڕشەدا کاتێک کە هاوژینی فریشتە ئەحمەدی بە دەنگی بەرز لەسەر مەزاری هاوژینەکەی بە دەبگی بەرز بەرگری لە خۆشەویستەکەی کرد و کۆماری ئیسلامی بە قاتڵی فریشتە ناو هێنا و ئەوە نموونەیەک بوو کە بۆی دەرکەوێ براوەی ئەو یارییە مرۆڤایەتییە نەوەک ڕەگەز.

هەر ئێستا بە دەیان کەسی لە زیندانەکان کردووە و هەر جارێک و خەبەری لەسێدارەدانی کەسێک بڵاو دەبێتەوە یان ئەوەی دەیان کوڕ و کچ کە لە زینداندا دەستدرێژیان دەکرێتەسەر و بە دەیان شێوە بێڕێزیان پێ دەکردرێ.

تیرۆری بەکۆمەڵی جەماوەری ڕاپەڕیو لە شارە کوردییەکانی وەک جوانرۆ، مهاباد، بۆکان، شنۆ و سنە و سەقزی ژینا هەمووی لە ڕقی ئەو جەماوەرە گەورەیە بووە کە بوو بە چقڵ بۆ چاوی. کە ئەو بە ئێعدامی لاوەکان تۆڵەی دەکاتەوە.

کوشتنی کیانی منداڵ و خودانوور کە برای چەند خوشک بوو و تەنانەت ناسنامەی نەبوو دڵی هەموو جیهانی هێنا ئێش تا ئەو ڕادەیەی چەندین تابلۆ لە ئازاردانەکانی خودانوور بوو بە شانۆ و کەوتە بەر دیدی خەڵک لە شەقامەکانی ئورووپا و کاردانەوە زۆر باشی بوو.

ئەو شۆڕشە بە دروشمی ژن ژیان ئازادی دەستی پێکرد سێ وشە کە کۆماری ئیسلامی هەموو کات لێی ترساوە و سڵی لێ کردووە وشەی ئازادی وشەیەکە کە بە یەکەم پیتی ئەلف و بێ دەست پێدەکا و بە کۆتا پیت کۆتایی دێ، لەو نێوانەدا وشەی (زاد) هەیە کە بە مانای بوون و هاتنە دنیا و ژیانە و لە نێو مرۆڤەکاندا ئەوە تەنیا ژنە کە ژیان دەبەخشێ بۆیە پێویستە و دەبێ ژن ئازادی ببێ و ئەوە ڕێک بە دژی ویستی ئەو دەوڵەتەیە کە لە یەکەم ساتەکانەوە ژنی داپۆشی. ژیانی لە خەڵک ساند و ئازادی لە مەیدانێکی تاراندا زیندانی کرد.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# دەسکەوتەکانی شۆڕشی ژینا

## دەرکرانی ڕێژیمی دژەمرۆڤ لە کۆمیسیۆنی پێگەی ژنانی نەتەوەیەکگرتووەکان



ڕەسووڵ سوڵتانی

دیپلۆماسیی وڵاتان بەتایبەتی زلهێزە سەرمایەدارەکان و پەیوەندییەکانیان لەگەڵ وڵاتاندا، بەر لەوەی گرێدراوی کۆمەڵێک باس و بابەتی وەکوو مافی مرۆڤ و دیموکراسی و ئازادی بێت و لەسەر بوون یان نەبوونی ئەو شتانە پەکی بکەوێت، سەرلەبەری لەسەر پرسی بەرژەوەندی دامەزراوە. هەر ئەوەی کە دەڵێن لە سیاسەتدا نە دۆستی تاهەتایی هەیە و نە دوژمنی تاهەتایی، زیاتر لەسەر ئەو بنەمایەیە کە سیاسەت لەسەر بنەمای بەرژەوەندییەکان دادەمەزرێ و دادەڕێژرێت. هەر بۆیەش ئەو کەس و لایەنانەی کە ڕوانگە و تێگەیشتنێکی ڕۆمانتیکیانەیان بۆ ڕووداو و واقیعەکانی گۆڕەپانی سیاسەت هەیە، هەرگیز ناتوانن لێکدانەوەیەکی دروست و بەجێیان هەبێت و، هەموو جارێ وەختێک بەخەبەر دێن، کە کورد واتەنی دەمێکە کەوڵەکە ئاو بردوویەتی.

هاتنە سەرکار و بەردەوامبوونی کۆماری ئیسلامی کە تا ئەم دەموساتەش هەر لەسەر کارە، پەیوەندیی بە بەرژەوەندیی زلهێزەکانەوە هەبوو. لە چل و سێ ساڵی ڕابردوودا کۆماری ئیسلامی هیچ شوێنێکی ئەم دونیایە نەماوە یان تیرۆرێکی لێ نەکردبێ، یان پشتی تیرۆریستێکی نەگرتبێ. لە چلوسێ ساڵی ڕابردوودا پەروەندەی هەموو جینایەتەکانی ڕێژیم بە بەڵگەی حاشاهەڵنەگرەوە لە بەر دەستی کۆڕ و کۆمەڵی نێودەوڵەتی و ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان و کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤی سەر بەو ڕێکخراوەدا بووە، بەڵام جگە لەوەی جاروبار لە پێناو وەرگرتنی کۆمەڵێک ئیمتیازدا بە ڕاگەیەنراوێک مەحکوومیان کردووە، هیچ هەوڵێکی لێبڕاوانە و کاریگەریان نەداوە. بۆچی؟ چونکە تەواوی ئەو شتانەیان بە پرسی ناوخۆی ئێران زانیوە، تا ئەو جێیەی کە کێشەی بۆ بەرژەوەندیی ئەوان ساز نەکردبێ، بە گرفتی خۆیانیان دانەناوە و ئەو چەند ڕاگەیەنراوەش کە جاروبار بڵاویان کردوونەتەوە، هەم ئیمتیازیان پێ وەرگرتووە، هەمیش شتەکەیان بەوجۆرە لە ئەستۆی خۆیان داڕنیوە، بەتایبەتی وەختێک کە دیتوویانە گەلانی ئێران هێشتا ئەگەر بەشێوەی شانۆیەکیش بێ لە شانۆی هەڵبژاردنەکانی ڕێژیمدا بەشدارن و، هێشتا شێلگیرانە نەهاتوونەتە شەقام تا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییش بەدەنگیانەوە بێن. بەڵام لەگەڵ شەهیدکرانی ژینا ئەمینی و هەڵاییسانی ئاگری پیرۆزی شۆڕشی ژینادا وردە وردە ئەم باڵانسە گۆڕانی بەسەردا هات و دەنگی خەڵکی ئێران، بەتایبەتی دەنگی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بەتایبەتیتر پرسی ژن لە ئێراندا گەیشتە نێو کۆڕ و کۆمەڵ و بیروڕای جیهان و لە پەرلەمان و ناوەندە سیاسی و ڕووناکبیرییەکانی جیهاندا دەنگی داوە. شتێک کە کۆماری ئیسلامیی ئێران قەت بڕوای نەدەکرد بگاتە ئەو ئاستە.

### بزووتنەوەی ژنان لە ئێراندا

بۆ تێگەیشتن لەم ڕاپەڕینەی بە شۆڕشی ژینا ناسراوە و ژنان هێزی سەرەکیی شۆڕشەکەن، پێویستە ئاوڕێکی کورت لە بزووتنەوەی ژنانی ئێران بدەینەوە.

تا سەردەمی مەشرووتە لە ئاستی ئێراندا هیچ دەنگێکی ژنانە نابیسرێ. تەنانەت شاعیرە ژنەکانیش بە دەنگ و زمانێکی پیاوانە دەنووسن و دەدوێن. ژن لە شیعری پیاواندا تەنیا مەعشووقێکی قەدباریکی چاوپیاڵەی لێوقەیتان و لێوخونچەی تاووس ئاسایە. ژن لە کۆمەڵگەی ئێراندا پاشکۆی ژیانی پیاوانە و بەگوێرەی ڕێوشوێنی ئایینی و مەزەبی دەجووڵێتەوە و هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکرێ. پرسی جلوبەرگ و خۆداپۆشین و ئەوەی پێی دەگوترێ حیجاب، تا سەردەمی مەشرووتەش هیچ پرس و باسێکی لە نێو کۆڕ و کۆمەڵی ئێرانییەکاندا نییە. وێدەچێ ژنان تەواو پێملی بڕیاری پیاوان و فەرمان و ڕێوشوێنەکانی ئایین بووبێن.

یەحیا ئاریەنپوور لە کتێبی «از صبا تا نیما»دا دەڵێ: لە سەرانسەری پاشایەتیی قەجەردا، باسی ژن و ماف و ئازادییەکانی ژن هەر لە گۆڕێ نەبووە، ئەوەندە نەبێ جاروبار بەشێوەی لاوەکی قسەیەکی لێ کراوە؛ ژنانی ئێران تەنانەت لەبەرچاوی کوڕ و ئامۆزا و خاڵۆزاش دەموچاوی خۆیانیان دادەپۆشی و وەختێک لە ماڵ دەچوونە دەرێ، پانتۆڵێکیان لەپێ دەکرد کە پێی دەگوترا «چاقجوور» و چارشێویان بەسەر خۆیاندا دەدا و پەچە و ڕووبەندیان دەبەست. خۆ ئەگەر ژنێکیش ئەو شتانەی ڕەچاو نەکردبایە، وەکوو ژنێکی بێشەرم و سووک و بێئابڕوو سەیری دەکرا.» لە سەردەمی مەشرووتەدا پاش ئەوەی ڕووناکبیرانی ئێرانی لە فەڕەنگ دێنەوە، وردە وردە ئەو باسانە دێنە گۆڕێ. ئاریەنپوور دەڵێ بەرپرسانی دەوڵەت ئەو کات مۆرک و تۆمەتێکی کە دەیاندایە پاڵ ئازادیخوازان، ئەوە بوو کە دەیانگوت ئەوانە لایەنگری سەر ڕووتکردن و فڕێدانی چارشێون. ئەو تۆمەتەشیان بۆیە دەدانە پاڵ تا خەڵک بە چاوی کەسانی بێدین سەیریان بکەن و بڵێن ئەوانە ئیمانیان لاوازە و ئیدی ڕوویان نەدەنێ و پشت بکەنە مەشرووتە و مەشرووتەخوازان.

تەنانەت یەکەم جار وەختێک ژنە ڕووناکبیرێک بەناوی تاهیرەی قورەتولعەین لەسەردەمی ناسرەدین شای قەجەردا تەنیا پەچە فڕێ دەدا، ناوی دەکەوێتە سەر زار و زمانان و لە هەموو تاراندا بە خراپ ناوی دێنن، بەڵام چونکە هاوکات کچی پادشاش ئەو کارە دەکات، ئیدی لە هەڕەشە و هێرش دەپارێزرێت.

نفووز و دەسەڵاتی گوتاری پیاوانی ئایین تا ئاستێک بوو، کە ساڵی ١٣١٤ وەختێک ڕەزا شا فەرمانی فڕێدانی چارشێو و لەچک دەدا و وەکوو یاسا پەسند دەکرێ، بەربەرەکانییەکی زۆر توند دەکرێ و تەنانەت لەو بەربەرەکانێیەدا بەشێکی زۆر لە ژنانی ئێرانی پشتیوانی لە گوتاری پیاوانی ئایین دەکەن.

لە شۆڕشی گەلانی ئێراندا کە بە گوێرەی لێکۆڵینەوەکەی سەنا ساریان ٦٧ لەسەدی ئێران خوێندەوار بوون، کەچی توێژی نەریتیی ژنان پشتیوانییان لە بەرنامە و گوتاری خومەینی و پەیامەکانی کرد، ئەگەرچی ژنە خوێندەوار و ڕووناکبیرەکانی ئێران، بەتایبەتی ئەوانەی بیری ئازادیخوازانە و چەپگەرایانەیان هەبوو، ملیان بۆ ئەو گوتارە ڕانەکێشا. پاش ساڵی ٥٧ یەکەم یاسایەک کە لە پەیوەندی لەگەڵ جلوبەرگی ژناندا پەسند کرا، مادەی ١٠٢ی یاسای سزادان بوو، کە دواتر بەشێوەی بڕگەیەک لە مادەی ١٤١ی یاسای سزای ئیسلامیی پەسندکراوی ١٣٥٧ زیاد کرا. حیجابی زۆرەملی لە ئێراندا لە ساڵی ١٣٦٢ـەوە و لە مەجلیسی شووڕای ئیسلامی و بە پەسندکرانی سزا ئیسلامییەکان بۆ

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕەچاوەنەکرانی حیجاب لە شوێنە گشتییەکان و دەسنیشانکردنی سزاکانی ئەو یاساشکاندنە بە کردەوە جێبەجێ کرا. بەڵام بەشێک لە ژنانی ئێران کە شان بە شانی پیاوانی ئەو وڵاتە لە شۆڕشی دژی شادا بەشدارییان کردبوو، ئامادە نەبوون مل بۆ ئەو یاسا و حوکمانە کەچ بکەن، بۆیە دژی ئەو یاسایانە خۆپێشاندانیان کرد. ڕۆژێک پێش هەشتی مارسی ساڵی ١٣٥٧ لە حاڵێکدا کە دەستە و گرووپە سیاسییە جۆراوجۆرەکان خۆیان بۆ یەکەم ڕێوڕەسمی ڕۆژی جیهانیی ژن لە ئێراندا ئامادە دەکرد، ڕۆژنامەی کەیهان بەو سەردێڕەوە بڵاو بۆوە: «ژنان دەبێ بە سەرپۆشەوە بچنە ئیدارەکان». ئیتر پاش ئەوە خۆپێشاندانی نارەزایەتی لە شارەکانی دیکەی ئێرانیش دەستی پێ کرد و هێزە چەکدارەکانی رژیم لەو ڕۆژەوە دەستیان کرد بە سەرکوتی ژنان.

لە ساڵی ٢٠١٨ــەوە نارەزایەتیی ژنانی ئێران لە شارەکانی وەکوو تاران و ئیسفەهان و کەرەج و شیراز قۆناغێکی دیکەی بڕی و دەستەواژەی ژنانی شەقام، یان کیژانی شەقام کەوتە سەر زاران. بەڵام لەگەڵ کوژرانی ژینا ئەمینی، ئەو دەنگە واتە دەنگی ژنان لە ئاستی ئێران و بەتایبەتی لە کۆمەڵگەی کوردستاندا تەقییەوە و دەکرێ بڵێین بۆ یەکەم جار لە مێژووی ئێراندا ژنان نەک شان بە شانی پیاوان، بگرە لە پێشەوەی پیاوان بوونە سەرکردەی خۆپێشاندان و ڕاپەڕینەکان.

## کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و پرسی مافی مرۆڤ

ئەگەر مەسەلەی مرۆڤ و پرسی مافەکانی مرۆڤ لە ئاستی نێودەوڵەتیدا بابەتێکی گرینگ بوایە و، کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤی نەتەوەیەکگرتووەکان شێلگیرانە لەو بابەتەی کۆڵیبایەوە، بە دڵنیاییەوە کۆماری ئیسلامی نەدەبوو تەنانەت یەک ڕۆژیش لەو کۆمیسیۆنەدا ئەندام بێت. ڕێژیمێک کە لە دەستووری بنەڕەتیی وڵاتەکەیدا بێڕێزی بە ژنان دەکا و و لە یاسای دادوەری و یاساکانی سزاداندا بە ئاشکرا ژن بە نیوەی پیاو دادەنێ، چۆن دەبوو لەو کۆمیسیۆنەدا نوێنەری هەبێ؟

ئێستاش لە یاساکانی ئێراندا، بە دوو ژن لە شایەتیدا حیسابی پیاوێکیان بۆ دەکرێ و لە میراتیشدا دوو خوشک میراتی برایەکیان پێ دەبڕدرێ. تەنانەت لە پرسی قەساس یان تۆڵەشدا ئەگەر پیاوێک ژنێک بکوژێ، خوێنبایی نیوەمرۆڤێکی لێ دەستێنن. جگە لەوەی لەو چلوسێ ساڵەدا چەندین حوکمی سەنگساری ژنان لەو وڵاتەدا جێبەجێ کراون. وەها ڕێژیمێک چۆن دەبوو لەو کۆمیسیۆنەدا بەشدار بێت؟ بەڵام پاش شۆڕشی ژینا، ئەوە کۆمەڵگەی



نێودەوڵەتی بوو کە لە بەرانبەر ویست و داخوازی گەلانی ئێراندا پاشەکشەی کرد و، لانیکەم ئاوڕێکی لە پرسی ژنانی ئەو وڵاتە دایەوە. شۆڕشی ژینا، دەنگی بێبەشیی ژنانی ئێرانی کردە بابەتی سەرەکیی نێو پەرلەمانی وڵاتان و کۆڕ و کۆمەڵی سیاسی و ڕۆشنبیری. هەر لەو سۆنگەیەوە بوو کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی سەرەڕای هەوڵی وڵاتگەلی وەکوو ڕووسیا و چین و چەند دۆستێکی دیکەی ئێران، بەڵام ئەمجارە نەیتوانی ئەم بەشە لە مافی مرۆڤ لە ئێراندا لەبەرچاو نەگرێ و بە نەوت و بەرژەوەندیی دیکەی ئابووری و سیاسی بیگۆڕێتەوە، چونکە ئەگەر وەها کارێکی کردبایە، دەبوو بە ڕیسواییەکی گەورە و، ئەوەی چلوسێ ساڵە ساتوسەودای پێ دەکەن، دەبووە پەڵەی نێوچاوانیان.

هەڵبەت پێش ئەم دەستکەوتەی شۆڕشی ژینا، پەسندکرانی دامەزراندنی کۆمیتەی دۆزینەوەی ڕاستییەکان، دەسکەوتێکی دیکە بۆ خەڵک و ڕاچڵەکینێک بوو بۆ کۆماری ئیسلامی. ئەگەرچی بەڵگەی جەنایەتەکانی کۆماری ئیسلامی هێندە ئاشکران، کە نە پێویستیان بە خۆزەحمەتدانە و نە بە لێکۆڵینەوە، چونکە هەموویان حاشاهەڵنەگرن و کۆماری ئیسلامییش نەک نکۆڵی بگرە داکۆکیشیان لێ دەکات.

شۆڕشی ژینا، جگە لەوەی دەنگی خەڵکی ئێران بەتایبەتی ژنانی نێو ئێران و کوردستانی کردووەتە بابەتی سەرەکیی کۆڕ و کۆمەڵ و بیروڕای گشتیی نێودەوڵەتی و میدیا جیهانییەکان، لەلایەکیش دەهۆڵی ڕیسوایی ڕێژیم و داشدیارەکانی ئەو جەللادانەی کوتاوە تا ئاستێک کە یەکێک لەو پشتیوانانەی ڕێژیم پشتی پێی گەرم بوو، واتە وڵاتی چین لە سۆنگەی ئەو شۆڕشەوە هەستی بە باری لاری ئەو ڕێژیمە کرد و، جگە لەوەی خاوەندارییەتیی وڵاتی ئیماڕاتی لەسەر سێ دوورگەکەی کەنداو بە فەرمی ناسی، کۆمەڵێک پرۆتۆکۆل و گرێبەستی ئابوورییشی لەگەڵ وڵاتانی کەنداو واژۆ کرد، کە سەرلەبەری ئەو شتانە دەکرێ بە دەسکەوتی شۆڕشی ژینا و نیشانەی باری لار و دۆخی نالەباری ڕێژیم لەقەڵەم بدەین.

هەڵەیەکی گەورەیە ئەگەر پێمان وابێ دونیا تازە کۆماری ئیسلامیی ناسیوە. نەخێر، دونیا هەر لە سەرەتاوە ئەوانەیان ناسیبوو. مەگەر لەو چلوسێ ساڵەی ڕابردوودا لە تەقاندنەوەی بنکەی جوولەکەکان لە ئارژانتینەوە تا تیرۆری دژبەرانی خۆیان لە دەرەوەی وڵات و وەڕێخستنی قەتڵەزنجیرەییەکان و دەیان و سەدان جەنایەتی دیکە و پشتیوانی لە تاقم و گرووپە تیرۆریستییەکانی لوبنان و فەلەستین و یەمەن و بەحرین و عێراق و مووشەکبارانکردنی خەزێنەکانی سووتەمەنیی سعوودیە و مووشەکبارانکردنی حیزبی دیموکرات و هەولێر تەنیا ئێمە بیستوومانن و خەڵکی جیهان و کۆمەڵی نێودەوڵەتی لێیان بێخەبەر بووە؟ نەخێر، ئەوان زۆر لە ئێمە باشتر ئاگاداری زۆر لەوە زیاتری کردەوەی تێکدەرانەی کۆماری ئیسلامی بوون و هەن، بەڵام بەگوێرەی بەرژەوەندییەکانیان لاواندوویانەتەوە و ئیمتیازیان پێ داوە و ئیمتیازیان لێ وەرگرتووە. ئێستاش کە لەو کۆمیسیۆنە دەرکراوە، ئەوە نەبێ تازەیان ناسیبێ، بەڵکوو پەرەگرتنی دەنگی نارەزایەتییەکانی ئێران و تەنینەوەی بیروڕای گشتییە. هەر بۆیە هەنگاوی داهاتوو پێویستە بەرەو دەرکرانی باڵیۆزە تیرۆریستەکانی ڕێژیم و داخرانی ژارگە و هێلانە سیخوڕییەکانیان بێ لە وڵاتان.

چونکە ئەگەر وڵاتانی جیهان پشت بکەنە کۆماری ئیسلامی و تەواو گۆشەگیری بکەن، بە دڵنیاییەوە خەڵکی ئێران بۆخۆیان مشووری دەخۆن و دەیخەنە زبڵدانی مێژووەوە. بەڵام ئەوە دیسان هەر خەڵکی ئێرانن، کە بە مانەوەیان لە گۆڕەپانی شۆڕش و شەقامەکانی ئێراندا پێویستە کۆمەڵی نێودەوڵەتی ناچار بکەن ئەو بڕیارەش بدات.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



دیمانە:
شەهلا حاجی‌رەحیمی

# سنووربەزاندنەکانی ئێران لە وڵاتەکانی تر لە ڕوانگەی یاساوە:

## دیمانەیەک لەگەڵ عومەر باڵەکی ئەندامی ڕێبەریی حدکا



**هیچ هەنگاویەک بۆ سەرمایەدانان لە نێوخۆی ئێران هەڵنەگرن و لە هەمان کاتدا پرۆژەی دەست وێراگەیشتن بە چەکی ناوەکی لە کۆماری ئیسلامی ئێراندا وای لە کۆمەڵگەی جیهانی بە تایبەتی وڵاتانی ڕۆژئاوایی کردووە کە بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ ئابڵۆقەی ئابووری بخەنە سەر ئەو وڵاتە**

**١- لە ڕۆنگەی بەڕێزتانەوە چ لە ڕووی ئەمنی و چ لە ڕووی ئابووری و چ لە ڕووی کۆمەڵایەتی دۆخی ئێران چۆن هەڵدەسەنگێنن؟ پێتان وایە ئێران وەک وڵاتێکی ئاسایی بەڕێوە دەچێ یان نا؟**

وڵام: نیزامی کۆماری ئیسلامی ئێران هەر لە سەرەتای بە دەستەوە گرتنی دەسەڵات لە ئێران هەتا ئێستاکە نەیتوانیوە لە بواری سیاسی وئابووری وتەنانەت کۆمەڵایەتیەوە سەقامگیربێ. هۆکاری ناسەقامگیری سیاسی وئابووری نیزامی کۆماری ئیسلامی دەگەڕێتەوە بۆ شێوەی تیروانی دەسەڵاتدارانی ئەو نیزامە بۆ پرسە سیاسی وئابوورییەکان کە ئەو شێوە تێروانینە لە ماوەی ٤٣ساڵی ڕابردوو دا هەم لە نێو خۆی ئێران وهەم دەرەوەی سنوورەکان کێشەی سیاسی وئابووری بۆ ئێران دروست کردووە بە چەشنێک کە لە بواری سیاسییەوە لە پێوندییە نێو دەوڵەتییەکان بە چاوی گومانەوە دەروانە کارو کردەوەکانی دەسەڵاتدارانی ئێران وئەوە ڕاستەوخۆ کاریگەری کردۆتە سەر باردۆخی ژیانی خەڵک لە نێوخۆی ئێران، بە واتایەکی دیکە بە هۆی سیاسەتی هەڵەی هەناردە کردنی شۆرش بۆ دەرەوەی سنوورەکان و دەست وەردان لە کاروباری نێوخۆی وڵاتانی دووروبەر ودروست کردن و پێکهێنانی تاقمی تێرۆریستی بناژۆخواز وای کردووە کە سەرمایەگوزارانی وڵاتانی پێشکەوتووی پیشەسازی هیچ هەنگاویەک بۆ سەرمایەدانان لە نێوخۆی ئێران هەڵنەگرن و لە هەمان کاتدا پرۆژەی دەست وێراگەیشتن بە چەکی ناوەکی لە کۆماری ئیسلامی ئێراندا وای لە کۆمەڵگەی جیهانی بە تایبەتی وڵاتانی ڕۆژئاوایی کردووە کە بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ ئابڵۆقەی ئابووری بخەنە سەر ئەو وڵاتە کە ڕاستەوخۆ کاریگەری کردۆتە سەر ژیانی ئاسایی خەڵک وبۆتە هۆی ناسەقامگیری ئابووری لە نێو خۆی ئێران بە چەشنێک کە بە پێی ئامارەکانی خودی حکومەت لە حالی ئێستادا نزیک بە ٧٠لەسەدی خەڵکی ئێران لە ژێر خەتی هەژاری دا دەژین و کۆمەڵگەیەکی بەو جۆرە بەهەزاران نەخۆشی کومەڵایەتی وەک جیابوونەوەی ژن ومێرد، گیرۆدە بوون بە ماددە هۆشبەرەکان، پەرەگرتنی دیاردەی لەش فرۆشی، پەرەگرتنی شەروئاژاوەی جۆراوجۆر لە نێو تاک وکۆی کۆمەڵگە.... سەریان هەڵداوە. بۆیە ئێران وەک وڵاتێکی ئاسایی بەڕێوە ناچێ چونکە لە ڕاونگەی دەسەڵاتدارانی تارانەوە کۆمەڵگەی ئێران سەغیرە واتا پێویستی بە چاوەدێر وسەرپەرەست هەیە بۆیە ڕێبەری کۆماری ئیسلامی ئێران نوێنەری ئیمامی زەمانەولە ڕێگای ئەوەوە نوێنەری خوایە لەسەر زەوی ووەلی ئەمری موسوڵمانانە وتەنیا ئەوە مافی بیر کردنەوە وبریار لەسەر دانی بۆ چارەنووسی خەڵک هەیە.

**. سیستمی سیاسی کە لە ئێران کاری پێ دەکرەێ چ جۆر سیستمێکە؟ پێتان وایە ئەو سیستمە وڵامدەرە یان وڵامدەر بووە و دەبێ بۆ ئەو هەمو پێکهاتەیەی وا لە ئێران دەژین؟**

وڵام: هەر لەسەرەتای هاتنە سەر کاری کۆماری ئیسلامی ئێران ئەو سیستمە بۆ هەموو دنیا سیستمێکی نا ئاشنا بوو، بە چەندین هۆکار یەکەم لە گەڵ سیستمە جیهانی یەکانی باو لەو سەردەمەدا زۆر جیاوازی هەبوو بە چەشنێک کە بۆ کۆمەڵگەی جیهانی نامۆ بوو. دووهەم بنەماکانی سیستمی کۆماری ئیسلامی لە سەر پایەکانی ئاین ومەزهەبێکی دیاری کراو داڕێژاوە کە ئەو جۆرە سیستمە بە چەندین سەدەیە لە لایەن کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیە بە مێژوو سپێردراوە. واتا لە سەدەکانی ناوەراست ودوای شۆرشی ڕێنسانس لە ئوروپا ئاین ومەزهەب بە شێوازی سیستمی کۆماری ئیسلامی لە هیچ وڵاتێک دەسەڵاتی سیاسی بەدەستەوە نەبووە. سێهەم لە نیزامی ئێستای ئێران دا سیستمی کۆماری وئیسلامی بەدوای یەک دا بوونە پێناسەی سیستمی سیاسی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



ئێران کە هەر ئەو پێناسەیە لە بنەرەتەوە ناتەبایی تێدایە چونکە سیستمی کۆماری لە سەر ئەساسی باوەردار بوون بە دەسەڵاتی خەڵک دادەمەزرێ واتا لە سیستمی کۆماری دا دەسەڵات لە لایەن خەڵکەوە دەست نیشان دەکرێ ولە هەمان کاتدا هەر لە لایەن خەڵکەوە پرۆسەی دەستاودەست کردنی دەسەڵات بەڕێوە دەچێ، بەڵام لەو سیستمە کە لەسەر بنەماکانی دین ومەزهەبێک دامەزراوە هەموو یاسا وڕێساکان کە کۆمەڵگە لەسەریەتی بەڕێوەیان بەرێ لە دەسەڵاتی مرۆڤەکان بەدەرە ولەو سیستمەدا قانووندانەر بە پێی ئەو یاسایانە قانوون دادەڕێژێ کە بە هەزاران ساڵ لەوە پێش کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی کاریان پێ کردوون و لەبەر ئەوە بە قانوونی ئیلاهی ناسراون مرۆڤەکان مافی ئەوەیان نییە دەست کاریان بکەن ئەو لە حاڵێک دایە کە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بە رادەیەک پێشکەوتووە کە بۆ تەنزیم کردن ونەزم پێدانی کۆمەڵگە هەموو ساڵێک پێویستی بە قانوونی نوێ دەبێ. چوارم سیستمی کۆماری ئیسلامی ئێران لە بواری ساختاری دەسەڵاتەوە بە تایبەتی دەسەڵاتەکانی ڕێبەری ئەو نیزامە هیچ جیاوازیەکی لە گەڵ نیزامی پێش خۆی واتا نیزامی پاشایەتی نییە. لە هەر دوو نیزام دا ( پاشا وڕێبەر) بە پێی ئەسل ومادەکانی قانوونی بنەرەتی ئێران نوێنەری خوا لەسەر زەوین ولە بەرانبەر قانوون دا بەرپرسیار نین وقسە وکرداریان قانوونەو دەبێ جێبەجێ بکرێ وتەنیا خۆیان سەڵاحییەتی ئەوەیان هەیە ئەو قانوونانە هەڵبوەشێننەوە. بۆیە٤٤ساڵ لەوە پێش گەلانی ئێران بە دژی ڕێژیمی پاشایەتی ڕاپەڕین وڕوخاندیان ولە حاڵی ئێستاش دا دەبینین دوای ٤٣ساڵ دەسەڵاتداریەتی نیزامی کۆماری ئیسلامی بۆ جارێکی دیکە گەلانی ئێران ڕاپەڕیوەن وخوازیاری لابردنی دەسەڵاتداریەتی نیزامی کۆماری ئیسلامین، چونکە نیزامی کۆماری ئیسلامیش وەک نیزامی پاشایەتی ولامدەری نیازەکانی گەلانی ئێران نەبووە.

**٢- سیاسەتی حیزبی دێموکرات لەگەڵ ئەو نیزامە چییە؟ وەک دەزانین لە دوو نیزامی سیاسی یەک لە دوای یەکدا نەیانتوانیوە مەشرووعیەتی خۆیان لە کوردستان وەرگرن و حیزبی دێموکراتیش وەک حیزبێکی بە ئەزموونی نیزیک بە یەک سەدەی کاری سیاسی بە چ هۆکارێک لەگەڵ ئەو سیستمانە ناگونجێ؟**

وڵام: حیزبی دێموکراتی کوردستان هەر لە ڕۆژی دامەزرانییەوە بە پێی هەموو بەڵگەکان ومێژووی پڕ لە هەورازونشێوی سەلمێنەرەی ئەوەیە کە باوەری بە مافی دیاری کردنی چارەنووسی گەلی کورد بووە وهەیە وبە پێی هەلومەرجی خەبات لەو چوارچێوەدا ستراتیژی خەباتی خۆی دارشتووە وبۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی هەموو کات لەسەر ئەو باوەرە بووە کە چارەسەر کردنی پرسی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان بە گشتی و لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی لە ڕێگای ئاشتیانە پێویستە چارەسەر بکرێ، بەڵام بە داخەوە دەسەڵاتدارانی زاڵ بەسەر کوردستان بە گشتی ودەسەڵاتدارانی تاران بە تایبەتی بە جیگای ئەوە لە ڕێگای ئاشتیانەو لەسەر مێزی وتوویژ پرسی کورد لە گەڵ لایەنی کوردی تاوتوی بکەن وڕێگا چارەی بۆ بدۆزنەوە، ڕێگای شەر وسەرکوتی نیزامیان دەرحەق بە ویست وداخوازییەکانی گەلی کورد گرتوتەبەرو ماوەی ٤٣ساڵە بە فتوای خومەینی ئەو شەرە ماڵوێرانکەرە بەرۆکی خەڵکی کوردستانی گرتووە وهەتا ئێستا بەردەوامە وحیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەک هێزی سەرەکی بزوتنەوەی کورد لەو پارچە لە کوردستان ئەرکی دیفاع لە مان ومەوجودییەتی گەلی کوردی کەوتوتە سەر شان وهەتا ئێستا زیاتر لە ٥٠٠٠پێنج هەزار کادرو پێشمەرگە و ئەندامی لەو ڕێبازەدا لێ شەهید بووە و تەنانەت لە مەیدانی شەر وبەربەرەکانی زیاتر لە ٣٠ئەندامی ڕێبەری حیزب شەهید بوون کە لە نێویاندا شەهیدانی ڕێبەر شەهید پێشەوا قازی مەحمەد، دوکتور قاسملوو، دوکتور شەرفکندی دەبیندرێ.

ئەگەر چاو بە مێژووی خەباتی ئەو ٤٣ساڵەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا بخشێنین بە باشی بۆمان دەردەکەوێ کە ویست و داخوازیەکانی گەلی کورد هیچ جیاوازیەکیان لە گەڵ ئامانجەکانی حیزبی دێموکرات دا نییە، هەر بۆیە لە دوای ڕوخانی حکومەتی پاشایەتی کاتێک خومەینی ودارودەستەکەی لە هەوڵی ئەوەدا بوون لە پرۆسەیەک دا بە ناوی ڕێفراندۆم سیستمی سیاسیی ئێران بە هێنانی ئەو پرسیارە لە نێوان سیستمی پاشایەتی وکۆماری ئیسلامی، گەلانی ئێران کامیان هەڵدەبژێرن، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەک حیزبی پێشرەوی کورد ئەو پرۆسەییە بایکۆت کرد و گەلی کوردیش هاودەنگ لە گەڵی حیزبی دێموکرات پرۆسەی بە ناوی ڕیفراندۆم بۆ دیاری کردنی سیستمی سیاسیی داهاتووی ئێرانی بایکۆت کرد و ئەوە سەرەتایەک بوو کە هەتا ئێستا نیزامی کۆماری ئیسلامی نەتوانی لە کوردستان سەقامگیری سیاسیی بۆ خۆی دەستەبەر بکا. بە واتایەکی دیکە لە لایەک نیزامی کۆماری ئیسلامی نیزامی دڵخوازی گەلی کورد نەبووە بۆیە ئەو نیزامە هیچ پێگەیەکی لە نێوکۆمەڵگەی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا نییە ولە لایەکی دیکەوە دەسەڵاتدارانی ئەو نیزامە بە چاوی ئەمنییەوە هەتا ئێستا ڕوانیویانە بۆ پرسی کورد لە ئێران. هەر بۆیە ڕۆژلەگەڵ ڕۆژپێگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە نێو کۆمەڵگەی کوردستان بە هێزوبەهێزتر دەبێ.

**ئەگەر چاو بە مێژووی خەباتی ئەو ٤٣ساڵەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا بخشێنین بە باشی بۆمان دەردەکەوێ کە ویست و داخوازیەکانی گەلی کورد هیچ جیاوازیەکیان لە گەڵ ئامانجەکانی حیزبی دێموکرات دا نییە،**


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**نابێ لە بیرمان بچی کە سەردەمی ئێستا سەردەمی بەرژەوندیەکانە و لە پێوەندیە نێو دەوڵەتیەکان هەر دەوڵەتە بەرژەوەندی خۆی لە بەرچاو دەگرێ و بە پێی بەرژەوەندی سیاسیی و ئابووری خۆی بریار لەسەر ڕووداوە نێو دەوڵەتیەکان دەدا**

بۆچوونتان وەک حیزبی دێموکرات بە نیسبەت نیزامی سیاسی داهاتووی ئێران و کوردستان چییە؟

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ئامانجی دامەزراندنی حکومەتێکی دێموکراتیکی فیدراڵە کە لەو سیستمە سیاسییەدا مافی هەموو گەلانی ئێران بێ جیاوازی و بە پێی پێوەرە جیهانییەکان دابین بکرێ ودین وەک کرداریەکی تایبەت بە مرۆڤەکان چاوی لێ بکرێ ولە سیاسەت جیا بێ.

**٣- هەر وەک هەموو دنیا ئاگادارن کۆماری ئیسلامی ماوەی نیزیک پێنج ساڵە زیاتر بنکەکانی حیزبی دێموکراتی کردووەتە ئامانجی هاویشتنی دڕۆن و هاژەکی خۆی و لەم دوایانەدا لێدان لە حیزبەکانی تریش، بەڕای ئێوە ئامانجی ئەو لەو کارە چییە لەگەڵ ئەوەی تێچووی هەر مووشەکێک بتوانێ ئەم هەڵاوەسین و کێشە ئابوورییەی نێو ساختاری خۆی پێ چارەسەر بکا؟**



وڵام: هەروەکی پێشتر باس کرا ، نیزامی کۆماری ئیسلامی هەر لە سەرەتای هاتنە سەر کورسی دەسەڵاتداری ئێران هەر بە قەوانەکەی ڕێژیمی پاشایەتی سەبارەت بە پرسی مافەکانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لێداوە وبە جیگای چارەسەرکردنی پرسەکە بە ڕێگای ئاشتیانە کەوتنە دژایەتی گەلی کورد ولە ماوەی ٤٣ساڵی ڕابردوودا لە هیچ کردەوەیەکی دژە مرۆڤانە دژ بە گەلی کورد خۆی نەپاراستووە ولە زیندانی وئیعدام وتێرۆرەوە بگرە هەتا کەلک وەرگرتن لە چەکی جۆراوجۆر کە هیندێکیان تەنیاوتەنیا لە شەری نێوان دوو دەوڵەت دا بەکاردێن و تەنانەت بەشێک لەو چەکانە بە پێی یاسای نێو دەوڵەتی چەکی قەدەغەکراوەن کە نابێ بە دژی خەڵکی بێ دیفاع بە کار بردرێن، بەکاری هێناوە. کۆماری ئیسلامی ئێران هەر لە سەرەتاوە جیاوازی لە نێوان حیزبی دێموکرات و گەلی کورد داننـاوە و ئەو راستییە دەزانی کە ئامانجەکانی گەلی کورد لە ئامانجەکانی حیزبی دێموکرات جیاواز نین بۆیە هەر جۆرە کردەوەیەک بە دژی نیزامی کۆماری ئیسلامی لە نێوخۆ ڕوو بدا، خیرا دەسەڵاتدارانی تاران پێوەندی دەدەن بە حیزبی دێموکرات و هێزە کوردییەکانی دیکە، هەربۆیە بیجگە لە سەرکوتی خەڵک لە نێوخۆی کوردستان و بە هەموو توانای نیزامی خۆی دەکەوێتە مووشک بارانی بنکەوکەمپەکانی شوینی ژیانی بنەماڵەکانی حیزبی دێموکرات بەو مەبەستە کە ڕێبەری هەر نارەزایەتییەک لە نێوخۆی کوردستان حیزبی دێموکرات وهێزەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانن.

سەبارەت بەو بابەتە کە کە هێرشە مووشکییەکانی کۆماری ئیسلامی قەیرانی ئابووری بۆ ئەو نیزامە دەخوڵقێنی، ئەوە ڕاستە کە هەزینەی مالی بۆ حکومەت دەباتە سەرێ، بەڵام ئەوە لە نیزامێکی دێموکراتێکدا حەتمەن دەبوو بە بابەتی لێکۆڵێنەوە و لێپرسینەوە کە حکومەت بودجە وهەزینەی وڵات بۆ ئاوا بە فیرۆ دەدا، بەڵام لە حکومەتێکی وەک کۆماری ئیسلامی کە خۆی بە قیوم و سەرپەرستی خەڵک دەزانێ بە فیرۆ دانی سەروت وسامانی خەڵک بە لایەوە گرینگ نییە وتەنیا وتەنیا ئامانجی ئەوەیە لە ڕێگای هێزەوە هژموونی خۆی بسەپێنێ و بۆ ماوەیەکی زیاترتەمەنی دەسەڵاتداری خۆی درێژ بکاتەوە.

**٤- بە ڕای ئێوە بیری گشتی لە ئاستی نیودەوڵەتیدا دەتوانن ببن بە بەربەستێک کە ئێران ئەو سنوورانە نەبەزێنێ یان هێرش نەکاتە سەر سەروەری عێراق و هەرێمی کوردستان؟**

وڵام: کۆماری ئیسلامی ئێران بە پێی ئامانجی هەناردەکردنی شۆرشی ئیسلامی بۆ دەرەوەی سنوورەکانی هیچ پابەندیەکی بە یاساوڕیسا نێودەوڵەتیەکان بۆ خۆی قائیل نییە. کارو کردەوەکانی کۆماری ئیسلامی لە ماوەی ٤٣ساڵی ڕابردوودا دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە ئەو نیزامە بە خولقاندنی قەیران لە دەرەوەی سنوورەکانی خۆی هەموو قەیرانە نێوخۆیەکانی ئێرانی پەردەپۆش کردووە. کۆمەڵگەی جیهانی کە لە ماوەی ئەو ٤٣ساڵەدا بە دەست کردەوە قەیران خولقینەکانی کۆماری ئیسلامی دەناڵێنی و لە حالی ئێستادا دەیانهەوی بەربەستێکی بۆ دابنین. بەڵام نابێ لە بیرمان بچی کە سەردەمی ئێستا سەردەمی بەرژەوندیەکانە و لە پێوەندیە نێو دەوڵەتیەکان هەر دەوڵەتە بەرژەوەندی خۆی لە بەرچاو دەگرێ و بە پێی بەرژەوەندی سیاسیی و ئابووری خۆی بریار لەسەر ڕووداوە نێو دەوڵەتیەکان دەدا. ئەوەی ئێران لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا دەرحەق بە بەزاندنی سنوورەکانی عیراق کردوویەتی بە ئاشکرا پێشێل کردنی سەروەری عیراق و دەسەڵاتداریەتی هەریمی کوردستانە.

**٥- وەک دێموکرات هەزینە و تێچووی زۆرتان داوە لەو هێرشە هاژەکی و دڕۆنییانەی کۆماری ئیسلامی ئێوە تا چ ڕادەیەک پێتان وایە لەو خەباتەتاندا بە نیسبەت کۆماری ئیسلامی سەرکەوتوو دەبن؟**

وڵام: حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ماوەی تەمەنی ٧٦ساڵەی خۆی دا هەر وەکی پێشتر باس کرا بە هەموو ئەو هەورازونشیوانەی لە رەوتی خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان تووشی هاتووە لە خەبات وتێکۆشان نەوەستاوە. کۆماری ئیسلامی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



**دەبینین بە هاتنە ئارای هەر نارەزایەتیەک لە کوردستان، دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی لە ڕێگای جوراوجۆرەوە دەکەوێتە خۆ و بە هەر ڕێگایەکی لە توانای دابێ بە دژی حیزبی دێموکرات و خەباتگیرانی**

**کوردستان دەجولێتەوە، جا ئەو جولەیە بە تێرۆرکردنی ڕێبەران و کادر وپێشمەرگەکانی حێزب بێ یا بە هەناردە کردنی ماددەی سەمی و تەقاندنەوەی بۆمب بێ و یا لە ڕێگای مووشک باران وبۆمبارانی هەوایی بێت**

ماوەی ٤٣ساڵە بانگەوازی ئەوە دەکا کە حیزبی دێموکراتی لە مەیدانی خەبات دەرکردووە وئاسەواریەک لە تێکۆشانی لە کوردستان نەماوە، بەڵام دەبینین بە هاتنە ئارای هەر نارەزایەتیەک لە کوردستان، دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی لە ڕێگای جوراوجۆرەوە دەکەوێتە خۆ و بە هەر ڕێگایەکی لە توانای دابێ بە دژی حیزبی دێموکرات و خەباتگیرانی کوردستان دەجولێتەوە، جا ئەو جولەیە بە تێرۆرکردنی ڕێبەران و کادر وپێشمەرگەکانی حێزب بێ یا بە هەناردە کردنی ماددەی سەمی و تەقاندنەوەی بۆمب بێ و یا لە ڕێگای مووشک باران وبۆمبارانی هەوایی بێت بۆ دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی فەرق ناکا ئەو کردەوانە لە کوێ ولە چ قۆناخێکی زەمەنیدا بە دژی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە کار دێنن، تەنانەت لە کاتی زەربەلێدان لە حیزبی دێموکراتی کوردستان لە یادیان دەچی کە ماوەی زیاتر لە ٤٠ساڵە لە ڕاگەیاندنی خۆیاندا بە دائیم رایانگەیاندووە کە حیزبی دێموکرات و جووڵانەوەی مافخوازانەی گەلی کورد سەرکوت کراوە و بە یەکجاری تەواو بووە بەڵام دەبینین هەر لەو ماوەدا کە گەلانی ئێران ڕاپەرینێکی سەرانسەریان بە دژی دەسەڵاتدارانی تاران بە شوعاری» ژن، ژیان، ئازادی» دەست پێ کردووە و چەغماخەی ئەو ڕاپەرینە بە شەهید کردنی «ژینا ئەمینی» بە دەستی پۆلیسی ئەخلاق لە تاران و لە کاتی بە خاک سپاردنی لە شاری سەقز دەستی پێ کرد بە تایبەتی کە ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێران لە بانگەوازیدا داوای لە خەڵکی کوردستان کرد بۆ دەربرینی نارەزایەتی بە شەهید کردنی «ژینا» دوکان و بازار دابخەن و لە بە خاک سپاردنیدا بە شێوەیەکی بەربەرین بەشدار بن کە بەخۆشێییەوە خەڵکی کوردستان وەک هەموو جارەکانی دیکە پێشوازیان لە بانگەوازی ناوەندی هاوکاری کرد کە حیزبی دێموکراتی کوردستان یەکێک لە پایە سەرەکییەکانی ئەو ناوەندەیە وبەو جۆرە یەکەم هەنگاوی ئەو ڕاپەرینە لە کوردستانەوە دەستی پێ کرد و لە ماوەیەکی کەمدا سەرانسەری ئێرانی گرتەوە، بە چەشنێک کە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی لە نێوخۆی ئێران و کوردستان توانای بەربەرەکانی لەگەڵ ئەو ڕاپەرینە بەربەرینەیان نەبوو بۆیە کەوتنە خولقاندنی قەیران لە دەرەوەی سنوورەکان ویەکەم هەنگاویان مووشک بارانی بنکەوشوێنی ژیانی بنەماڵەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وحیزبەکانی دیکەی ئۆپۆزیسیونی کۆماری ئیسلامی بوو بەو ئامانجە کە حیزبی دێموکرات لە مەیدانی خەباتی مافخوازانەی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەدەر بکەن و یا بە چەشنێک لاوازی بکەن کە توانای بەڕێوەبردنی خەباتی نەبێ و لە خەڵکی کوردستانی دابڕن، بەڵام مێژووی حیزبی دێموکرات پێچەوانەی ئامانجەکانی کۆماری ئیسلامی دەسەلمێنێ کە حیزبی دێموکرات سەرچاوەکەی گەلی کوردە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هەتا ئەو گەلە زیندوو بێ حیزبی دێموکراتیش لە سەر پێیە و لە جاران بە گوروتینتر درێژە بە خەبات و تێکۆشان دەدا.

**٦ـ ئێران هەتا ئێستا هاژەکی زەمین بە زەمین و دوورهاوێژی هەیە بەڕای ئێوە ئەگە دەستی بە چەکی ناوکی ڕابگا دەتوانێ ئامانجەکانی خۆی بپێکێ وەک ئەوەی کە دەیهەوێ هیلالی شیعی دروست بکا و ئێستاش دەیهەوێ چەکی ئەتومی دروست بکا ئێوە پێتان وایە بۆ ئامانجە درێژخایەنەکانیان ئەو هەوڵانەیان بەسوود دەبێ یان وەک بەشێک لە لێکۆڵەران ئاماژە بەوە دەکەن کە ئێران خەریکە بەرەو لە نێوچوون دەچێ و ئەوە دوایین پەلەقاژەکانی ژیانێتی؟**

هەر وەکی پێشتر باس کرا نیزامی کۆماری ئیسلامی نیزامێکە لە بواری ساختارییەوە وەک هیچ سیستمێکی سیاسیی دەسەڵاتداری ئەو سەردەمە ناچی و لە بواری بەرپرسایەتیش مێژووی ئەو ٤٣ساڵەی دەسەڵاتدارایەتی ئەو نیزامە ئەوەی بۆ کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتی سەلماندووە کە کۆماری ئیسلامی ئێران نیزامێکی بەرپرسیار نییە، واتا یاخی لە یاسا و ڕێساکانی باوی نێو دەوڵەتییە، بۆیە دەست ڕاگەیشتنی بە چەکی ناوەکی دەتوانی مەترسێکی گەورە بۆ سەر ئاسایشی نێودەوڵەتی بە گشتی و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوراست بە تایبەتی دروست بکا. بۆیە کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتی بە تایبەتی وڵاتانی ڕۆژئاوایی هەموو هەوڵیان ئەوەیە کە ئیزن نەدەن کۆماری ئیسلامی ئێران دەستی بە چەکی ناوەکی بگا و هەموو ئاماژەکان ئەوە دەردەخەن کە کۆمەڵگەی جیهانی لە گەڵ ئەودا بە هەستیارییەوە دەڕواننە نارەزایەتییەکانی نێو خۆی ئێران بە دژی کۆماری ئیسلامی، بەڵام چاوەروانی ئەوە ناکەن بزانن ئەو نارەزایتیانە دەبنە هۆکار بۆ ڕوخانی ئەو ڕێژیمە یانا، بەڵکوو پرسی چەکی ناوەکی و دەستڕاگەیشتنی کۆماری ئیسلامی ئێران بەو چەکە وەک پرسێکی سەربەخۆ ولە هەمان کاتدا مەترسی داردەبینن بۆیە ئیزن نادەن کۆماری ئیسلامی دەستی بەو زانستە رابگا.

**کاک عومەری بەڕێز سپاس بۆ ئامادەبوونتان**

سپاس بۆ ئێوەش و سەرکەوتن بۆ گۆڤارەکەتان

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ناوی ژینا / مەهسا بوو بە ڕەمز، لە شۆڕشی نوێدا



حەسەن حاتەمی



**کچێکی لاوی جوانی، ٢٢ ساڵەی سەقزی، بە کوردی ناوی ژینایە. ئەو کیژە شۆخە بە پێی پێناسە (شناسنامە)، ناو و ناوبانگی مەهسا ئەمینییە. ئەو لە مانگی ڕەزبەری ١٤٠١ (٢٠٢٢) قەراربوو بچێتە زانستگە و درێژە بە خوێندن بدا.**

کچێکی لاوی جوانی، ٢٢ ساڵەی سەقزی، بە کوردی ناوی ژینایە. ئەو کیژە شۆخە بە پێی پێناسە (شناسنامە)، ناو و ناوبانگی مەهسا ئەمینییە. ئەو لە مانگی ڕەزبەری ١٤٠١ (٢٠٢٢) قەراربوو بچێتە زانستگە و درێژە بە خوێندن بدات، بەڵام وەرزی هاوین بوو و خوێندگەکان بەسترابوون.

ژینا / مەهسا بۆ گۆڕینی هەوای ژیان و کەلکوەرگرتن لە پشووی هاوین و دیداری ئازیزان و خزمانی لە تاران، لەگەڵ کیارەشی برای سەفەر دەکەن. ژینا هیچکات بە بیر و زەینیدا نەدەهات کە ئەم سەفەرە بەداخەوە بێ گەڕانەوە دەبێ. مەهسا، شاد و خۆشحاڵ بە دڵێکی پڕ لە ئومێد و خولیا، لە یەکێک لە شەقامەکانی تارانی پێتەخت، لە نزیک ئوتووبانی "حقانی" لەگەڵ کچە پوورەکەی، بە لەشساغی و دڵخۆشی تێدەپەڕی.

لە نەکاو ماشێنێکی وەن و چەند پیاو و ژنی نامۆیان لە بەرپێیان شین دەبن. کات سەری شەوێی سێ شەممە ٢٢ی خەرمانی (١٣ی سێپتامبر)ە. لەوپەڕی ناباوەڕیدا، ژینا دەگرن و بە ڕاکێشان بۆ نێو ماشێنە نگبەتەکەی گەشتی بە ناو ئێرشادی دژە دەبن. لە کاتی گرتنیدا، دەڵێن: نیگەران مەبن. ماوەی ٢٠ خولەک سەبارەت بە حیجاب قسەی لەگەڵ دەکەین!؟ پاشان بۆ مۆڵگەیەکی پۆلیسی بە ناوی "پۆلیسی ئەخلاق و ئەدەب" لە شەقامی وزرا دەبرێ. بە بیانووی دیاربوونی چەند تاڵەمووی قژی جوانی "دەسکەنە دەکرێ" و ڕووی گەش و جوان و دەمی بە پێکەنینی بە هاوار و گریان، دەگۆڕن. بە تەواوی جارێ ڕوون نەبۆتەوە کە ئەو دوو کاتژمێرە چیان بەسەر هێنا!

کیارەشی برا و هاوسەفەریی بە "دەروونێکی پڕ لە ژان" لە پرسیار و دڵەڕاوکێدا، بە دوای ئامبوولانسی خوشکە نیوەگیانکراوەکەی کە لە مۆڵگەی دژە کچ و ژن و مرۆڤکوژی شەقامی وزرا بەرەو نەخۆشخانەی کەسرا دەبرا، لە غەریبایەتیی و بێ پەناییدا، هاواری بۆ فریاکەوتنی ژینا / مەهسای خۆشکی دەکرد. دوای ماوەیەکی کورت، ژینا / مەهسا وێنەیەکی سەیر و سەرسووڕهێنەری لێ بڵاوکراوەیە- خاتوو "نیلوفەر حامێدی"، هەواڵنێری ڕۆژنامەی "شرق" ئەو وێنەیە بۆ ئەو ڕۆژنامەیە گواستەوە و دواتریش لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا، بڵاوکریەوە.

ژینا / مەهسا لەسەر تەختی نەخۆشخانەی کەسرای تاران، لە ژێر دەزگادا، خەوێندرابوو. ژینا لە کۆمادا بوو. ئەو وەزعە زۆر ناخۆش و دەڵتەزێنە دوای سێ ڕۆژ بوو بە کارەسات. ژینا / مەهسا لە نەخۆشخانەی کەسرای تاران بە غەریبی گیانی دا!

تەرمی پیرۆز و جوانەمەرگ کراوی ژینا لە غەریبایەتییەوە بۆ زێد و نیشتیمان هاتەوە. لە بەردەرگای نەخۆشخانە کۆبوونەوە و نارەزایەتیی چێ بوو. دروشمگەلێک دران. دواتر سەقز بوو بە مەکووی غەم و دروشمدان. لەکاتی بە خاک سپاردنیدا، خەڵکێکی زۆر لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هێندێک ناوچە لە سەرانسەریی ئێراندا، بەشدار بوون. کچان و ژنانی بوێر و ئازا بۆ نیشاندانی هاوسۆزیی لەگەڵ ژینا و ئەو بیانوویەی بەداخەوە لەسەری کوژرا کە دواتر بە "قتل حکومتی" ناوی برا؛ ڕووپۆش (لەچکە)ی سەریان توور هەڵدان یا سوتاندیان. ژمارەیەک بەشێک لە بسکیان بڕی کە دواتر بوو بە باو لە کۆبوونەوە و شوێنی نارەزایەتییەکاندا.

دونیای پێشکەتووی دیجیتاڵی و ئەلەکترۆنیکی، بە مووبیل و گووشییەکانی دەستان و چاوانی خەڵکێکی بەشدار لە گۆڕستانی ئایچی و بڵاوبوونەوەی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا، لەلایەک، و نووسراوەی هەواڵنێری ڕۆژنامەی "هممیهن" خاتوو "الهە محمدی"، بەناوی "یک وطن اندوه" (نیشتیمانێکی غەمین) لەلایەکی دیکە، بوون بە هۆی ئاگادارکردنی بەشێک لە بیروڕای گشتیی کە دیسان "سروشت هەواڵێکی ڕەش" و کارەساتی ژینا / مەهسای "بە گوێچکەماندا، چرپاند".

گویا: یەکێک لە پوورەکانی ژینا، لەسەر گڵکۆیەکەی هەم بە هەنسێکی گریانەوە و هەم بە سۆزێکی دایکانەوە، قسە لەگەڵ کێلێکی ژینا دەکا و دەڵێ: بنوو ژینای خۆشەویست، دڵنیام ناوت دەبێتە ڕەمزی خەبات. هەرلەوێ، دروشمی " ژن ژیان ئازادی"، دەبێتە ئاڵای پڕ بە باڵای ژینای کوردان.

هەواڵی کارەساتی جوانەمەرگ کرانی ژینا / مەهسا، هاودەردیی سنەی "خوێناوی" و تووڕهەڵدانی ڕووسەرییەکان و ئاگردانیانی لێکەوتەوە. "شێنگێڕێ" ئەو جارمان وەک بۆمبارانی "بانە" نەبوو؛ بەڵکوو بۆ هەموو کوردستان، ئێران و جیهان زایەڵەی چوو. جوانەمەرگی کرانی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ژینا / مەهسا بوو بە هاوارێک بۆ نیشانی دانی زوڵم و غەدری ڕێژیمی ئیسلامی سیاسیی لە ئێران و خوێنڕشتن لە پێناو، ئینسانبوون، ژنبوون، کوردبوون، جوانبوون، ناو ژینابوون، موسافیربوون، سونیبوون، بێحورمەتیکردن بە "کەرامەتی ئینسانی" و ...

سێ حیزب و ڕێکخراوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئەندام لە ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران کە لەو کاتیدا، دێمۆکراتێکی یەکگرتوو و دوو کۆمەڵەی لە بەرەبەریی یەکگرتندا بوون، بۆ سێ ڕۆژانەی جوانەمەرگ کرانی ژینا / مەهسا لە ٢٨ ی خەرماناندا، داوایان لە خەڵکی کوردستان کرد، بەیانی هەتا نێوەڕۆ مان بگرن و لە دوانێوەڕۆیەشدا، هەتا درەنگانی شەوێ نارەزایەتیی دەبڕن.

کوردستان کە مانگرتنی گشتیی لە ٢١ ی خەرمانانی ١٣٩٧ (٢٠١٨)، ٤ ڕۆژ دوای کارەساتی مووشەک بارانی قەڵای دێمۆکرات و ناوچەی تێکۆشانی دێمۆکڕاتەکان لە کارنامەی پڕشنگداریی خەباتی مەدنییدا هەبوو، ئەمجاریش داوای بانگەوازیی ناوەندیی هاوکارییان بەربڵاوتر و چالاکانەتر وەرگرت. هاتنە سەر گۆڕەپانی شار و شارۆچکەکان و تەنانەت گوندەکانیش کە مێژوویەکی مەزنی نوێی لە ماوەی پتر لە ٤ دەیەی دەسەڵاتی ڕەش و پڕشورەیی ڕێژیمی ئیسلامی سیاسیی شیعە مەزهەبیی ویلایەتیی موتڵەقەی فەقیهیدا، خوڵقاند.

ڕووماڵی بەردەوامی تی ڤی و ڕادیۆکان، گەردەلوولی هەشتەگی "مهسا امینی" لە تویتێر بە فارسی و ئینگلسی کە لە ٢٧ ی خەرمانان دەستی پێکرد، لە یەکەم ڕۆژ دا، ١١ میلیۆنی تێپەڕاند. لە ماوی ٢٦ ڕۆژ دا، هەتا ٢٣ ی ڕەزبەری ١٤٠١ (١٢ ی ئۆکتۆبری ٢٠٢٢)، ڕادەکەی گەیشتە ٢٧٥ میلیۆن و لە بڵاوکرانەوە و چەند پات بوونەوەکان (باز نشر)دا، لە تویتێر، ئینستاگڕام و تیکتاکدا، ٩٢٠ میلیۆن جار بینران و...

لە چلەی ژینادا، سەرەڕای قەدەغە و قۆرغ و هەڕەشەکانی ڕێژیمی دژی گەلیی بۆ نەچوونی گوڕستانی ئایچی و سەر گڵکۆی ژینا / مەهسا، گەلانی ئێران و بەتایبەتی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئاپۆڕای ١٠٠ هەزار کەسیان ئەنجام دا، و گەمارۆی لەشکری خوێنڕێژ و کوشتاریان شکاند. ئەمجار لە جێگەی هەواڵی "ڕەش" و کارەسات باری ژینادا، گەلی کورد قەقنەس ئاسا، لە کردەوەدا، دێرەکانی سرووودی "هێزی گەل، هێزی خەبات و ڕاپەڕین، بۆ ئەوەی میللەت بە سەربەرزی بژین"یان نۆژەن کردەوە. لە دەرەوەی ئێران و لە تاراوگەش دا، گەلانی دڵ پڕ لە سۆ بۆ هاوڕێی لەگەڵ



**ئێستا بەخۆشییەوە شۆڕشی ژینا / مەهسا زۆر بەرەو سەر چووە. دروشمی ژن ژیان ئازادی بە فارسی (زن، زندگی آزادی)، و زمانی نەتەوەکانی دیکەی نێو جوغرافیای ئێران و بە ئینگلیسی و زۆربەی زمانەکانی کاریگەریی جیهان، دەنووسرێن و دەوترێن.**

بزووتنەوەی ژن ژیان ئازادی (زن زندگی ئازادی) بۆ خوڵقانی شۆڕشی هاوتەریب لەگەڵ نیوخۆ، لە پتر لە ١٠٠ شاری گەور و بچووک، بە حەشیمەتی، لە هەزار هەتا پتر لە ١٠٠ هەزار کەسی، کە بواری ئازادی ڕێپیوان و کۆبوونەوەی ئازادانەیان هەیە، کوورەی شۆڕش و خەباتیان - لە سەرمای بەرەو زستان، لە ژێر شەڕی زۆر ناخۆشی داسەپاوی ڕووسیە بە سەر ئۆکڕایندا- نیڵ دا.

دڵسۆزانی بەرگری لە مافی روای ئینسانی و هەوڵ دان بۆ "بانگی ئازادی و گرووی یەکسانی" لە کۆڕ و کۆمەڵە مرۆڤایەتیی و مرۆڤ تەوەرکان لە تاراوگە دا، هاوتەرتەریب لەگەڵ چوونەسەر و بڵێسەدار و بەرفراوان بوونی پتری شۆڕشی نوێی ژینا / مەهسا دا، ولاتانی ئاڵمان و ئیسلەند، بە تایبەتی خاتوونی ژێر و هەڵسووڕ، ئانالێنا بێربووک، وەزیری دەرەوەی ئاڵمان،یان هێنا سەر ئەو بڕوایە، داوای کۆبوونەوی بە پەلەی شووڕای مافی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان، بکەن و "کۆمیتەیەک بۆ دۆزینەوەی ڕاستییەکان " (کمیتەی حقیقت یاب) سەبارەت بە کۆماری ئیسلامی ئێران دروست کرێ.

لەوانەیە درەوەی ئێرانیش بە تایبەتی "تێڕۆڕە سیاسییەکان" ڕێبەرانی ئۆپۆزیسیۆن و تێکۆشەرانی گەلان ئێران لە دەرەوەدا، بتوانن زیندوو بکرێنەوە. ئەو کۆمیتەیە بە ٢٥ دەنگی موافیق، ٦ دەنگی موخالیف و ١٦ دەنگی سپی (ممتنع)، پەسند کرا.

ئێستا بەخۆشییەوە شۆڕشی ژینا / مەهسا زۆر بەرەوسەر چووە. دروشمی ژن ژیان ئازادی بە فارسی (زن، زندگی آزادی) و زمانی نەتەوەکانی دیکەی نێو جوغرافیای ئێران و بە ئینگلیسی و زۆربەی زمانەکانی کاریگەری جیهان، دەنووسرێن و دەوترێن. لە سرووودی "بۆ" (برای)ی شروینی حاجی پوور و بە چەند زمان کە دەگوترێنەوە جێگەی بەرجەستەی هەیە. کەوابوو، ناوی ژێنا / مەهسا بوو بە ڕەمزی شۆڕشی نوێمان، لە نێو گەلانی ئێراندا.

**سەرچاوەکان:**

**گووگل، ویکیپێدیا، بلومبێرگ و کوردکاناڵ.**

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# سەردەمی دەسەڵاتداریی کۆماری ئیسلامی نەماوە و دەنگی ژنانی ئێران گەیشتووەتە هەموو جیهان

دیمانە: گۆڤاری ژنان

**لە کۆتاییەکانی هاوینی ئەمساڵدا و بەدوای کوشتنی "ژینا ئەمینی"، کچە کوردی خەڵکی شاری سەقز، لە تارانی پێتەختی ئێران بەدەستی پۆلیسی "ئەخلاق"، زنجیرە ناڕەزایەتی و خۆپیشاندانێکی بەرین، هەموو ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێرانی گرتەوە و ئێستاش هەر بەردەوامە. بە مەبەستی تاوتوێکردنی ئەم بابەتە لە لایەن گۆڤاری ژنانەوە وتووێژێکی کورتمان لەگەڵ «شەونم هەمزەیی»، ئەندامی ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و چالاکی سیاسی و مەدەنی پێکهێناوە؛ دەقی وتووێژەکە بەم شێوەیە:**



**١- ئێوە ئەم ڕاپەڕینەی کە بەدوای شەهیدبوونی ژینا ئەمینی لە کوردستان و ئێران سەری هەڵدا، چۆن هەڵدەسەنگێنن؟**

بەکورتی وڵام بدەمەوە، دەبێ بڵێم بێوێنەترین ناڕەزایەتییەکان بوو کە بەرەورووی کۆماری ئیسلامی بووەوە لە مێژووی ئەم چلوئەوەندە ساڵ دەسەڵاتەی‌دا. شەهیدبوونی ژینا ئەمینی بووە خاڵێکی وەرچەرخان لە مێژووی ڕاپەڕینی ئێران‌دا. ئەم ڕاپەڕینەی ژینا جیاوازیی بنەڕەتیی لەگەڵ هەموو ناڕەزایەتییەکانی مێژووی هاوچەرخی ئێران هەبوو. لە بزووتنەوەی مەشرووتەوە تا ساڵی ٨٨یش ئێمە شایەدی ناڕەزایەتی، ڕاپەڕین، کوودەتا و شۆڕش لە ئێران‌دا بووین، لە هەمووشیان‌دا ڕۆحانیەت ڕۆڵی هەبووە و بەشداریی تێ‌دا کردووە و هاواری ئیسلامی سیاسی بەرز بووە و هاتووەتە گوێ. ئەمە بۆ یەکەم جارە شۆڕش لە ئێران‌دا بەتەواوی سێکۆلارە و لە دروشمەکانی‌دا دەردەکەوێ (مەلا ون بە لە پێش چاوان) لەو دروشمانەیە کە ئاخوند و مەلاکان دەتارێنێ، بەڵام تاراندنێک بەرەو شوێنی تایبەت بە خۆیان، واتە نابێ لە گۆڕەپانی سیاسی‌دا بمێننەوە. لێرەدا مەبەستم لە ئاخوند وەک نیشانەی دەسەڵاتە و ئەمە هیچ پێوەندییەکی بە ئاخوند و مامۆستایانی ئایینی سوننەوە نییە.

بۆ یەکەم جارە لە مێژووی کۆماری ئیسلامی‌دا ناڕەزایەتییەکان لەگەڵ ئەوەی سەراسەرین، ئامانجی سەرەکییان نەمانی کۆماری ئیسلامییە. خەڵک وەک پێشتر ناڕەزایەتییەکی بەتەنیا ئابووری یاخود سیاسییان نییە، بەڵکوو لە هەموو بوارەکانی سیاسی، ئابووری، کولتووری، کۆمەڵایەتی و ... خوازیاری نەمانی ئەو ڕێژیمەن و خوازیاری چاکسازی و شتی لەو بابەتەش نین. لەم شۆڕشەدا ئێمە چینی بەرفراوانی پەراوێزخراوانی کۆمەڵگە دەبینین کە دەنگیان بەرزتر و دلێرترە لەوانەی وا لە بوارە جیاوازەکان‌دا لە چینی سەرەوەی کۆمەڵگەن، بۆ یەکەم جارە هەموو کەمینەکان، بە هاودەنگییەوە دەیانەوێ ڕیشەی هۆکاری هەڵاواردنە فرەڕەهەندەکان هەڵکەنن. لەم ڕووەوەیە کە من ناوی شۆڕشی لێ دەنێم ئەم ڕاپەڕینەی کە ئێستا لە ئارادایە.

**٢- قەبارەی تێوەگلان یان بەشداریی ژنان لەم ڕاپەڕینەدا چۆن هەڵدەسەنگێنی - ژنان بەگشتی و ژنانی کورد بەتایبەتی؟**

ئاماژەم کردووە کە ئەم شۆڕشە، شۆڕشی پەراوێزخراوان و لەبیرکراوانی کۆمەڵگەی ئێرانە. جا کەواتە کێ دەتوانێ لە ژن لە گشتیەتی خۆی‌دا پەراوێزخراوترین پێکهاتەی کۆمەڵگەی ئێران بێت؟ بێ‌گومان بوونی نییە. جا بۆیە ژنان لە ئێران و بەتایبەتی لە کوردستان بە باشترین شێوەی مومکین لەم دەرفەتە و لەم کەشە تێگەیشتوون و

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بۆیەش بە هێز و وزەیەکی بەرچاوەوە ڕژاونەتە سەر شەقامەکان و پێیان‌وایە شەڕی مان و نەمان و شەڕی ڕزگاریی یەکجارەکی دەکەن، ئەوەیە کە هاندەریانە و بووەتە هۆی دەرکەوتن و بەشداریی بەرچاویان. ئەوان بەدروستی تێگەیشتوون کە ئەم دەرفەتە، دەرفەتێکی مێژوویی و نایابە. ڕۆڵی ژنان تەنیا بە بەشداری بەرتەسک نەبووەتەوە، بەڵکوو ڕۆڵی پێشەنگایەتی دەگێڕن و ئەمەش دیسان خاڵێکی جیاوازە و لە مێژووی هاوچەرخی ئێراندا نموونەی نییە، بۆ یەکەم جارە کە ژن پاشکۆی پیاو نییە. کوردستانیش دۆخەکەی جیاوازترە، ئێمە دەزانین کوردستان لە باقیی بەشەکانی تر ئێران – تەنانەت ناوەندیش – سیاسیترە، کولتووری حیزبایەتی و پلۆرالیزم لە کوردستاندا پڕڕەنگە، حیزبە سیاسییەکان لە نزیک بە هەشتا ساڵ لەمەوبەرەوە باس لە مافی ژن دەکەن و هەوڵی گشتگیری بۆ دەدەن، ژنان لە کوردستان سیاسین و دێنە مەیدانی سیاسیی خەباتەوە، بۆیە ڕۆڵی ژنان لە کوردستان زەقتر دیارە لەچاو شوێنەکانی تر. ئەم دەرکەوتنە پێشخانێکی سیاسیی بەهێزی لەپشتە، بێ‌بەشییەکانی ژنانی کوردستانیش هۆکارێکی بەهێزی ترە بۆ ئەم پێشوازییەیان لەم ڕاپەڕینە.

**٣- ڕای ئێوە چییە لەسەر ئایندەی ئەم ڕاپەڕینە؟ چۆن کاریگەریی لەسەر دۆخی ژنان لە ئێران دەبێت؟**

ڕای من ئەرێنییە. ئەم ڕاپەڕینە بەهۆی ئەوەی کە سەراسەرییە، بەهۆی ئەوەی کە خاوەنی دروشمی پێشکەوتووە، بەهۆی ئەوەی کە فرەڕەهەندە و لە بوارێکی تایبەتدا قەتیس نەماوەتەوە و هەموو چوارچێوەی ڕێژیمی ئێرانی کردووەتە ئامانج، سەرکەوتوو دەبێت و هەر هەتا ئێستاش سەرکەوتوو بووە. ئەم ڕاپەڕینە ئۆتۆریتەی ڕێژیمی ڕووخاندووە، ترسی خەڵکی لە بەرامبەر دەسەڵاتدا ڕشتووە، ڕێژیم دەستەوەستان بووە و لە هەموو بوارە سیاسی، ئایدۆلۆژی، کولتووری، ئابووری، کۆمەڵایەتی و هتددا تووشی دارمانی قورس بووە. کۆماری ئیسلامی ڕەواییی نەماوە و نەک وەک دەسەڵاتێکی یاسایی و خەڵکی، بەڵکوو وەک داگیرکەرێکی سەرکوتکەر و بیانی چاو لێ‌دەکرێ. مادام ڕوانگەی زۆربەی خەڵک بگۆڕێ بۆ ئەم ڕوانگەیە، ئەوە یانی دەسەڵات شکست دێنێ، جا ئەمڕۆ بێ یا کاتێکی تر، بەڵام وەک خۆم دڵنیام کە نە کۆماری ئیسلامی، کۆماری ئیسلامیی پێشوو دەمێنێ و نە خەڵکیش خەڵکی ڕابردوو؛ لەم چەن ساڵەدا خوێنێکی زۆر ڕژاوە و دوژمنایەتییەکەی پرگرتر کردووە.

لە پێوەندی لەگەڵ دۆخی ژناندا، ئەگەر ئەگەر کۆماری ئیسلامی بشمێنێ، ناتوانی ئەو زەبروزەنگەی بەردەوام بێ، نەک لەبەر ئەوەی بڵێین دەگۆڕێ، نا بە هیچ شێوەیەک، تەنیا لەبەر ئەوەی کە ناوێرێ تێچوو بدا، چون لێی قەبووڵ ناکرێ، ژنان و پیاوانیش بە ئاستێک لە تێگەیشتن گەیشتوون کە هیچ زۆرێک قەبووڵ ناکەن و نارەزایەتییان لەدژی دەبێ. لەگەڵ ئەوەش هەر هەتا ئێستا ئێمە شایەدی دەنگۆی کۆمەڵێک پاشەکشە، بەتایبەت لە پێوەندی لەگەڵ بابەتی حیجابی زۆرەملی و دەرکرانی کۆماری ئیسلامی لە کۆمیسیۆنی پێگەی لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و ... هەین، ئەمە یانی گۆڕاوە سەردەمی دەسەڵاتداریی ڕەهای کۆماری ئیسلامی و دەنگی ژنانی ئێران، بە گوێی هەموو جیهان گەیشتووە.




**٤- لە ساڵی ٨٨ لەگەڵ بزووتنەوەی سەوز، هەروەها ساڵەکانی ٩٦ و ٩٨یش خۆپیشاندان هەبوو لەسەر ئاستێکی بەرفراوان، ئایا ئێستا دۆخەکە هاوشێوەیە یان جیاوازی دەبینیت؟**

ئەوکات خۆپیشاندانەکان لە چەن شاردا قەتیس مابوون، هەموو ئێرانی دانەگرتبوو. نارەزایەتییەکە لە چوارچێوەی داواکارییەکی سیاسیدا بوو، داواکارییەکە ڕوون بوو، ئەویش ئەوە بوو کە «دەنگی من کوا؟» بە هیچ شێوەیەک تەواوەتی کۆماری ئیسلامی نەکرابووە ئامانج. داواکارییەکە تەنیا سیاسی بوو، تەنیا لە چوارچێوەی ڕیفۆرمیستیدا بوو، تەنیا بەردەنگ وەزارەتی ناوخۆی وڵات بوو، خودی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خۆپیشاندەران دەترسان لەوەی پێیان بوترێ ڕووخێنەر، بەتوندی ڕەدیان دەکردەوە، بەڵام ئەمڕۆ خەڵک کۆماری ئیسلامیی ناوێ، بە هەر دوو باڵی دیاریەوە کە ئەوکات دەیانتوانی کاریگەرییان هەبێ لەسەر بەشێک لە ڕای گشتی و ئەو نارەزایەتییانەش شەڕی نێوان ئەو دوو باڵە بوو (واتە ڕیفۆرمیستەکان و کۆنسێرڤاتڤارەکان) کە خەڵک ئێستا چەن ساڵە لەم قۆناغە پەڕیونەتەوە و چوونەتە قۆناغێکی یەکلاییکەرەوە. لە ساڵی ٩٦ و ٩٨ خەڵک بە قۆناغی تێپەڕین لەوان گەیشتن. ئەوکات ڕێژیم توانی بە دەسبەسەر کردنی ڕێبەرانی ئەو بزووتنەوەیە، بزووتنەوەکە کۆ بکاتەوە، ئەمڕۆ کێ ڕێبەرە؟ هەمووان ڕێبەرن، ئەوەی لە شەقامدایە خۆی ڕێبەرێکە. ئەو هەمووە دەسبەسەر کراون لە شارە جیاوازەکانی ئێران‌دا، بەڵام نارەزایەتی و ڕاپەڕین هەر نەنیشتووەتەوە، چونکە ئەم ڕاپەڕینە تاکڕەهەندی نییە و وەک چەن جار ئاماژەم پێ دا هەموو ڕەهەندەکانی شۆڕشێکی گرتووەتەوە و لە نارەزایەتی و داواکاری و ... تێپەڕیوە و چووەتە قۆناغی گۆڕینی ڕێژیم و لە هەمان کات‌دا داهاتوویەکی سیاسیی دیاریکراویان بۆ داهاتووی وڵاتی ئێران دەوێ، نەک تەنیا نەمانی کۆماری ئیسلامی. ئەم داهاتووەش بەکورتی دەتوانم بڵێم بەشداریی سیاسیی بەرچاوی هەموو کەمینەکانە، لەوانە کورد و ژن و ...

**٥- بەهۆی پچڕانی ئینتێرنێتەوە پێوەندی گرتن بە ئێرانەوە دژوار بوو، ئێوە زانیاریی وردتان لەسەر دۆخەکە هەیە؟**

بەڵێ لە ئێران پێوەندیی ئینتێرنێتی تووشی پچڕان بووە و کۆماری ئیسلامی ئینتێرنێتی لەسەر خەڵک داخستووە بۆ ئەوەی دەنگی ناڕازییان بە کۆمەڵگەی جیهانی نەگات. سەرەڕای ئەوەش ئێمە لە ڕێگەی ئەندامانمان لە نێوخۆی وڵاتەوە، ئاگاداری دۆخەکە هەین و دەزانین چ باسە. لە کوردستان ڕاپەڕینەکە بەگوڕوتین و وشیارییەوە بەڕێوە دەچێ، لەگەڵ بەلووچستان - کە ئەوانیش کەمینەیەکی نەتەوەیین - زیاترین قوربانی داوە، دەسبەسەرکرانەکان لە کوردستان زۆر زۆرە. ژمارەی برینداران گەیشتووەتە ئاستێکی یەکجار زۆر، هەموو کوردستان میلیتاریزە کراوە و



بەبێ پشوودان هێزە سەرکوتکەرەکان بە چەکی قورس و نیوەقورسەوە ڕۆژانە و شەوانە مانۆڕ دەدەن و هەندێک جار تەقە دەکەن و کەشێکی ترسێنەر و شەڕیان زاڵ کردووە، هێرش دەکەنە سەر قوتابخانەکان و قوتابییان دەتۆقێنن و دەیانگرن و لە قوتابخانەکان پاش داخرانیان، وەک شوێنی مانەوەی خۆیان کەڵک وەردەگرن، ئەمە لە زۆربەی شارەکانی کوردستان ڕووی داوە. هەر بەم بۆنەیەوە لەلایەن ئەنجومەنی سێنفیی مامۆستایانەوە سێ ڕۆژ مانگرتن ڕاگەیەندرا.

بەگشتی دۆخەکە دۆخێکی ئەمنی و شوێنەکان میلیتاریزەکراون. لە چەند شاردا هێرش کراوەتە سەر ماڵی خەڵکی ئاسایی و کەل‌وپەلیان لەنێو بردووە، گرتنەکان بەردەوامن، لەگەڵ ئەوەش‌دا لایەنێکی تریشی هەیە و ئەویش ئەوەیە کە نارەزایەتییە پەنگ‌خواردووەکانیش هەر دێ و زیاتر دەبێ، هەموو ئەمانە لە کۆتایی‌دا بە قازانجی خەڵک تەواو دەبێ نەک دەسەڵات، من لەم بارەیەوە دڵنیام.

**٦- ژینا ئەمینی ژنێکی کوردە و دروشمی ژن، ژیان، ئازادی دروشمێکی کوردییە. ئایا شتێکی تایبەتی کوردی لەم ڕاپەڕینەدا هەیە؟ ڕاتان چییە لەسەر پێگەی کورد لەناو ئەم ڕاپەڕینەدا؟**

بەڵێ ژینا ژنێکی کورد بوو و هەر لە ڕۆژی ناشتنی‌دا لە گۆڕستانی ئایچیی شاری سەقز، ئەم دروشمە بەرز کراوە و ئێستا لە هەموو جیهان‌دا بڵاو بووەتەوە. ئەم دروشمە پێناسەی سێ تەوەری گرینگە، تەوەری دژایەتی لەگەڵ هەڵاواردنی ڕەگەزی کە لە وشەی ژن‌دا ڕەنگی داوەتەوە، تەوەری دژایەتی لەگەڵ هەڵاواردنی چینایەتی و ئاستی خۆشگوزەرانیی خەڵک کە لە وشەی ژیان‌دا بەرچاو دەکەوێ و تەوەری دژایەتی لەگەڵ دیکتاتۆرییەت کەوا لە وشەی ئازادی‌دایە. ئەم ڕاپەڕینەی وا هەموو گەلانی ئێرانی هێناوەتە سەر شەقام، قەرزداری گیانبازیی کوردستانە. کوردستان ڕۆڵی بەرچاو و زەقی چ لە دەسپێک و چ لە بەردەوامیی نارەزایەتییەکان‌دا گێڕاوە. لە کوردستان هاوکات کە دژی ڕێژیمن و خوازیاری نەمانی کۆماری ئیسلامین، چاوێکیان لە داهاتووش هەیە و شەڕی نەهێشتنی ستەمی نەتەوایەتییش دەکەن، هێما کوردییەکان، دروشمە کوردییەکان و ... نیشاندەری ڕۆحێکی کوردیی مافخوازانەیە.

**سپاس بۆ ئامادەبوونتان خاتوو شەونم**

سپاس بۆ ئێوەش

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



شنە دروودگەر

# چەند دێڕێک لەسەر دۆخی ئێستای ژن لە کوردستان و ئێران

نێر و مێ، دوو ڕەگەزن کە پێکهێنەری کۆمەڵگەی مرۆڤایەتین و کۆڵەکە سەرەکییەکانی هەموو خێزانەکانی نێو ئەو کۆمەڵگەیەن. هەر تاکێکی ئەم خێزانانەش وەک یەکێک لەو ڕەگەزانە، ڕۆڵی تایبەت بە خۆیان هەیە و بۆ ئەوەی خێزان و بە گشتی کۆمەڵگەکەیان تەندروست و پێشکەوتوو بێ، دەبێ سادقانە فیداکاری بۆ گێڕانی ڕۆڵ و ئەرکی خۆیان بکەن و لەو پێناوەدا تێبکۆشن. جا ئەو تاکە چ پیاوی خێزان بێ، چ ژنی خێزان بێ، چ کچ یا کوڕ و ...هتد بێ.

کەواتە نەتیجە دەگرین کە لە هەموو کۆمەڵگەیەکدا هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ، واتە ژن و پیاو تەواوکەری یەکترن و بەیەکەوە ڕۆڵییان هەیە لە بەرەوپێشبردنی کۆمەڵگە و بەپێچەوانەکەشی، ئەگەر بێت و بە ئەرکی خۆیان هەڵنەستن، زیان و خەساری گەورە بە کۆمەڵگەی خۆیان دەگەیەنن.

لێرەدا ئەگەر بمانهەوێ دیمانەیەک لە ڕۆڵی ڕاستەقینەی ژن لە خێزان و کۆماڵگەدا وێنا بکەین، دەبینین و دەردەکەوێ کە ژن چەندە دەتوانی شوێندانەریی هەبێت لە ڕەهەندەکانی سیاسی و کۆمالایەتی و ئابووری کۆمەڵگەدا. بەڵام ئایا ڕەگەزێ ژن کە خاوەنی ئەو باندۆر و کارتێکەرییە مەزنە-یە، لە بەڕێوەبردن و گێڕانی ڕۆڵی خۆیدا درێغی کردووە؟ یا ئەرکی خۆی بەباشی بەجێ گەیاندوە؟

مێژووی مرۆڤایەتی سەلمێنەری ئەو ڕاستییە-یە کە ژنان لە سەردەمانی جۆراوجۆر و قۆناغە هەستیارەکانی مێژوودا ڕۆڵ و کاریگەری زۆر ئەرێنییان لە بنیاتنان و تەنانەت بەڕێوەبردنی کۆمەڵگادا هەبووە و تەنانەت چەندین شۆڕشی وەکوو «بزووتنەوەی ئیستێر» کە بۆ سەربەخۆیی ئیرلەند لە بریتانیا و لە ساڵی ١٩١٦ی زایینی ڕێکخرا، لەلایەن "کێنستانس مارکیۆویچ"ەوە ڕێبەری کرا. یا ساڵی ١٩٥٢ بزووتنەوەی ناسراو بە "٢٦ی مانگی مەی" لە کووبا و لەلایەن «سێلیا سانچێز» ڕێکخرا(ئەگەر چی لە مێژووی شۆڕشی کووبادا ناوی کاڵ و بزرە) کە هاوکات بوو لەگەڵ بەرخۆدانی کاسترۆ و چێگوارا. یا خود «ئەسما مەحفووز» کە توانی لە ساڵی ٢٠١١ی زایینی و لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان شۆڕشێکی گەورە لە قاهیرەی پێتەختی وڵاتی میسر ڕێکبخات و بە ملوێنان خەڵک بێنێتە مەیدانی تەحریری ئەو شارە. یا خود مینا قازی موحەممەد(هاوسەر پێشەوە قازی موحەممەد) و حەپسە خان و لەیلا زانا و بە دەیان و سەدان ژنی دیکە کە ژنانی لێهاتوو و خاوەن بەهرە بوون و بەداخەوە بەهۆی ژێردەستەیی نەتەوەی کورد، لە لاپەرەکان و پێڕستەکانی ژنانی گەورەی جیهاندا بزر بوون.




واتە ڕەگەزی ژن لە رابردوودا جیا لەوەی لە بوارەکانی کۆمالایەتی و سیاسی و ئابووریدا زۆر بە باشی ئەرک و ڕەساڵەتی خۆی بەڕێوە بردووە، لە نێو خێزانیشدا ئەرکی پەروەردە کردن منداڵ و نەوەی نوێی زۆر بە باشی بەڕێوە بردووە، بۆیە کۆمەڵگە جۆراوجۆرەکان لە رابردوودا خاوەنی وەها ژنانێکی زیرەک و لێهاتوو بوون کە توانایی شۆڕش و ئاڵووگۆریان لەسەر ئاستی وڵاتان و ناوچە و تەنانەت جیهان بووە.

بەڵام لێرەدا پرسیارێک زەق دەبێتەوە. ئەویش ئەوەیە کە بۆچی لە ئێران و وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و بە گشتی وڵاتانی جیهانی سێهەم، ژن بەشاروومەندی پلە دووی کۆمەڵگە هەژمار دەکرێ؟

لە وڵاتانی دواکەوتوو و جیهانی سێهەمدا کە وڵاتی ئێرانیش لەخۆ دەگرن، ژن بە هاوڵاتی پلە دوو هەژمار کراوە و سەرەڕای ئەوەی کە کەمترین ماف و نرخی بۆ داندراوە، بگرە بە مرۆڤێکی کەم و کاڵا مامەڵەی لەگەڵدا کراوە و دەکرێ.

ڕێژیمی دواکەوتووی ئیسلایمی لە ئێران، هەر لە سەرەتای هاتنە سەرکاری ڕوانگەی ڕەش و ناوەرۆکی بۆگەنی خۆی بەرامبەر بە پرسی ژن لە ئێرانی نیشان دا، بە دارشتنەوەی یاسای بنەڕەتیی وڵات، سەرەڕای ئەوەی کە کۆمەڵێک مافی لە ژن زەوت کردن، بگرە کۆمەڵێک «قەید و بەندی» بۆ ژن دانا کە ژنی لە نیوەی زیندووی کۆمەڵگە و خێزانەوە کرد بە کۆیلە و کاڵای دەستی داڕێژەرانی یاسای رژیمی ئیسلامی و تا ئێستاش لە هەموو مافەکانییان بێ بەشن.

ڕێژیمی پیاوسالاری ئیسلامی لە ئێران هەر لەسەرەتای سەپاندنی خۆی بەسەر وڵاتدا، بە پەیڕەوکردنی سیاسەتی «یا روسری یا توسری» کەوتە سەرکوتی ژن لە ئێراندا، کە لە یاسای ڕێژیمدا بە زەعیفە و نیوەی ڕەگەزی نێر پێناسە کراوە. بەڵام غافڵ لەوەی کە ژن یەکەم هێزی ئۆپۆزسیۆنی مەلاکانە کە لە ڕاستیدا بەهێزترین ئۆپۆزسیۆنن(ناڕێکخراو) کە لەکاتی خۆیدا دەتوانن ببن بە گەورەترین مەترسی بۆ سەر تەواوییەتی ڕێژیم.

نموونەی هەرە زیندوو بۆ سەلماندنی ئەو ڕاستییە، شۆڕشی "ژینا"یە. شۆڕشێک کە لەلایەن ژنی کوردەوە ڕێک خرا و سەرەڕای ئەوە کە زیاتر لە ٩٠ ڕۆژە بەردەوامە، بەڵکوو زۆربەی هەرەزۆری شارەکانی کوردستان و ئێرانی گرتۆتەوە بە هەموو نەتەوەکانییەوە.

دەبینین کە سەرەڕای سەرکوتی زۆر توند و بێبەزەییانەی ڕێژیم و هاوکات پێشکەشکردنی سەدان شەهید و هەزاران بریندار و دەیان هەزار دەستبەسەر کراو، ئاگری شۆڕشی ژنان هەر بڵێسەی هەیە و ئێستا ئیدی شۆڕشی تایبەت بە ژنی کورد نییە و بووە بە شۆڕشی هەموو نەتەوە و چین و توێژەکانی ئێران.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# گرینگیی ڕۆڵی ژنی کورد له خۆپیشاندانەکانی گەلانی ئێراندا



ڕۆژە عەزیزی



بابەتێکی گرینگ لەکاتی باسکردن لەبابەتی مافەکانی ژنان لە ئێران، وردبونەوە لە کێشە و کەمبوودەکانی ژنانە. کاتێک کەمبوودەکان دیاری دەکرێن، بەدڵنیاییەوە دۆزینەوەی چارەسەر ئاسانترە، کلیلی چارەسەری کێشەکانی هەر کۆمەڵگەیەک، دۆزینەوەی خاڵە لاوازەکانە لە بنەڕەتدا.

سەبارەت بە بارودۆخی ژنان لە ئێران بە گشتی و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی، دەکرێ بڵێین ژنی کورد تا ئاستێکی باش لەمەڕ ناسینی گرفت و کێشەکانی وەک ژنێک هۆشیارە. سەرکەوتووە لە دۆزینەوەی کەموکوڕییەکان و نابەرابەرییەکان لە کۆمەڵگەکەیدا. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ هۆکاری کورد بوونی، ڕاستیەکی حاشا هەڵنەگرە کە ژنی کورد ئەگەر جارێک بە هۆکاری ژن بوونی لە ئێراندا دەچەوسێتەوە، بەهۆکاری کوردبوونی دووجار دەچەوسێتەوە.

واتە ژنی کورد هەمیشە لە تەنیشت خەباتی خۆی بۆ یەکسانی کۆمەڵگە و بەدەستهێنانی مافەکانی نەتەوەکەی شانبەشانی پیاوان لە شۆڕشی نەتەوەیی و یەکسانیدایە. ئەم بەشدارییەش باکگراوندێکی سیاسی و مێژوویی هەیە، بۆ نموونە بوونی ژنانی سیاسەتڤان و چالاک لە شۆڕشەکانی کوردیدا وەک حەپسە خانی نەقیب و مەستورە خانی ئەردەڵان و لەیلا قاسم و مینا خانمی قازی و سەدان ژنی دیکەی ناوداری کورد سەلمێنەری ئەم ڕاستیەن کە خەباتی یەکسانیخوازی لە ناو کورددا، زۆر لەمێژە گەشەی سەندووە.

بەڵام ئەوەی ئێستا لە ئێراندا ڕوو دەدات و بڵێسەی ئاگری شۆڕشێک هەڵگیرساوە، شۆڕشێکە بۆ گۆڕینی سیستەمی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی ڕێژیمی ئێران، ئەوە خۆی دەگەڕێتەوە بۆ وشیاری و شۆڕشگێڕی نەتەوەی کورد، ناوی ژینا و کوردستان بوونە هەوێنی ئەم خۆپیشاندان و ناڕەزایەتییە سەراسەرییانەی ئێران. بەدوور نییە ببنە بناغەی گۆڕینی سیستەمێکی دیکتاتۆریش. دروشمی ژن، ژیان، ئازادی لەلایەن گشت نەتەوەکانی ئێران و زمانە جۆراوجۆرەکانی جیهان دەگوترێنەوە، ئەم دروشمە بۆتە شوناسی ئەم شۆڕشە و دنیای تەنیووە.

وشیاری ژنی کورد سەبارەت بەمافەکانی وەک تاکێکی کۆمەڵگە لە دێرزەمانەوە باس کراوە، لە بچووکترین ئۆرگانی کۆمەڵگە کە چوارچێوەی خێزانەکەیەتی، هەر لە منداڵییەوە هەوڵی پەروەردەکردن و هۆشیارکردنەوەی دەدرێ وەک تاکێکی کوردی مافخوراو لە چوارچێوەی سیستەمێکی دیکتاتۆر و دوژمنێکی داگیرکەر. هەربۆیە کاتێک بچووکترین دەرفەت هەڵدەکەوێ بۆ بەرەنگاربوونەوە، ژنان لە بەرەی پێشەوەن.

بۆیە پێشڕەوبوونی ژنی کورد لەیەکەم ڕۆژەکانی ئەم ناڕەزایەتییانە شتێکی چاوەڕوان نەکراو نەبووە. لەگەڵ ئەوەشدا، پاراستنی کەرامەت و کەسایەتی ژنی کورد، لەلایەن هەردوو ڕەگەزی ژن و پیاو لەناو کۆمەڵگەی کوردیدا، ئەرکێکی ئەخلاقی و ئینسانییە. لەکاتی کەوتنە مەترسی هەریەک لەم پیرۆزییانە، هاودەنگ و دەست لە ناو دەست، کۆمەڵگەی کوردی بەرەنگاری نەیاران و دوژمن دەبنەوە.

ناکرێ بڵێین ژنانی نەتەوەکانی دیکەی ئێران گرینگی بە مافەکانیان نادەن، یاخود هەوڵەکانی ئەوان کەمڕەنگ نیشان دەدرێن، بەڵام بۆمان ڕوونە لەماوەی نزیک سێ مانگی ڕابردوودا شێوازی هاتنە سەرشەقام و گوتنەوەی درووشمەکان و بەدەنگەوە هاتنی ئەوان ئەو جیاوازییەی دروست کردوە و پێمانوایە ژنانی کورد چەند هەنگاو لە پێشترن.

ئەگەر ژنانی نەتەوەکانی دیکەی ئێران بۆ نموونە ژنی فارس، هەوڵ بۆ لادانی حیجابی ئیجباری یان ئازادی پۆشین دەدا، ژنانی کورد لە کوردستان خوێن دەدەن بۆ ئازادی ڕادەربڕین و خوێندن و نووسین بە زمانی دایکی و چەندین مافی سەرەتایی دیکەی زەوتکراویان. ژنی کورد لەقۆناغە جیاوازەکانی مێژووی خەباتدا، هەوڵی بەشداری سیاسی و گەیشتن بە ناوەندەکانی بڕیاردانی داوە، ئەمە دەریدەخات ژنی کورد بە جیهانبینی و ڕوانینێکی مۆدێرنانەتر، لە مەسەلەی مافەکانی خۆی دەڕوانێ و جیاواز لەژنانی گەلانی دیکەی ئێران بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی تێدەکۆشێ و بە بوونی ئایدلۆژییەکی دێموکراتخوازانە و دیاریکراو، ئاسانتر دەتوانێ بگات بەو ئامانجانەی هەیەتی. خاڵی پۆزەتیڤبوونی ئایدۆلۆژیای دێموکراسی، گەیشتن بە ئامانج ئاسانتر دەکاتەوە.

بەپێی لێکۆڵینەوە جیهانییەکان دەرکەوتووە، لە ئەم کۆمەڵگانەی ڕێژەی هۆشیاری ژنانیان لە ئاستێکی بەرزدایە، گەیشتن بە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

مافەکانی ژنان و یەکسانی جێندەری تا ڕادەیەکی بەرچاو باشترە. ڕەنگە لە زۆر لایەنەوە کۆمەڵگەی کوردی ئەو کۆمەڵگە نایابە نەبێ بۆ ژنی کورد، بەڵام لە بواری سیاسی و هۆشیاری بەرانبەر مافی تاک، لە ئاستێکی باشدایە. هەر کۆمەڵگەیەک ڕێژەی بەشداری ژنانی لە کاروباری سیاسی و ئاستی سەرکردایەتی باش بێت، بێگومان گەیشتنی ئەو چینە لە کۆمەڵگەش بە مافەکانی ڕێگەی زۆر دژوار نابێ.

بە هۆکاری بوونی حیزبە کوردییەکان و خەباتی نەتەوایەتی لە ڕۆژهەڵات، ئاستی ئەم ئاشنایەتی و بەشدارییەی ژنان لەچاو نەتەوەکانی دیکەی ئێران جێگەی دڵخۆشییە. خەباتی ژنان لە حیزبە کوردییەکان بەمەبەستی یەکسانی جێندەری خەباتێکی درێژخایەن بووە. لە سەردەمی دامەزراندنی یەکەم کۆماری کوردستان و دامەزراندنی ڕێکخراوەی تایبەت بە ژنان بە ناوی یەکیەتیی ژنان، سەلمێنەری ئەو ڕاستیەن و بەشداری ژنان لەکاری ڕێکخراوەیی و حیزبی باکگراوندێکی مێژوویی هەیە، لەگەڵ ئەوەش لە دێرزەمانەوە ئەم ڕاستیە دەرکەوتووە، کلیلی گەیشتنی ژنان بە مافەکانیان لە خۆپێگەیاندن و گەشەسەندنی پەروەردەیی خۆیان و وشیارکردنەوەی کۆمەڵگە بەتایبەتی چینی منداڵان و گەنجەکان دایە. بۆیە لەو دەرفەتانەی بۆ ژنان هاتۆتە بەردەست لە چوارچێوەی خەباتی نەتەوایەتیدا تا ئاستێکی باش ئەنجامی ئەرێنی بۆ ژنی کورد هەبووە.

لەگەڵ ئەوانەشدا دەکرێ بڵێم ئەو هەوڵانەی ژنانی ئێران بە گشتی دەیدەن بۆ گەیشتن بە مافەکانیان، جێگەی ڕێز و پێزانینە، چەوسانەوە و نابەرابەرییەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بۆ ژنان لە چوارچێوەی وڵاتدا بە شێوەیەکی بەربڵاو لە هەموو بوارە یاسایی، کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووری و کەلتوورییەکاندا ڕوونە. واتە لە چوارچێوەی ڕێژیمێکی دیکتارتۆر و دژە ژنی وەک ئێران، بە دڵنیاییەوە ڕێگەی گەیشتن بە ماف و ئازادییەکان نییە، بۆیە بە یەکگرتوویی ژنانی وشیار و بەتوانا تەنیا ڕێگەی وەدەستهێنانی ئەم مافانە بە ڕووخانی ئەو ڕژیمە دەزانرێ و هەر ئاوا دەکرێ، ڕێگەی گەیشتن بە یەکسانی جێندەری و ئازادی ژن ئاسانتر بکرێ.

گرینگە ئێمە وەک ژنانی کورد هەوڵ بدەین هەستی بڕوابەخۆبوون و پشت بەستن بەتواناییەکانمان بەهێزتر بکەین، ئەو ئاستە لە خۆپێگەیاندن و شارەزایی ژنانی کورد بە بەراورد لەگەڵ نەتەوەکانی دیکە ئێران، جێگەی شانازییە. بەڵام ڕەنگە نەبوونی یەکگرتوویی یاخود نەبوونی هەستی متمانە بەخۆبوون، زۆربەی کات ڕێگر بێ لە دەرکەوتنی خاڵە ئەرێنییەکانی بزووتنەوەکانی ژنان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

# وەرگرتنی لەوحی ٢٠ساڵ پێشمەرگایەتی پڕلە شانازی وسەروەری لە لایەن ژنێکی پێشمەرگە

**دڵنووسێک لەلایەن گۆڤاری ژنانەوە بۆ خاتوو مەهتاب خزری**



کۆماری ئیسلامی بارودۆخێکی لە کوردستانی ڕۆژهەڵات پێکهێناوە کە بەهۆی ئەم دۆخەوە خەڵک ناچارن خەبات و تێکۆشانیان هەبێ و لەم پێناوەشدا تێچووی قورسی چالاکییەکانیان بە دژی ئەو ڕێژیمە بدەن، ئەڵبەت ئەمە تەنیا تایبەت بە ئەمڕۆ و دوێنێ نییە، بەڵکوو ئەوە ٤٣ ساڵە کە ئەم ڕەوتە بەردەوامە. لە چوار دەیەی دەسەڵاتداریی ڕێژیمدا بە ڕادەیەک کادر و پێشمەرگە و ئەندامی ڕێبەری شەهید و کەم ئەندام بوون کە بە هیچ شتێک قەرەبوو ناکرێتەوە کە سەرقافڵەی ئەم کاروانەش شەهیدان پێشەوا قازی محەممەد و د. قاسملوو و د. شەڕەفکەندین.

ناوی پێشمەرگە یەکێک لە مەزنترین ناوەکانە و مەقامی پێشمەرگە لە مەزنترین مەقامەکانە. لە هیچ دەوڵەت و دەسەڵاتێکدا چەکدار یان سەرباز هێندەی پێشمەرگە مەزن نییە، لە ڕاستیدا پێشمەرگە مەزنایەتیی خۆی لە خۆشەویستیی خەڵکەکەی بەرانبەر بە خۆی وەردەگرێت.

خەباتی کورد لە ئێران بۆ مافەکانی و تێکۆشانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران مێژوویەکی ٧٧ ساڵەی هەیە و ئەو ڕۆژەی کە حیزبی دێموکرات دامەزرا هەندێک لەو وڵاتانەی ناوچە هەر بوونیشیان نەبوو، بۆیە مێژووی حیزبی دێموکرات و بوونی ئەو حیزبە و نفووزی ئەو حیزبە و جێگەوپێگەی لە کۆمەڵگەی جیهانیدا هەمیشە بۆ کۆماری ئیسلامی جێی نیگەرانی بووە.

ئێستاکە خەباتێک بە ناوی خەباتی ژنان دەستی پێکردووە، خەباتێک کە ژنان پێشەنگی بوون و ڕۆڵی ژن لە شەقامەکانی ئێران دیار و بەرچاوە، نابێ لەبیری بکەین کە چەندین ساڵە ژنانی پێشمەرگە لە ڕیزەکانی حیزبە سیاسییەکان بەتایبەت حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا هاوکات و هاوڕێی پێشمەرگە پیاوەکان بوونە و زۆر جار ئەرکی قورستریشیان لە ئەستۆ گرتووە، چونکە ئەوان جیا لە ئەرکی پیرۆزی پێشمەرگایەتی هاوکات وەک هاوڕێ و هاوسەنگەری هاوسەرەکانیان و وەک دایکیش توانیویانە ڕۆڵی کاریگەر بگێڕن، واتە توانیویانە چەندین ڕۆڵی گرینگ پێکەوە گرێ بدەن و ئەمەش وای کردووە کە قورساییەکی زیاتر بکەوێتە سەر شانیان.

حیزبی دێموکرات لە ماوەی چوار دەیە خەباتی چەکداریی خۆیدا چەندین دەورەی پەروەردەی تایبەتی پێشمەرگەی بەڕێوە بردووە کە بە خۆشییەوە هیچکام لەو دەورانە لە بوونی ژنان و کچان بێبەری نەبوون.

لە ڕاستیدا زۆریان بە هۆکارگەلی جیاواز لە ڕیزی پێشمەرگە هاتوونەتە دەرێ و بەشێکیان گەیشتنە قۆناغەکانی بڕیاردان و وەک ئەندامی ڕێبەری لە حیزبدا ئەرکیان وە ئەستۆ گرت و بەداخەوە چوونە ڕیزی شەهیدان، کە لەوانە دەتوانین ئاماژە بە ناوی تازەترین شەهیدانی ڕێبەر شەهید سوهەیلا قادری و شەهید نەسرین حەداد بکەین کە لە کارەساتی نامرۆڤانەی ١٧ی خەرمانانی ١٣٩٧ی هەتاویدا لە قەڵای دێموکرات شەهید بوون.

ئەوەی کە گرینگە ئەم ڕاستییەیە کە لەو ڕێبازەدا چەندین ژن هەن کە هەتا ئێستا ماونەتەوە و پێشمەرگەن کە یەک لەوان خاتوو مهتاب خزرییە. مهتاب خزری کچە شەهید و خەڵکی سەردەشتی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، ئەو خاتوونە ٢٠ ساڵ پێش ئێستا جلی پیرۆزی پێشمەرگایەتیی لەبەر کرد و چەکی کردە شان و بوو بە پێشمەرگە و هەتا ئێستا بە شانازییەوە خزمەت بە گەل و حیزبەکەی دەکا.

مەهتاب خزری لە ماوەی ٢٠ ساڵ خەبات و تیکۆشانی خۆیدا وەک کادری حیزب و ئەندامی یەکیەتیی ژنان و ماوەیەک ئەندامی بەڕێوەبەریی یەکیەتیی ژنان توانیویەتی نموونەی ژنێکی سەرکەوتوو و دایک و هاوسەرێکی تێکۆشەر لەخەباتدا بێت کە لە ٢٦ی سەرماوەزی ئەمساڵدا خەڵاتی ٢٠ ساڵ تیکۆشان لە ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی لە لایەن ناوەندی پێشمەرگەی حیزبەوە وەرگرت.

بوونی ژنان لە ڕیزی خەباتکارانی شاخ و شاردا، جێگای بایەخە و دەبێ بە گرینگییەوە باسی لێ بکرێ.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# تاسەباری یا وتاری شۆڕش؟



هەردی سەلیمی

تاسەباری، کردەیەکی کولتووری و مێژوویی‌یە و جیاوازییش لە نێوان کردەی تاسەباران‌دا هەیە و لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر جیاوازە. بەگشتی بۆ خەمی لەدەست‌دانی کەس یا شتێک دەکرێ. ئەم ماوەیە شێوازێکی نوێمان لەم کردە کولتوورییە لە کوردستان و تا ڕادەیەکیش ئێران بینی.

هەروەک ئاماژەم پێ‌کرد تاسەباری ئەکتێکی کولتوورییە و بۆ ڕێز لە یادی کەسی لەدەسچوو یاخود هاوبەش‌کردنی خەمی هەر ڕووداوێک بەڕێوە دەچێ. لە پێوەندی لەگەڵ مەرگدا پتر ڕووی ئایینیی بابەتەکە دەردەکەوێ، کە خودی ئاییینیش بابەت و چەمکێکی کولتوورییە. لە مێژوودا زۆر ڕووی داوە کە مەرگی کەسایەتییەک و یادکردن لەو مەرگە "بەپیرۆز" بکرێ و ئەمەش زیاتر لە ئایینی مەسیحیەت و دواتریش لە ئایینزای شیعەدا بەرچاو بووە. وردە وردە هەر لە چوارچێوەی ئایین و کولتووردا قەتیس نەمایەوە و کەڵکی سیاسییشی لێ‌وەرگیراوە. هەر لە سەردەمی پەهلەوی‌دا لە ئێران، ڕێبەرانی ئایینیی شیعە کەڵکیان لەم دەرفەتە وەرگرت و لە ڕاستی‌دا کردیانە کردەیەکی سیاسیی دژبە ڕێژیمی پەهلەوی، کە کاراش بوو و ئەوانی بە ئامانجەکەیان گەیاند.

لە ڕاستی‌دا شۆڕش مەیدانی کردەوە و خۆنواندنە، گەر شۆڕش گشتگیر دەبێ، کەس بێ‌کار نییە و هەر کەسێک بەقەدەر توانایی خۆی ڕۆڵ دەبینێ. ڕۆڵی تاکەکانیش جیاوازە، بەڵام هەموو بۆ ئامانجێکی گشتییە کە دێنە مەیدانەوە.

لە مێژووی کوردەواری‌دا کۆمەڵێک ڕووداوی دڵتەزێن ڕوویان داوە، کە پاش شەهیدبوونی قارەمانەکان، کەس‌وکار و تاسەبارانیان بەوپەڕی ورەبەرزییەوە دەرکەوتوون. بۆ نموونە دایکی شەهیدانی ناوچەی فەیزوڵڵابەگی کە پاش ئەوەی دەچێتە سەر تەرمی کوڕە شەهیدەکانی، گۆنایان سوور دەکا و لە ڕوون‌کردنەوەکەی‌دا دەڵێ: "نامهەوێ دوژمنان منداڵەکانم بە ڕەنگ‌زەردی ببینن." لەم نموونانە لە مێژووی کوردستان و خەباتی پڕتێچووی ئەم زێدەدا زۆرن. لێرەدایە کە دەبینین ئامانجی گشتی لە ژیانی تاک گرینگتر دەنوێنێ، ئامانجی کەسە لەدەسچووەکان کەلێک گرینگتر دەبێ لە خودی خۆیان.



**کاتێک شۆڕش بەرینتر و بەرفراوانتر بووەوە، لە شار و ناوچە جیاجیاکان کۆمەڵێک لە خەڵک و بەتایبەت لاوانی ڕاپەڕیو، گیانیان بەخت بوو. لە کوردستان پۆششی ڕەش و مۆم هەڵکردن و ... نەبووە باو و هیچ ڕێگەی پێ‌نەدرا، بەڵکوو سەر گۆڕی هەر شەهیدێک بووە تریبۆنێک و هەر وتارێکی خۆڕسکانەی دایک و باوک و کەس‌وکاری شەهیدەکان، بوونە مانیفێستێک بۆ شۆڕش و بەردەوامییەکەی.**

بە لەبەرچاوگرتنی ئەم پاشخانە با بڕوانینە ئێستای کوردستان و کوردستانی ئەمڕۆمان لەدوای دەسپێکی ڕاپەڕینەکەی ژینا. پاش ئەوەی لە تاران "ژینای ئەمینی"یان کوشت و دانەوەی تەرمەکەیان لە ترسی پێشوازیی خەڵک، وەدوا دەخست و شوێنیان دەگۆڕی، بەڵام بەو حاڵەشەوە نەیانتوانی پێش بە ئیرادەی حزووری خەڵک بگرن و ڕۆژی ناشتنی ژینا بووە ڕۆژێکی مێژوویی و تایبەت لە مێژووی هاوچەرخی ڕۆژهەڵات و ئێران‌دا. هەر لەو ڕۆژەدا بوو کە ڕستەیەکی مێژوویی لەسەر کێلی گۆڕی ژینا نووسرا: "ژینا گیان تۆ نامری، ناوت ئەبێتە ڕەمز" ئەم ڕستەیە گەورەترین دڵدانەوە بوو بە بنەماڵەی ئەمینی و باشترین هەوێن و نەخشەڕێگای داهاتووی شۆڕشەکە.

کاتێک شۆڕش بەرینتر و بەرفراوانتر بووەوە، لە شار و ناوچە جیاجیاکان کۆمەڵێک لە خەڵک و بەتایبەت لاوانی ڕاپەڕیو، گیانیان بەخت بوو. لە کوردستان پۆششی ڕەش و مۆم هەڵکردن و ... نەبووە باو و هیچ ڕێگەی پێ‌نەدرا، بەڵکوو سەر گۆڕی هەر شەهیدێک بووە تریبۆنێک و هەر وتارێکی خۆڕسکانەی دایک و باوک و کەس‌وکاری شەهیدەکان، بوونە مانیفێستێک بۆ شۆڕش و بەردەوامییەکەی. نموونەکان زۆرن و مەجالی ئەوە نییە یەکەیەکەیان لێرەدا ئاماژە پێ‌بکرێ، دەنا هەرکام لە وتەی کەس‌وکاری شەهیدان، دەتوانێ لە ڕیزی بەنرخترین وتەکانی مێژووی شۆڕش‌دا بۆ هەمیشە تۆمار بکرێن. باوکی شەهید "فەرەیدوون ئەحمەدی" بەوپەڕی ڕاشکاوی و بێ‌لاڵەپەتەیی و ڕاستەوخۆ هەموو کەسە بەتەمەنەکانیشی بانگهێشتی بەشداریی شۆڕش کرد و هەر لەسەر گۆڕی کوڕەکەی وتی: "ئەم کۆنە ئەبێ نەمێنێ، ئەم کۆنەپەرستییە ئەبێ بڕوا". دایکی شەهید "پەیمان مینبەری" وتی: "پێویستم بە پرسە نییە، خوێنی ڕۆڵەکەم با ون نەبێ." کوردستان بە وشیارییەوە ئەم داوایەی قەبووڵ کرد و ئەمجار دروشمی سەرەکیی خەڵکەکە بووە "دایە مەگری بۆ ڕۆڵە! شەرت بێ بستێنین

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تۆڵە". هیچ بنەماڵەی شەهیدێک لە کوردستان بەتەنیا جێ نەهێڵدرا و ئاپۆرەی خەڵکی هاوبەڵێن و داخلەدڵ هەتا دواسات هاوڕێ و هاودڵی بنەماڵەکان بوون و هەر هەموو بنەماڵەکانیش هەستیان بە سەربەرزی و سەرفەرازی دەکرد و بە جۆرێک لە جۆرەکان خۆیان بە بەختەوەر دەزانی کە شانازیی بوونە بنەماڵەی شەهیدیان پێبڕاوە.

بۆ ئەوەی هەستی پڕبەجێ و شیاوی ئەم بنەماڵانەمان بۆ دەربکەوێ، با فەکتێک بێنمەوە لێرەدا، بەپێی ئاماری فەرمیی خودی کۆماری ئیسلامی لە ساڵی ١٣٩١دا لە کۆی ٣٦٥ ڕۆژی ساڵ، ٢١٨ ڕۆژی شاری تاران گیرۆدەی پیسیی هەوا بووە و هەر لەو ساڵەدا ٤٤٦٠ کەس بەهۆی ئەو کێشەیەوە گیانی خۆیان لەدەست داوە؛ سەرنج بدەن ٤٤٦٠ کەس! هەر ئەم ئامارە بێننە لای کوژراوانی پێکدادانی ماشێن، قوربانیانی سەرەتان و مادە هۆشبەرەکان و کۆڵبەران و ... جا ئەمجار بۆمان دەردەکەوێ کە ماشێنی کوشتار و قەتڵوعامی کۆماری ئیسلامی چەندە دڕندانە کار دەکات، بەرپرسیاریی هەموو ئەم مەرگانە لە ئەستۆی دەسەڵاتە، بەڵام کەمترین ڕەخنەشی لێوەرنەگیراوە و وەک چارەنووسێک سەیر کراوە! کە گۆڕانی لە دەستی خەڵکدا نەبووە و قەزا و قەدەر وای هێناوە! ئەم نموونەیەم بۆیە هێنایەوە کە بڵێم کامە دەسەڵاتی دیکتاتۆری هەیە کە لە ماوەیەکی کورتدا ٤٤٦٠ کەس بکوژێ بۆ مانەوەی خۆی لە دەسەڵات؟ هیچ کام لەو مەرگانە هیچ تێچوویەکیشیان بۆ کۆماری ئیسلامی نەبووە. من نامەوێ بڵێم مەرگ هەر هەیە با بە شەهیدبوون بێ، بەڵام بە بینینی ئەم ڕاستییە بۆمان دەردەکەوێ هەتا کۆماری ئیسلامی بوونی هەبێ، ئەوە مەرگە بە دەممانەوە پێدەکەنێ.

خەڵکی کوردستان کە بەحەق بوونەتە ئۆلگوو و سەرباشقە، بەباشی لەم ڕاستییە تێگەیشتوون و ئاگاداری ئەوە هەن کە مانەوەی کۆماری ئیسلامی واتە مەرگ، ئەویش مەرگێک کە ڕەنگە هەستی هاوسۆزیی خەڵک ڕانەکێشێ و ئازیزە لەدەستچووەکانیان نەبنە قارەمان و ناویان نەبێتە ڕەمز و لە بێدەنگیدا بنێژرێن، بۆیە داوایانە بۆ ژیان و ژیانەوە، بۆ نەهێشتنی ئەم هەمووە نگریسی و مەرگە، بەیەکجاری کۆتایی بە دەسەڵاتە بهێنرێ، ئەگەر تەنانەت لەو ڕێیەدا مەرگی تریش ببێتە میوانیان.

ساڵی ٥٧دا زۆریەک لە ژنانی بێحیجاب بۆ دژایەتیی ڕێژیمی شا، لەچکیان بەسەر سەریاندا دەدا و بەم شێوەیە جیاوازیی خۆیان لەگەڵ دەسەڵات زەق دەکردەوە.

ئەوەی کە کات کۆمەڵێک ئەکت دەگۆڕێ گرینگە، بەڵام گرینگتر لە کردەوەکە ئاکامێکە کە لەدوای خۆی دەیبێ. کاتێک "خوسرەو گوڵسورخی" وەک مارکسیست-لێنینیستێک سزای لەسێدارەدانی بەسەردا سەپا و لە دەنگوڕەنگی ئەوکاتی ئێراندا بۆ ترساندنی خەڵک و پاساو بۆ ئێعدامی ئەوان، "دادگایی"یەکەیان بڵاو کردەوە، باسی لە ئیمامی یەکەمی شیعەیان کرد




باوکی شەهید "کۆمار دەرئۆفتادە" دەبێتە قارەمانێکی نەتەوەیی و بێترس ڕوو لە خامنەیی و هەموو دیکتاتۆران، ئەنجام و کۆتاییی خوێنمژییەکانیان وەبیر دێنێتەوە و دەڵێ ئەوەی دەمێنێ ئێمەین نەک ئێوە! ئەمە سەرچاوە لەوە دەگرێ کە ویستی تاک، جێی خۆی گۆڕیوەتەوە بە ویستی گشت، لەم ڕۆژانەدا خوشکی "عەلی ڕووزبەهانی"، یەکێکی تر لە گیانبەختکراوانی ئەم شۆڕشە، لە چلەی براکەیدا حیجابی زۆرەملیی لەسەر لابرد و بەم شێوەیە پاڵپشتی و هاودڵیی خۆی سەرەڕای بڕوا کەسۆکییەکانی، بۆ خەڵکی ڕاپەڕیو ڕاگەیاند؛ ئەم کردەوانە لە کاتدا واتای زۆریان هەیە. لە بەرەبەری شۆڕشی

**لە ڕاستیدا شۆڕش مەیدانی کردەوە و خۆنواندنە، گەر شۆڕش گشتگیر دەبێ، کەس بێکار نییە و هەر کەسێک بەقەدەر تواناییی خۆی ڕۆڵ دەبینێ. ڕۆڵی تاکەکانیش جیاوازە، بەڵام هەموو بۆ ئامانجێکی گشتییە کە دێنە مەیدانەوە.**

و وەک سەرباشقەی خۆی ناوی هێنا، لە جێی خۆیدا گرینگ بوو بۆ ئەوەی خەڵکانێکی تریش بەتایبەت ئایینییەکان ببنە دوژمنی دەسەڵات و کێشەکە تەنیا لە بەرەیەکدا نەمێنێتەوە. پاش نزیکەی پەنجا ساڵ "مەجیدڕەزا ڕەهنەوەرد" دێ و دەڵێ: "لەسەر گۆڕم هەڵپەڕن و شادی بکەن" یانی ئەی هەموو ئەوانەی خوازیاری شادی و خۆشین، من بەشێکم لە ئێوە و ئێوەش بە نەهێشتنی دەسەڵاتی شادیکوژ، وەدیهێنەر و پارێزەری ویستەکانم بن. ئەم پەیامانە لە دواساتەکانی ژیاندا، پەیامی گرینگ و چارەنووسسازن، ڕاستە دەسەڵاتەکان بۆ ترساندن و تۆقاندن خەڵک دەکوژن و دەیانهەوێ پەیامی بێدەسەڵاتیی بەندییە سیاسییەکان لە ڕێگەی دەنگوڕەنگیانەوە بڵاو بکەنەوە، بەڵام هەمیشە کاردانەوەی پێچەوانەیان دەبێ و خەڵک دەبنە گوێگری چالاکە سیاسییە قوربانیبووەکان، نەک دەسەڵاتە ترسێنەرەکان.

لە نوێترین دەرکەوتنی خاوەن شەهیدەکاندا، دایە "فاتمە مستەفازادە" دایکی شەهید "محەممەد حاجیڕەسووڵپوور" هەر لە درێژەی ئەو تێئۆرییە خۆڕسکەی ئەم ڕۆژانەدا کە تاسەبار بم یا ڕێبەرایەتیی شۆڕش بکەم؟ وتی: "من ناگریم، وەک تەرەغە وام، ڕۆڵەکەمم پێشکەش بە نیشتمان کردووە." ئەمەیە کە کوردستان و کردە شۆڕشگێڕانەکەی دەبێ ببێتە سەرباشقەی هەموو ئازادیخوازانی جیهان، دەسماڵی سووری دەستی دایکی شەهید "سمکۆ مەولوودی" دەبێ ئاڵای شۆڕش بێ تا ڕۆژی سەرکەوتن، نەک ڕەشپۆشین و ئەژنۆی خەفەت لە باوەشگرتن.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ژنان لەم بزووتنەوەیەدا ڕێبەرن



ئاسۆ مینبەری

زیاتر لە سێ مانگە ژینگەی کوردستان بووە بە گۆڕەپانێکی بەهێز بۆ بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ داگیرکەران، گۆڕەپانێک لێوڕێژ لە وزە و پۆتانسیێل کە دوو فاکتەری سەرەکیی بەجەماوەریتربوون و ڕادیکاڵتر بوون، توانیویانە پێناسە و فۆرمێکی جیاوازتر لەوەی پێشوو بەم بزووتنەوەیە ببەخشن.

بە کورتی بزووتنەوەکە ئاوا دەستی پێ کرد: کچێکی کورد بە سەفەر ڕووی لە تارانی پێتەختی ئێران کرد، لەوێ بە بیانووی نەبوون یان پێڕەونەکردنی یاسای داسەپاوی حیجابی زۆرەملێ کەوتە بەر هێرشی دڕندانەی بەناو پۆلیسەکانی گەشتی ئێرشادی ڕێژیم و بەهۆی لێدان و توندوتیژییەک کە بەرانبەری کرا، بەداخەوە بە هەزاران ئاوات و خۆزگەی بەدی نەهاتوو، شەهید کرا. لەسەر گۆڕەکەی ژینای جوانەمەرگ نووسرا: «ژینا گیان تۆ نامری، ناوت دەبێتە ڕەمز» و ئەمە بوو بە دەسپێکێک بۆ سەرهەڵدانێکی مەزن نە تەنیا لە کوردستان بەڵکوو لە ئێرانیش، سەرهەڵدانێک کە زیاتر لە سێ مانگە درێژەی هەیە و هەر ڕۆژێکی لێوڕێژ بووە لە کۆمەڵێک حەماسە و چیرۆکی جیاواز و لە هەمان کاتیشدا کاریگەر!

چەندین فاکتەر هەن کە لە بزووتنەوەی ئەمجارەدا گرینگ و جێی بایەخن کە لە خوارەوە ئاماژەیان پێ دەکەم:

**- کوردبوونی ژینا:**

لە ماوەی ٤٣ ساڵی ڕابردوودا ڕێژیمی ئێران بە هەموو هێزەوە هەوڵی داوە کە کوردستان و گەلی کورد لە بوون و شوناسی ڕاستەقینەی خۆیان داماڵێ، بۆیە لە هەر دەرفەتێک بۆ ئەم مەبەستە کەڵکی وەرگرتووە و زۆرجاریش بە تێچوویەکی ماددیی زۆرەوە پیلانی داڕشتووە تاکوو بتوانێ خەسار بە کوردستان بگەیەنێ، لە ڕاستیدا زیندووبوونی کوردستان لە باری سیاسییەوە و تێگەیشتنی خەڵکی کوردستان لە چییەتیی کۆماری ئیسلامی وای کردووە کە کوردستان هەمیشە وەکوو دوژمنی دەسەڵات چاوی لێ بکرێت؛ بۆیە لە سەفەری ژینای کوردستانیشدا بۆ تاران، هێزەکانی گەشتی ئێرشاد وەکوو ئەوی تر و دوژمن هەڵسوکەوتیان لەگەڵ کرد و ئەو ڕق و بێزارییەی کە دەسەڵات لە کوردی هەبوو، لە ...ەدا کە کوشتنی ژینادا خۆی دەرخست.



**سەرنجدانێکی خێرای ئاخرین ستۆری و پۆستی شەهیدەکانی ڕاپەڕینەکان بەتایبەت لە کوردستان دەری دەخات کە ئەوان خۆیان یەکلایی کردووەتەوە، بۆیە بوێرانە و بەمەبەستی بە ئامانج گەیاندنی ڕاپەڕینەکە هاتبوونە مەیدانی کردەوە**

**- ڕەگەزی ژینا:**

لەوەتەی کۆماری ئیسلامی وەکوو دەسەڵاتی حاکم بە سەر ئێراندا هاتووەتە سەر کار، دژایەتی لەگەڵ ژن بەشێکی حاشاهەڵنەگر لەم دەسەڵاتە بووە. هەر لە دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران و بەتاڵانبردنی دەسکەوتەکانی ئەم شۆڕشە لەلایەن ئاخوندەکانی ڕێژیمەوە، ژنان یەکەم توێژی کۆمەڵگا بوون کە کەوتنە بەر ڕقی ڕێژیمەوە، یەکەم هەنگاویش بۆ ئەم مەبەستە سەپاندنی حیجابی زۆرەملێ بۆ ژنان بوو کە هەر لەو کاتەشدا لەگەڵ دژایەتیی ژنان بەرەوڕوو بووەوە، بەڵام ڕێژیم بە داڕشتنی یاسا و کەڵکوەرگرتن لە ئایین وەکوو ئامرازێک بۆ سەرکوتی ژنان، توانی حیجاب بە سەر ژنانی ئێراندا بسەپێنێ. ئەمە ڕاستیەکی حاشاهەڵنەگرە کە لە ماوەی ٤٣ ساڵی ڕابردوودا، حیجاب بەشێکی قەبووڵنەکراو لە ژیانی ژنان بووە، هەر بۆیە بینیومانە کە بە شێوازگەلی جیاوازیش و لە قۆناغی جیاوازدا بەنیسبەت ئەم بابەتە نارەزایەتییان دەربڕیوە و بەرەوڕووی بوونەتەوە.

فاکتەری ژنبوونی ژینا و ئیدئۆلۆژیی دەسەڵاتی حاکم کە چییەتییەکەی دژایەتی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەگەڵ ژن و ئازادییەکانیەتی لە هۆکارە سەرەکییەکانی کوشتنی ژینا بەدەستی پیتەخنشینان بوو؛ دوژمنایەتیی دەسەڵات و ئیدئۆلۆژییەکەی لەگەڵ ژنان بووە هۆی ئەوەی کە ژینا ببێتە قوربانیی قەتڵێکی حکوومەتی!

**- هەستیاربوونی کۆمەڵگای کوردستان بەنیسبەت ژنان:**

لە ڕاستیدا شەهیدبوونی ژینا و لەسەرهەستبوونی کۆمەڵگای کوردستان بەنیسبەت قەتڵی حکوومەتیی ژینا توانی گۆڕانێکی گەورە درووست بکات و پێناسەی ڕاستەقینەی کوردستان زیاتر دەربخات کە ئەمە لە ڕاستیدا وەکوو شکستهێنانی دەسەڵات دەبێ چاوی لێ بکرێ. ئێران یەکێک لەو وڵاتانەیە کە ڕێژەی توندوتیژییەکان تێیدا بەنیسبەت ژنان زۆرە، خودی یاسا و دەسەڵات بە شێوەی سیستماتیک بەرانبەر بە ژنان توندوتیژی دەنوێنن و لە ڕێگەی میدیا و قوتابخانە و باقی پێگەکانیشەوە کە لەبەر دەستی دەسەڵاتدان توندوتیژییەکان بەرانبەر بە ژنان ئاسایی دەکرێنەوە؛ ڕێژیم بەنیسەت کوردستان لەم بوارەدا سیاسەتێکی جیاوازی هەبووە، ئەگەر لە مانگێکدا لە سەرتاسەری ئێران ١٠ ژن کوژرابێتن و لە کوردستان یەک ژن، بێگومان ڕێژیم هەوڵی داوە ئەوەی کوردستان زەقتر نیشان بدات، بۆ ئەوەی کوردستان شوێنێکی نائەمن بۆ ژنان نیشان

**ژنان بە بەشداریی چالاکەنە و پۆزەتیف لەم ڕاپەڕینەدا سەلماندیان کە ڕێبەرن! ڕێبەرانێک لەخۆبوردوو و بەهێز کە ئامادەن بۆ ڕزگاریی خاک و نیشتمان پێشمەرگانە تێبکوشن**

بدا و بڵێ پیاوی کورد جگە لە توندوتیژی بەرانبەر بە ژنان هیچ ئاکارێکی ئەمرۆیی نازانێ و بەگشتی پیاوی کورد بە مرۆڤێکی نەزان و دەمارگرژ و توندوتیژ لەقەڵەم بدات.

بەڵام مەرگی ژینا ئەم پێناسەی لە ڕێژیم تێک دا؛ پیاوانی کوردستان بەنیسبەت قەتڵی حکوومەتیی ژینا لەسەرهەست بوون، چونکە مەرگی ژینایان بە دەستدرێژیی ئاشکرای دەسەڵات بۆ سەر شوناسیان واتە کوردبوونیان و بەشێکی جیانەکراو لە کۆمەڵگای کوردستان واتە ژنانی کوردستان زانی!

ڕەنگە زۆر کەس لە سەر ئەو بڕوایە بن کە ئەگەر ئەمە بەنیسبەت کچێک لە شارێکی دیکەی ئێران ـ مەبەست جگە لە کوردستانە ـ ڕووی دابا هەڵوێستەکە هەر ئەوە دەبوو و پیاوان دەهاتە سەر شەقام، بەڵام ڕاستییەکە شتی دیکەمان پێ دەڵێت، مەگەر کچی شین(دختر آبی)، بەهۆی گوشارەکانی ڕێژیم بۆ ڕێگریکردنی ژنان بۆ چوونە نێو ستادیۆمی فووتباڵ و بینی یاریی تیمی دڵخوازی خۆی ئاگری لە جەستەی خۆی بەر نەدا؟ مەگەر ئەمە توندوتیژیی سیستماتیکی دەسەڵات بەرانبەر بە کچێکی ئێرانی نەبوو؟ ئەی چۆن بوو کە بەنیسبەت مەرگەکەی هیچ نارەزایەتییەک نەهاتە ئاراوە؟

**- بەجەماوەریتربوون:**

ڕاپەڕینێک لە کوردستانەوە بە دروشمی ژن، ژیان، ئازادی دەستی پێ کرد، هەموو خەڵکی کوردستان بە چین و توێژی جیاوازەوە هاتنە سەر شەقام و دژی ڕێژیم و دڕندەییەکانی ڕاپەڕین، زۆری نەخایاند کە شارەکانی دیکەی ئێرانیش هاتنە سەر شەقام و بەکەڵکوەرگرن لە دروشمێک کە ئاخێزگەکەی کوردستان بوو، پەیوەست بە ڕاپەڕینەکەوە بوون؛ ڕاپەڕینەکە توانیی هەم لە بواری حەشیمەتەوە بەربڵاوتر بێت هەم لە باری جوغرافیاییەوە، ڕووبەرێکی گەورەتر لەگەڵ خۆی بخات.

**- ڕادیکاڵتربوون:**

ئەگەرچی پێشتریش نارەزایەتییەکان دروشمی ڕادیکاڵیان تێدا دەوترایەوە و تەواویەتی ڕێژیم و ڕێبەرانی دەکرانە ئامانج بەڵام لە ڕاپەڕینی ئەمجارەدا هەم داڕشتنی دروشمەکان جیاوازترە و هەم خەڵکی ڕاپەڕیو کردەوەی ڕادیکاڵتر لە خۆیان نیشان دەدەن؛ ئانالیزکردنی کردەوەی خەڵکی ڕاپەڕیو لە زۆربەی شارەکانی کوردستان و ئێران نیشان دەدات کە خەڵک بە ئامانجی ڕووخانی ڕێژیم هاتوونەتە سەر شەقام، سەرنجدانێکی خێرای ئاخرین ستۆری و پۆستی شەهیدەکانی ڕاپەڕینەکان بەتایبەت لە کوردستان دەری دەخات کە ئەوان خۆیان یەکلایی کردووەتەوە، بۆیە بوێرانە و بەمەبەستی بە ئامانج گەیاندنی ڕاپەڕینەکە هاتبوونە مەیدانی کردەوە.

**- دابەزینی تەمەنی بەشداربووان لە ڕاپەڕینەکە:**

چاوخشاندنێک بەسەر ڤیدیۆ و وێنە بڵاوکراوەکان نیشان دەدات کە زیاترین ڕێژەی بەشداربووان لەم ڕاپەڕینە کەسانێکن کە تەمەنیان کەمە، کەسانێک کە هاوکات لەگەڵ ژیانکردن لەژێر چەتری دەسەڵاتی سەرەڕۆ و تۆتالیتەری ئێران و سەرەڕای هەموو هەوڵەکان بۆ پەروەردەی ئیدئۆلۆژیکیان و ڕاکێشانیان بۆ ڕیزی بەسیج و مودافعانی حەرەم و گرووپە نیابەتییەکان بە بیری ڕزگاری لە چنگی دیکتاتۆری پەروەردە کراون! نەسڵێکی نوێ کە ڕێژیمیان لە خۆیان بێهیوا کرد و بە هەبوونیان لە مەیدانی کردەوەدا بە ڕاشکاوی ڕایانگەیاند

**ژنان بوونەتە سەرقافڵەی کاروانی بێپسانەوەی تێکۆشان بۆ ڕزگاری و ئەبێ دواوێستگەی ئەم ڕاپەڕینە هەر ڕزگاری بێت**

کە داهاتوویان دەوێ و نایانەوێ لە بەرانبەر بێدادی و سەرەڕۆیی ڕێژیمدا بێدەنگ بن.

**- بەشداریی ژنان:**

ئەوەی کە زیاتر دەبێ بایەخی پێ بدرێت، بوونی ژنانە، بە پێچەوانەی پێناسەی باوی کۆمەڵگا و ئەوەی کە ڕێژیم هەمیشە هەوڵی دابوو جێگیری بکات، ژنان لە مەیدانی کردەوەدا خۆیان بە کۆمەڵگا سەلماندەوە، بە دەیان ژن لەم ڕێبازەدا چوونە کاروانی شەهیدانی کوردستانەوە، دایکی شەهید بە بوێرییەوە دەڵێ کچی نیشتمان نەبم ئەگەر تۆڵەی نەستێنم، هاوسەری شەهید بە وتنەوەی دروشمی شەهید نامرێ دەبێتە لیدەری ڕاپەڕینەکە، دایکی شەهیدێکی دیکە بە چۆپی کێشان دەچێتە پێشوازی تەرمی کوڕەکەیەوە، دایکێکی دیکە بە بوێرییەوە گرتە ڤیدیۆیەک بڵاو دەکاتەوە و ڕاشکاوانە دەڵێ بکوژی کوڕەکەی من کۆماری ئیسلامییە! ئەمانە نموونەگەلێکی بچووک لە هەزاران تابلۆی پڕ لە وانەی شۆڕشی ژینان، شۆڕشێک کە بە شەهیدبوونی ژنێک دەستی پێکرد و ئێستاش ژنانن کە بە بوونیان لە مەیداندا و بە پاڵپشتیردن لە کوڕ و هاوسەر و براکانیان بوونەتە هەوێنی درێژەپێدانی.

ژنان بە بەشداریی چالاکەنە و پۆزەتیف لەم ڕاپەڕینەدا سەلماندیان کە ڕێبەرن! ڕێبەرانێک لەخۆبوردوو و بەهێز کە ئامادەن بۆ ڕزگاریی خاک و نیشتمان پێشمەرگانە تێبکوشن و لە بەرانبەر هێزە دڕندەکانی ڕێژیمدا سینگیان بکەنە قەڵغان بۆ پاراستنی نیشتمان. ژنانی کوردستان ژینایان کردە سەرقافڵەی کاروانی تێکۆشان و بە بەشداریی چالاکانە، ناوی ژینایان کردە ڕەمزی بەرخودان بۆ بەگژداچوونەوەی داگیرکەران.

ڕاستە کە شۆڕشی ژینا، شۆڕشێکی جەماوەرییە و هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگاش توانییان خۆیان تێدا ببیننەوە بەڵام بێگومان بەشداریی ژنان توانی ڕەنگوبۆنێکی جیاوازتر لەوەی جاران بەم شۆڕشە ببەخشێت، هەر بۆیە ئاسۆی ڕزگاری زۆر ڕوونتر لە جارانە. ژنان بوونەتە سەرقافڵەی کاروانی بێپسانەوەی تێکۆشان بۆ ڕزگاری و ئەبێ دواوێستگەی ئەم ڕاپەڕینە هەر ڕزگاری بێت.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# شۆڕشی ژینا، نوقتەگۆڕانێکی مێژوویی



مۆژگان عەلیپوور



بزاوتە کۆمەڵایەتییەکان و شۆڕشەکان لە وڵاتانی دیموکرات و پێشکەوتوو زۆر جیاوازترن لە وڵاتانی جیهانی سێهەم و دواکەوتوو. ڕەنگە بەشێک لەم جیاوازیيانە بگەڕێنەوە بۆ هۆکارەکان و بەستەرەکان و ئاخێزگەی جیاوازییە کۆمەڵایەتی، ئابووری، سیاسی، کولتورییەکانەوە. شۆڕشی ئەمجارەی «ژینا» وێنەیەکی جیاوازە لە چاو ڕووداوە هاوشێوەکانی پێش خۆی. تایبەتمەندی و ڕەهەندە نوێیەکانی ئەم بزاوتە وایان کردووە ببێتە نوقتەگۆڕان و دەستپێکی ڕەوتێکی نوێ کە سێبەری لەسەر داهاتووی ئێران و گۆڕانکارییە نێوخۆییەکانی ئەم جوغرافیایە قورسایی دەکات. جیاوازی و بێ وێنەیی ئەو شۆڕشە لەوەدایە کە پاش زیاتر لە ٤ دەیە دەسەڵاتدارییەتی ڕێژیمی ئاخوندی، ئەمجارە ژنانی ئێران، وە بە تایبەتی ژنانی کوردستان، پێشەنگایەتی ئەو شۆڕشەیان بە دروشمی «ژن ژیان ئازادی» کردووە.

ژینا ئەمینی، کچە کوردێکی خەڵکی ڕۆژهەڵات و شاری سەقز، پاش ئەوەیکە لەگەڵ بنەماڵەکەی بە سەفەرێک سەردانی تاران دەکا، تەنیا لەبەر ئەوەیکە تاڵە قژەکانی لە ژێر ڕووسەرییەکەیەوە وەدەر دەکەوەێ لەلایەن هێزەکانی» گەشتی ئێرشادی» ڕێژیمی ئێرانەوە دەسبەسەر دەکرێ و پاش ئەشکەنجە و ئازارێکی زۆر گیانی لە دەست دەدا، ئەمەش دەبێتە هەوێنی ڕاپەڕین و خەباتێکی بەربڵاو و بێ وێنە لە ئاستی کوردستان و ئێران.

زیاتر لە سێ مانگە شۆڕشی ژینا لە شکڵ و فۆرمی جیاوازدا، بە ناوەرۆک و پێکهاتەی جیاوازیەوە، لە پانتای کوردستان و هەرێمە نەتەوەییەکانی دیکەی ئێران بەردەوامە، لە ڕوانگەیەکەوە، ئەم ڕوتە ڕوولەگەشەیە، لە ئاستی جیهانی و ناوچەییدا جیاوازیی لەگەڵ هەموو شۆڕشەکانی پێش خۆی هەیە، لە ڕوویەکی دیکەوە، بەدەر لە بایەخ و ئامانجە مرۆیی و ئازادیخوازانەکەی، لە ڕووی پێکهاتە و بەربڵاو و تایبەتمەندییەکانیەوە، شوێنکەوتەی هیچ شۆڕشێکی دیکە لە جیهاندا نەبووە، ڕەهەندی ئەم جیاوازییەش دەگەڕێتەوە بۆ دەرد و ئازارو هاوکات خولیا و ئاسۆی ڕووانینی پێکهاتە و لایەنە بەشدارەکانی بزاوتەکە بەرەو ڕزگاری و ئازادی و تێپەڕینیان لە ستەمی فرەلایەن و چەوساندنەوەی سیستماتیکی ڕێژیمێکی وەک کۆماری ئیسلامیی ئێران.

شۆڕشی ژینا بە ئاماژە و سیمایەکی ژنانە و بە دروشمی»ژن، ژیان، ئازادی» لە کوردستانەوە دەستیپێکرد و هاوکات کۆمەڵێک ڕوانگە و ویست و داخوازی سیاسیی و کۆمەڵایەتی هێنایە گۆڕێ کە یەک لەوان مەسەلەی بێ مافی و ئازادییەکانی ژنان بوو. دەرەنجامی ئەم ڕەوتەش بە پێشەنگایەتی خەباتی ژنان، بوو بەوە کە پرسی ژنان لە ئێران، لە پەراوێزەوە بێتە ناوەندی ئامانج و داخوازییەکان، ئەوەش زۆر زوو سنوورەکانی ئێرانی بڕی و دەرد و ئازارەکانی ژنانی کرد بە پرسێکی پڕبایەخ و جێی سەرنجی ڕای جیهانی و وڵاتان. هەر وەک چۆن بینیمان کە کۆمەڵگەی جیهانی(ناوەندەکانی بڕیار وپەرلەمانی وڵاتان و ڕێکخراوە جیهانییەکان، کەسایەتی و ...) لەسەر پرس و مافەکانی ژنان و هەروەها پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ لە ئێران هاتە دەنگ.

ئامادەبوونی بەرچاوی ژنان لە کوردستان و ئێران لە سەر شەقامەکان، بە دروشمی» ژن ژیان ئازادی» وێڕای ئەوەی کە پاشخانی مێژوویی خۆی هەیە، بەڵام بە هاوکاری و پاڵپشتی و هاوبەشیی پیاوانی کورد بوو کە ئەو ڕاپەڕین و شۆڕشە گەشەی کرد. ئەگەرچی شۆڕشی «ژینا» شۆڕشێکی فرەڕەهەندە بەڵام توانی بۆ یەکەم جار لە ئێران ئەگەر چی بە شێوەی ڕێژەیی، ببێتە پلاتفۆرمی خەباتێکی هاوشان و هاوبەش چ لە ئاستی پێکهاتە نەتەوەییەکان، چ لە ئاستی توێژ و چینەکانی کۆمەڵگای ئێران و کوردستاندا.

ئەو شۆرشە بەو پێشینە مێژووییەی کە لە بەرەنگاری دەسەڵاتە سەرەڕۆکان لە ئێران هەیەتی، داواکارییەکانی خۆی بە ڕوونی هێنایە گۆڕێ و ئەمجارە ژنان بوون کە بە دروشمی «ژن ژیان ئازادی» ئەو ڕەوتە نوێیە لە خەباتییان ئاراستە کرد، بەڵام بەو جیاوازییەوە کە چوارچێوەی ویست و داخوازییەکان لە مافەکانی ژنان و ئازادییەکانیاندا بەرتەسک نەکردەوە و خەباتەکەیان لەگەڵ پرسی شوناس و ناسنامە و ڕوانگەی کوردستانی بوون لێک گرێ دا. لەم دیدەوە، ژنان خوازیاری بنەجێکردنی پرسی یەکسانی و دادپەروەری وبەهاکانی ئازادی و مافە مرۆیی و نەتەوەییەکانیانن، هەر بۆیەش لە داهاتووی ئێرانێکی دیموکراتیک و سێکۆلاردا، پشکی خۆیان لە دەسەڵاتداریی و بەڕێوەبردنی ئەوە وڵاتە دەوێ، هەروەک چۆن پشکی بەرچاوی تێچوو و قوربانییەکانی ستەمکاری و داگیرکاری لە ئێرانی هاوچەرخدا وەبەر ژنان کەوتووە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئاراستەی ئەو ڕووداوانە تەنیا لە ناوخۆی ئێران نەبوو بەڵکوو گەیشتۆتە وڵاتانی دەروە و چالاکانی کورد و ئێرانی لە دەرەوەی وڵاتیش بەشێک بوون لەو شۆڕشە و توانیویانە بە ڕێکخستنی خۆپیشاندان و ڕێپێوان وەهەروەها نارەزایەتیی دەربڕین لەهەمبەر زەوت کردنی مافەکانی ژنان و پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ لەلایەن دەسەڵاتدارانی ڕێژیمی ئاخوندییەوە، ببنە نوێنگە و دەنگی پێکهاتە نەتەوەییەکانی سەر جوغرافیای ئێران و سەرنجی زۆرتر بخەنە سەر پرسی ژنان لەم وڵاتە. لەئەنجامدا، کاردانەوەکانیش زۆرتر لە ئاستی حکومەت و کەسایەتییەکان بوون، بە جۆرێک کە ڕۆژانە شاهیدی گوتنەوەی دروشمی «ژن، ژیان، ئازادی» و بڕینی قژەکان و پشتیوانیی پارلەمانتاران و سەرۆکی وڵاتانی جیاواز بووین کە ئەوەش لە خۆیدا بناغەی هاوپەیوەندییەکی جیهانیی بۆ خەباتی ژنان لە ئێراندا دامەزراند.

شۆڕشی ناسنامە تەوەر(لە کوردستان) و مافخوازانەی «ژینا» گەلێک دەسکەوتی کۆمەلایەتی، سیاسی و مرۆیی هەبوون، بەڵام ئەوی کەمتر ئاماژەی پێکراوە کاریگەرییەکانی ئەو شۆڕشەیە لە سەر چارەنووسی ژنان لە داهاتووی ئێراندا. ئەوەی کە ئێستا زیاتر لەنێو پێکهاتە نەتەوەییەکانی ئێراندا دەورونەخش دەبینی ژنانی ئێرانی بە تایبەتی کوردستانن، کە ڕۆژ نییە لەلایەن دەسەڵاتی ڕێژیمەوە تەنیا بەهۆی ئەوەیکە داوای مافە ڕەواکانیان دەکەن دەسبەسەر نەکرێن و لە سیاچاڵەکانی ڕێژیم ئەشکەنجە نەدرێن. ئەوەش نیشانەی ترسی هەمیشەیی ئەو ڕێژیمەیە لە بزووتنەوەی ژنان کە ساڵانێکە بۆ گەشەنەکردن و بەرەوپێشنەچوونی هەوڵی جۆراوجۆریداوە، بەڵام ئێستا بە هاتنەوە کایەی پرسی ژنان لە فۆرم و ئاراستەی جیاوازدا،بەرینایی و قوڵایی ستەم بۆ سەر ژنانی خستە ڕۆژەڤی ڕای گشتیی و میدیاکانی جیهانەوە، لە گەڵ ئەوەشدا پاڵپشتییەکی بێ وێنەی جیهانی ئازادی بۆ خۆی مسۆگەر کرد.

جێی تێڕامانە کە هەرچەندە شۆڕشی مافخوازانەی»ژینا« لە کوردستان هاتە ئاراوە و تا ئێستاشی لە گەڵدا بێت کوردستان تێچوویەکی زۆری بۆ ئامانجی «ژن، ژیان ئازادی» داوە، بەڵام ڕوانگەی کۆمەڵگەی جیهانیی، جیاوازتر لە خوێندنەوەی ئێمە و واقعی ئەو سەرهەڵدانەیە کە نەزمی جیهانی تەئامول لەگەڵ دەوڵەتەکان دەکا و ئەو شۆرشەش بە شۆڕشی گەلانی ئێران و بە تایبەتی ژنان دەزانێ و بۆ پاراستنی ئەو دەسکەوتە نێوخۆیی و دەرەکییانە دەبێ ئاگاهانە قۆناغەکانی دیکەی ئەو شۆرشە بچێتە پێشێ و کورد و ژنی کوردیش بارتەقای قورسایی خۆی لەو وڵاتەدا ئەو جێگە و پێگەی شایانی خۆی بەدەست بهێنێ..

# ئەو شەوانە لە کوێ و یەڵدا لە کوێ؟




لە مێژوو و نەریتی گەلانی ئێرانیدا یەلدا جێگەوپێگەیەکی تایبەتی هەیە و بە یەکێک لە بۆنە هەرەگرینگەکانی دێتە ئەژمار و هەر بۆیە گرینگییەکی زۆری پێدەدرێ. لە نێو کورد و بەتایبەت خۆشەویستانی دێموکرات ئەو شەوە تەنیا درێژتین شەوی ساڵ و کۆتایی گەلاڕێزانی پاییز و دەستپێکی سەهۆڵبەدانی زستان نییە. بەڵکوو لەوڕۆژەدایە کە ڕێبەری مەزنی کورد د.قاسملوو هەنگاو دەنێتە سەر دنیا.

دکتۆر قاسملوو سەرکردایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی لە زەمەنێک و بەستێنێکی مێژوویی زۆر هەستیاردا بە بیروبۆچوون و عەقڵ و درایەتێکی پێشکەوتووخوازەوە وەخۆ گرت کە لەوانەیە ئەگەر ئەو نەبایە ئەو حیزبە زۆری جیاوازی لەگەڵ ئێستای بایە، بەڵام بیر و هزری ئەو ڕێبەرە ئێستاش کە ئێستایە ڕێنیشاندەری درێژەدەرانی ڕێبازین.

بۆیە کاتێک چوار ساڵ پێش ئێستا لە کردەوەیەکی تێرۆریستیدا پێنج کەس لە درێژەدەرانی ڕێبازی قاسملوو لە شەوی یەڵدادا شەهید و وەک دەنگە هەنار هەڵدەوەرێن باوکێ شەهید ناسر کەریمی دەڵێ: کوڕی من لە ڕێگای نیشتمانەکەیدا شەهید بووە، ئەو و هاوڕێیانی شەهیدی درێژەدەری ڕێگا و ڕێبازی ئەو کەسەن کە لە شەوی لە دایکبوونیدا شەهید بوون بۆیە ڕەوا نییە فرمێسکی غەم هەڵوەرێنم و پێویستە بە شانازییەوە سەر هەڵێنم و بڵێم باوکی شەهیدم.

یەڵدای ئەوساڵیش لەگەڵ ساڵانی پێشوو جیاوازە، ئەوساڵ لەگەل گەڵاکانی پاییز دانە دانە لاوی بێتاوان بوون کە هەڵدەوەرین و شەهید دەبوون. لە ژیناوە تا ئێستا زیاتی لە ٥٠٠ کەس کە بەلانی زۆرەوە ٧٠ کەسیان منداڵ و کەم تەمەن بوون، بۆیە خەڵکی کوردستان ئەوشەوەیان لەسەر گڵکۆی شەهیدەکانیان و ئاڵای کوردستان و وێنەی ڕێبەری مەزنی یەڵدا دادەنێن و بە فرمێسکەوە سەمای غەم دەکەن و شەوچەلەیان لاواندنەوەی دایکی شەهیدانە. زۆربەی نەتەوەکانی دیکەش بڕیاریان داوە یەڵدا نەکەن چونکە بڕوایان وایە کە ئەوان لە یەڵدا درێژتریان دیوە و بەڕاستیش کە وایە و وا بووە.

ئەوان دەڵێن یەڵدای ئەوساڵ لە کوێ و ئەو شەوەی دایکی کیانی پیرفەلەک بۆ ئەوەی تەرمی کوڕەکەی بگەیەنێتە بەیانی ماڵ بە ماڵ لە شوێن قالبە سەهۆڵدا دەگەڕا لە کوێ؟ ئەوان دەڵێن ئەو شەوانەی دایکەکان تا ڕۆڵەکانیان دەهاتنەوە ماڵێ لە چاوەڕوانی هەرچی دوعا و نەزای دەیانزانی دەیانکرد کە نەکوو بەدەستی جەلادانی خوێنخۆری ڕێژیم دەستبەسەر یان شەهید بکرێن زۆر لە یەڵدا دوور و درێژتر بووە. ئەو شەوانەی ڕۆژەکەی باوک و دایکی شەهیدەکان ڕوو لە خەڵک دەکەن و دەڵێن ڕۆڵەی ئێمە گریانی ناوێ تەنیا دەبێ درێژەدەری ڕێبازی بن و شەوەکەی هەزاران جینگڵ دەدەن و لە بن پەتوو چین چین فرمێسک دەرێژن، لە کوێ و یەڵدا لە کوێ؟

لەگەڵ ئەوەشدا یەڵدای ئەوساڵیش تێدەپەڕێنین و تێدەپەڕێ بە هیوای ئەوەی شەوی درێژ و تاریکی تاریکپەرستانی کۆماری ئیسلامی بگا و ڕۆژی ڕووناک بۆ هەتاهەتایە ببێتە دیاری بۆ کورد و هەموو گەلانی ئێران.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



نەسرین یوسفزادە

# ژنێک
# پڕاوپڕ لە هیوای وەدینەهاتوو

کاروانی شەهیدان هەر دێ و دوور و درێژ دەبێتەوە و ئەگەر ئەو کەسانەی لێ دەرکەین کە هێشتا تەمەن مەودای پێ نەداون و دەستی ڕەشی کۆماری تێرۆر و کوشتن و سێدارە و هاژەک نەیهێشت لەگەڵ حەیران نازدارێک یان شۆڕەلاوێک ژیانێکی ئاسایی پێک بهێنن، زۆرن ئەوانەی هاوژینیان کە زۆرجار لەو غوربەتی غەریبایەتییەدا هەموو کەس و هاوڕێیان بووە لە دەست داوە.

کارەساتی هاژەک بارانی ١٧ی خەرمانانی ١٣٩٧ی هەتاوی ئەو کارەساتە بوو کە هەم چەند لاوی دڵ بە دنیا و سەر پڕ لە سەودای ئازادی لە حیزب و گەل و خۆشەویستانیان سەند و هەمیش کۆمەڵێک لە گەورە پیاوان و شێرەژنانی لە هاوگیان و منداڵەکانیان و حیزب و هەموو ئەو کەسانەی کە خۆشیان دەویستن کرد.

لەو ژومارەیەی گۆڤاری ژنان دەمهەوێ باسێک لە نەزیرە مەهدەوی هاوژین و هاوگیان و یادگاری شەهید کەریم مەهدەوی (سەقزی) بکەم. ژنێکی جوان و هەمووکات ڕازاوە بە جلوبەرگی کوردی کە دەبووە هۆی دڵخۆشبوونی هاوژینەکەی. دیارە کاک کەریم پێش خاتوو نەزیرە هاوسەرێکی دیکەی بووە و لەو هاوسەرەی دیکەی کچێک و کوڕێکی هەیە کە کچەکەی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەژی و کوڕەکەشی هەر لێرە واتە لە بنکە و بارەگاکانی حیزبدا دەژیت و هەردووکیان خاوەنی ژیان و ماڵ و منداڵی خۆیانن.

نەزیرە هەر زۆر زوو دەبێتە ئەندامی حیزب و ژنان و هەتا دەتوانێ هەم ئێستا و هەم ڕابردوو لە کۆڕ و کۆبوونەوەکانی حیزبی و ژناندا بەشداری کردووە و دەکات و تەنانەی ئەگەر جارێک بۆ بۆنەیەک بانگ نەکرابێ و هەستی کردبێ هەڵاوێردراوە گلەیی خۆی بە شوێنی مەبەست گەیاندووە و ئاوا سەلماندوویەتی کە چەندە خوازیاری ڕێبازێکە کە ڕێگا و ڕێبازی هاوسەرەکەی و هەموو شەهیدانە.

وەک ئەوەی یەکێک لە هاوڕێیانی نیزیکی بنەماڵەی شەهید کەریم سەقزی باسی دەکا، ئەوان بنەماڵەیەکی هەتا بڵێی تەبا و ڕەبا و دڵسۆز بۆ یەکتری بوون. نەزیرە خاتوون کە خۆی خەڵکی گەرمێن بوو، بەڵام هەر زۆر زوو خۆی لەگەڵ داب و دەستووری ئێمەی ڕۆژهەڵاتی ڕاهێنا و تەنانەت هەموو ئەو خواردنانەی کە تایبەت بە ڕۆژهەڵاتن و کاک کەریم حەزی لێیان بووە فێر دەبێ و هەموو کاتێک بۆ دڵخۆشکردنی هاوژینەکەی ئەوپەڕی هونەری ئاشپەزی دەنوێنێ تاوەکوو دڵخۆشی بکا.

نەزیرە دەیزانی کوردبوون بەهایەکی زۆری دەوێ و ئەگە هاوسەری پێشمەرگەیەکیش بی لەوانەیە ئەو بەهایەی کە دەبێ بیدا زیاتریش بێ. بەڵام لەگەڵ ئەوەش بەوپەڕی خۆشەویستییەوە هەوڵی دەدا کە کاک کەریم دڵخۆش کات و ژیانی ماڵێی بۆ وا لێکردبوو کە هەست بە ئاسوودەییەکی زۆر بکا و ئەوە تەنیا بە هۆی بوونی هاوژینێکی تەبا و ژیری وەک نەزیرە خاتوونەوە بوو کە کاک کەریمیش خۆی بە یەکێک لە بەختەوەرترین پیاوەکان بزانێ.



شەهید کەریم مەهدەوی ١٧ی خەرمانانی ١٣٩٧ی هەتاوی لە هێرشێکی ناجوامێرانەی مووشەکی بۆ سەر قەڵا دوژمن تۆقێنەکەی دێموکرات کرا، هاوڕێ لەگەڵ پازدە کەس لە هاوڕێ و هاوسەنگەرانی گیانی پاکی پێشکەش بە خاکی پیرۆزی نیشتمان کرد ئەو کاتێک شەهید بوو ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو.

وەک ئەوەی ئەوەی کە هاوڕێ و هاوسەنگەرانی باس لە ئازایەتی و نەترسی ئەو دەکەن چیرۆکێکە کە هەرگیز لە زاران ناکەوێتە خوارێ، ئێستاش کاتێک باس لە نەترسی و ڕاوەستاوی پێشمەرگەیەک بێتە گۆڕێ ئەوە کەریم سەقزی بۆ نموونە دێتە بەرباس.

کەریم سەقزی کە شاخەکانی کوردستان لە بەرابەریدا سەریان نەوی دەکرد، بەڵام لە کارەساتێکی دڵتەزێنی وەک هاژەک بارانی١٧ی خەرمانان، کە بەڵگەیەکی پڕاوپڕ لە جەنایەتەکانی کۆماری پەت و سێدارە بووە شەهید بوو.

دوای کارەساتی ١٧ی خەرمانان بە هەوڵ و ماندووبوونی کادر و پێشمەرگە و ئەندامانی حیزب، ژنان و لاوان زۆر زوو قەڵا نوێژن کراوە، دار و گوڵە سووتاوەکان شین بوونەوە و بنەماڵەی شەهیدان کە یەک لەوان نەزیرەی ژنە شەهیدی دڵ پڕ لە زام بوو هەر کامیان نەمامێکیان بە ناوی شەهیدانی ١٧ی خەرمانانی قەڵا ناشت تا ناو و یادی ئەو شەهیدانە هەتا هەتایە بە یادگار لەو قەڵایەدا بمێنێتەوە.

بەڵام ئەوە زۆری نەخایاند و دەسەڵاتی تاران بۆ جارێکی دیکە خەونی خۆشی لە هەمووماندا زراند و ئەمساڵ لە ٦ی ڕەزبەرەوە تا ئێستا لەو چەند مانگەدا چەندین جاری دیکەی بە هاژەک و درۆن هێرشی کردەوە سەر بنکە و بارەگاکەنی حیزبە ڕۆژهەڵاتییەکان و دووبارە چەندین کادر و پێشمەرگە لەو حیزبانە شەهید و زامدار بوون.

هەڵبەت ئەو کردەوە ناجوامێرانەی ڕێژیمیش لە تۆڵەی سەرهەڵدانی شۆڕشێک بوو کە بەناوی شۆڕشی ژینا دەستی پێکرد و هەتا ئێستا لەگەڵ ئەوەی دەیان کەس لەو چەند مانگەدا شەهید و بریندار بوون و سەدان کەس کەوتوونەتە نێو چاڵە ڕەشەکانی کۆماری ئیسلامی بەڵام لەگەڵ ئەوەش ئەو شۆڕشە هەر ماوە و درێژەی هەیە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# دایکێک بۆ نیشتمانی پێشمەرگە



مینا سوڵتانزادە

باس لەسەر ژنێک، دایکێک، خوشکێک، توانایەکی لە ڕادەبەدەری دەوێ، جا بەتایبەت ئەو ژنە، ئەو دایکە شەهیدیش بێ. هەر کە وشەی شەهید دێتە مێشکمەوە بۆ ماوەیەکی کورت سڕ دەبم، فرمێسک لە چاوەکانم قەتیس دەبن و دڵم دەکوڵێ، ئاخر ئەو شەهیدە دایکمە.

ئەو ڕۆژەی ئەو ڕووداوە تاڵە ڕوودای، لەسەر کار بووم، چاوەڕێی پەیامی یەکێک لە هاوکارەکانم بووم تا بڵێ کەی دێ بۆ گۆڕینی شیفتی کاری، کە دیتم زۆر لە هاوڕێیانم زەنگیان لێداوە و پێیانوابوو کە زانیومە دایکم شەهید بووە، یەکێک لە هاوڕێکانم نووسیبووی) خەبەرت هەیە دیسان لە قەڵایان داوە؟ هێز لە ئەژنۆمدا نەما و یەکەم کەس کە زەنگم بۆ لێدا شەهید هاجەر بوو، بەڵام وڵامی نەبوو، دواتر پێدا هاتم و زەنگم بۆ زۆر لەو کەسانە لێدا کە لەوێ پێوەندیم لەگەڵیان هەبوو، یەکێک لەوان نووشین بوو، دەگریا و دەیگوت دیسان مووشەکبارانیان کردین، گوتم خەبەری باجە هاجەرت هەیە، گوتی ناوەڵا دایە هاجەر لە بەیانییەوە دیار نییە، کەس نازانێ لە کوێیە. منیش یەکسەر زەنگم بۆ کاک سەید برایم لێدا و گوتی من باشم، گوتم باجە هاجەر لە کوێیە؟ بە دەم گریانەوە گوتی شەهید بووە، ئیتر نەمزانی لە کوێیم. وامدەزانی دەخنکێم، وامدەزانی ڕوحم دەردەچێ، هێز نەما لە ئەژنۆم، هاوارم دەکرد و هەستم دەکرد دەنگم بە هیچ کوێ ناگا، بەرەو ماڵێ هەڵدەهاتم و هەرچیم دەکرد نەدەگەیشتمەوە، ڕێگەم لێ ببوو بە ڕێگەی هات و نەهات، لەو کاتانەدا مرۆڤ هەست دەکا ئێستا ڕوحی دەردەچێ و پێی سەیرە کە هەر لەسەر پێیە. شەهید هاجەر بۆ من لە ساڵی ١٣٧٩ کە هاتمە ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات بوو بە دایکێکی میهرەبان و



**«منیش یەکسەر زەنگم بۆ کاک سەید برایم لێدا و گوتی من باشم، گوتم باجە هاجەر لە کوێیە؟ بە دەم گریانەوە گوتی شەهید بووە»**

نەیهێشت لەو تەمەنە کە تەنیا ١٥ساڵ بووم، هەست بە نەبوونی دایکم بکەم کە مرۆڤ و بەتایبەتی کچ لەو تەمەنەدا زیاتر لە هەموو شتێک پێوستی بە بوونی دایکێکی دڵسۆز هەیە، ئەو پەنای منی دا، ماڵەکەی ماڵی باوانم بوو، میهرەبانییەکەی، دڵسۆزییەکەی بۆ من گەورەترین دڵگەرمی بوو.

کچە جوانەکەم، کچە دڵسۆزەکەم، دایکەکەم و زۆر وشەی دیکەی لەو چەشنە کە تەنیا دایکێک دەتوانێ ئەوەندە میهرەبان بدوێ، ئەو جگە لە من دایک و خوشک و پشت و پەنای زۆر لەو کیژو کوڕانە بوو کە بەهۆی پێشمەرگەبوونیان و دوور کەوتنەوە لە کەسوکاریان بێبەش ببوون لە نێعمەتی دایک، ئەو ژنە دڵسۆزە، ئەو میهرەبانە دڵی هێندەی دەریایەک گەورە بوو، تەنانەت دڵسۆزی بۆ گیاندارەکانیش دەکرد، خواردنی خۆی بۆ دەبردنە بەر دەرگا و نەیدەهێشت برسی و تینوو بن.

مرۆڤ بە مانای وشە یانی شەهید هاجەر، ئەو غەدری لە خۆی دەکرد، بەڵام دڵی کەسی زوێر نەدەکرد، بۆ منداڵان وەک نەنکێکی میهرەبان بوو، هەر منداڵێک هاتووچۆی کردبایە سەرسام دەبوو بە میهرەبانی ئەو ژنە دڵسۆزە. ئەمن و دڵنیام هەموو ئەو کەسانەی شەهید هاجەری دایکم دەناسن و لە نزیکەوە لەگەڵی ئاشنا بوون و تەنانەت ئەو کەسانەی ڕەنگە بۆ جارێکیش ئەویان ناسیبێ یاد و ناوی هەر بە زیندوویی ڕادەگرن و لەبیر ناکرێ.

دایکە گیان، یاد و ناوت هەرمانە، لەگەڵماندا دەژی و لە بیر و دڵی من و نارین و هەموو ئەو کەسانەی تۆیان خۆش دەوێ بە زیندوویی دەمێنییەوە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ژنێک لە چاوەڕوانی بەخشینی گیانێکدا گیانی دا



ئێران ڕەشیدی

شەهید ڕێحانە کەنعانی کە لە تەمەنی ٣٢ساڵیدا لە کاتێکدا کە تەنیا دوو حەفتەی مابوو ببێت بە دایک، لە کەمپی ئازادی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە کۆیە و لە قوولایی خاکی باشووری کوردستاندا، ڕۆژی ٦ی ڕەزبەر کەفتە بەر پەلاماری موشەکی کۆماری ئیسلامی و شەهید بوو.

شەهید ڕێحانە لە تەمەنی ٢ساڵ و نیویدا دایکی خۆشی لە دەست دەدابوو. هەر بەو ساواییە لە ئامێزی میهرەبانی دایکی بێبەش ببوو و ئەو و منداڵێکی تازە لەدایکبوو و باوکێکی خەفەتبار دەمێننەوە. شەهید ڕێحانە لەگەڵ براکەی کە تازە لەدایک ئەبێت لە ناز و موحیبەتی دایک بێبەش ئەبن، لەوکاتەدا باوکیان ناچار ئەبێت بۆ ماوەیەکی کورت منداڵەکانی بە دایکی خۆی، واتە نەنکی ڕێحانە بسپێرێت. چونکە باوکی بەهۆی کاری دەرەوەی ماڵ، نەیدەتوانی دوو منداڵی ساوا بەخێو بکات و پێیان ڕابگا. دوایی باوکی ژیانێکی نوێ لەگەڵ خاتوونێک پێک دێنێ و دوو منداڵە ساواکەی ڕێحانە و براکەی لەگەڵ زڕدایک و باوکی دەستیان بە ژیانێکی نوێ دەکەن. ڕێحانە کچێکی ئارام بوو، بەڵام بەهۆی بێ دایکی مەینەت و ئازار و سەختییەکی زۆری کە دیبووی و بە داخەوە هیچکات ئەو موحیببەت و سەمیمیەتەی کە لە نێوان دایک و کچێکدا پێویستە، لە نێوان خۆی و زڕدایکیدا دروست نەبوو. هەمووکات غەمبار و دڵتەنگ بوو.

شەهید ڕێحانە کاتێک کە مێرمنداڵ بوو هەستی نیشتمانپەروەری لە دڵ و ناخیدا دەست پێدەکا و هەموو کات بیری لەوە دەکردەوە کە دەبێ ڕۆژێک ببێت بە پێشمەرگە و دژی ئەو هەموو زوڵم و زۆرییە کە لە کورد و کوردستان و بەتایبەت لە ژن، لە کۆمەڵگەی ئێرانیکی نادادپەروەر دەکرێت، بوستێتەوە. بەداخەوە دەرفەتی زۆرتری پێ نەدرا تا بتوانێ وەکوو پێشمەرگەی شاخ لە ڕیزەکانی حیزبدا زیاتر لە خزمەت ئامانجەکانی نەتەوەکەیدا بێ.

شەهید ڕێحانە بۆ ماوەی چەند ساڵێک وەکوو ئەندامی نهێنی حیزب لە نێوخۆ ئەرکی پێشمەرگەی شاری بەڕێوە دەبرد تا لەم دواییانەدا لە ساڵی ١٣٩٨ی



هەتاوی بە مەبەستی ژیان پێکهێنان لەگەڵ پێشمەرگەیەکی حیزب ڕووی کردە باشوور و بوو بە ئەندامی ئاشکرای حیزب و هەر لەو ماوەیەشدا بوو بە ئەندامی یەکییەتی ژنان و کۆمیتەی زاگرۆس، ناوبراو یەکێک لە ئەندامانی هەڵسووڕ و چالاک ئەو ڕێکخراوانە بوو.

شەهید ڕێحانە لەو ماوە کورتەدا وەکوو سەرشانەیەکی چالاکی ڕێکخراوەی یەکیەتیی ژنان، هەر ئەرکێکی پێی دەسپێردرا، بەو پەڕی دڵسۆزی و شانازییەوە جێبەجێ دەکرد.

گەورەترین هیوا و ئاواتی ڕزگاری کوردستان بوو و بۆ جارێکی دیکە بە ئازادی بگەڕێتەوە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە بەداخەوە بەو ئاواتەی نەگەیشت و ڕۆژی شەشی ڕەزبەری ساڵی ١٤٠١ی هەتاوی کاتژمێر ١٠و نیوی بەیانی کاتێک کە دەنگی یەکەم مووشەک دەبیستێ لە تاوی هاوسەرەکەی ڕادەکاتە دەرێ و بە لێدانی دووهەم مووشەک زامێکی قورس هەڵدەگرێ، ئەوە لە کاتێکدایە کە تەنیا چەند ڕۆژی ماوە جوانترین دیاری پێشکەشی ئەو دنیایە و هاوسەری وەفاداری بکا و کۆرپەکەی کە هەر کاتێک دەزانێ کوڕە ناوی "وانیار"ی لەسەر دادەنێ بێنێتە دنیا.



دوکتورەکان هەوڵێکی زۆریان دا تا لە ڕێگای هێنانەسەر دنیای منداڵەکە، لە مردن ڕزگاری بکەن. بە هۆی قووڵی زامەکانی شەهید ڕێحانە، بڕیاریان دا بەرەو هەولێری بەڕێی بکەن، بەڵام زۆر بەداخەوە، یەک دوو کاتژمێر زیاتر نەژیا و تێکەڵ بە کاروانی نەمران بوو و وانیاری ساواش تەنیا کەمتر لە ٢٤ کاتژمێر ژیانی بێ دایکی چێشت و ئەویش بەداخەوە چووە ئامێزی دایکی و دایکی نیشتمان تا هەردووکیان بۆ هەتاهەتایە لە ئامێز بگرێت.



**تەنیا چەند ڕۆژی ماوە جوانترین دیاری پێشکەشی ئەو دنیایە و هاوسەری وەفاداری بکا و کۆرپەکەی کە هەر کاتێک دەزانێ کوڕە ناوی «وانیار»ی لەسەر دادەنێ بێنێتە دنیا.**

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# شلەژانی شار و خۆفی ڕێژیم و خرۆشانی ئێمە

لە زمانی
شاهید حاڵێک

ئەورۆژە هەواڵی دڵتەزێنی ژینا بەدەستی جەنایەتکارانی ڕێژیمان دەبیست، تەنیا خەممان دەخوارد و هیوای چاکبوونەوە و وەهۆشهاتنەوەمان بۆ دەکرد.

هیچ کوردێک بیری نەدەکردەوە دوای چل و سێ ساڵ زوڵم و چەوسانەوە و کوشتن بە تیر و لە سێدارەدان و زیندانی، کەس ورەی ئەوەی هەبێت دژی ئەم ڕەژیمە بڕژێتە شەقامەکان و دروشمی مەرگ و نەمان بۆ خامەنەیی و بەکرێگیراوانی لێ درێ.

کەس بیری نەدەکردەوە چەخماخەی شۆڕشێکی وا بەهێز دوای چل و سێ ساڵ لە کوردستانەوە لێ درێت.

بەڵام ئەوەی کرا و ئەوەی دیترا چاوەڕوان نەکراو بوو.

لە هەر شوێنێکی ئەم کوردستانە بە هەر شێوە ناڕەزایەتێک بوو، ئەم ناڕەزایەتی و خۆپێشاندانانە سەری هەڵدا و تا ئێستاش بەدەوامە. کوردستان تازە دەیهەویست دەگەڵ خەمی گوڵالە شێخی و سۆعداخەدیرزادە و شلێر ڕەسوولی، سێ ژنی زوڵملێکراوی کوردستانی بسازێ، کە هەواڵی ژینا و غەریبایەتی ژینا سەرلەنوێ برینەکانی ژنکووژی هێنایەوە ژان و خەڵکی کوردستان بۆ ئەمجارە بڕیاری دا ئیتر بەسە ژنکووژی.

لە سەرەتای شۆڕشی ژینا ژنان پێشەنگی ئەم شۆڕشە بوون و هەن.

لەم چەشنە شۆڕشە لە دوای چل و سێ ساڵ تەمەنی پڕ لە ئەشکەنجە و ئازار و کوشت و کوشتاری ڕێژیم کرا، دەتوانین بڵێین یەکمجارە دوای چوار دەیە کوردستان بەبێ ترس و بە خرۆشەوە ڕژانە سەرشەقامەکان و بە دروشم و بە زەربە لێدان بە جەستەی ڕەژیم شۆڕشێکی بێوێنەیان خوڵقاند.

شەقامگرتن و ئاگرکردنەوەی لاوەکان و وێڕای یەکتر هاواری ژن ژیان ئازادی، هێز و گوڕ و تینێکی خستبۆوە خەڵکی چەوساوەی ئێران و بە تایبەت کوردستان.

خۆپێشاندان لە کوردستان بە شێوەیەکی زۆر بەرچاو درێژەی پێ دەدرا لاوەکان دووان دووان و سێیان سێیان لە کوچەکان بە سەر و دموچاوی هەڵبەستراو بە ئاغابانووی پێشمەرگانەوە، بەپەلە خۆیان دەگایەندە شوێنی خۆپێشاندان. سایپایەک تەگەر ڕایدەگرت و بە سێ خولک، ماشێن بەتاڵ دەکرا و ئاگری شۆڕش بڵێسەی دەگرت و لەنەکاو کەسێک هاواری دەکرد ژن ژیان ئازادی و خۆپێشاندەران بە دەنگی بەرز و بڵیندەوە دووپاتیان دەکردەوە.



دەنک بە دەنک جاشەکان و بنکەی سپا ئاگر دەدران و خاکفرۆشان بە سزای کارە قیزەونەکانیان دەگەیشتن.

لە هەر شەقامی شارەکان هێزەئەمنیەتییەکانی سەرتاپا تەیار بە جلوبەرگی دژە گوللە و چەک و باتووم و ساچمە هێرشیان دەکردە سەر خۆپێشاندەرانی بێ دەسەڵاتی ڕێگای ئازادی و شەهیدیان دەکردن.

هەر شەهیدێک کە بە خاک دەسپێردرا چەخماخەی خۆپێشاندانێکی بەهێزتر دەبوو.

تەواوی شارەکان پڕی چەکدار بوون ساچمە و گوللە بوو سینگی ئازادیخوازانی دەبڕی. لە هەر لاوە دەنگی شیوەن و زاری و ناڵای دایکان و بابان بوو. بەم حاڵەشەوە خۆپێشاندان درێژەی هەبوو تا ئەو کاتەی ڕێژیمی دژە مرۆڤی دژە کورد بە هاوکاری خۆفرۆشەکان و بەسیجێکان دەستیان کرد بە گرتن و شەهیدکردنێکی زۆرتر.

لە زۆرتری شارەکان کچانی مێرمنداڵ گیران و خسترانە ژێر دەسدرێژی سێکسێوە ترس و دڵەڕاوکە تەواو شارەکانی تەنی بوو و ڕێژیم لە هیچ چەنە جنایەتێک خۆی نەدبوارد بە دۆشکا و کەلاشینکۆف و ژێرسێ و تانک و فڕۆکە و نەفەربەر بەنێو شارەکاندا هات و چۆی دەکرد و تەنانەت هێرشی کردە سەر شارەکانی مەهاباد و خانێ و بۆکان و جوانڕۆ. بە ڕاشکاوی وەک بەرەوڕووی دوژمنێکی زۆر پڕ مەترسی بووبێتەوە هەڵسوکەوتی دەگەڵ خۆپێشاندەران کرد و لە ماوەی دوو ڕۆژدا دەیان شەهید و برینداری لێ کەوتەوە. سەرەڕای ئەوەی ناوشار وەک مەیدانی شەڕ بوو و پڕی هێزی چەکدار و ماشێنی جەنگی بوو، دوژمنی خوێنڕێژ بە شەو و نیوەشەو هێرشیان دەکردە سەر ماڵەکان و ئیزنی هیچ چەشنە جووڵەیەکیان بە کەس نەدەدا، لەبەر چاوی ژن و منداڵ یان دایک و باب جەوانەکانیان دەسبەسەر دەکرد و بێسەروشوێن دەکران پاش ماوەیەک زەنگیان لێ دەدا و بە بنەماڵەیان ڕادەگەیاند کە لەسەر چی گیراوان.

یەک بە تۆمەتی دار ئاگر تێبەردان، یەک بە تۆمەتی شەمچەی ئاگرکردنەوە، یەک بە تۆمەتی ئاگرتێبەردانی ستڵی زبڵ دەگیرا و بێ سەروشوێن دەکران. ماڵ و خانوویان لێ سەروژێر دەکرا و کەلوپەلی ماڵەکان ورد و قاش دەکران. لە ئیست بازڕەسێکان گووشێکان دەگیران و دەپشکندرانەوە. ئینتێرنێت یان بە تەواوی دەپچڕا و یان بەردەوام بەربەست دەکران. شارەکان لە ناخۆشترین بارودۆخی ڕووحی و ڕەوانیدا بوون. ترسی ئەوەی هەر ئێستا بڕژێنە ماڵێ و بە لێدان و کوتان دەستبەسەرت کەن و پاشان تەرمی بێ ڕوحت بگەڕێتەوە و لە ژێرچاوەدێریدا تەسلیم بە خاک بکرێی هێزی لە ئەژنۆیان بڕیببوو. نەتدەتوانی متمانە بە دراوسێکەت بکەی کە نەکا خۆی بە میلۆنێک فرۆشتبێ و ڕاپۆڕتی لێ دابیت. هەمووی ئەمانە لەباری دەروونیێوە گوشاری خستبووە سەر منداڵان. شەوان لە باوشی گەرمی دایکانەشدا نەدەسرەوتن نیوەشەو بە هاوار و ناڵە لەخەو ڕادەبوون و خەو لە چاویان دەتۆرا. با هەمووی ئەوانە وەک ڕابردوو بسپڕدرێتە مێژووی پڕ لە خوێنی گەلی کورد بۆ وەدەست هێنانی مافی ئازادی و سەربەخۆیی.

بژی کورد بژی کوردستان

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



شەهرام سوبحانی

# بۆ کورد نەبوو بە دەوڵەت؟

دەوڵەتبوون و بوون بە دەوڵەت، خەون و خولیای هەر نەتەوەیەکی بێدەوڵەتە کە بۆ دەستەبەرکردنی ئەو ئامانجە دەبێ چەندین قۆناغ تێپەڕ بکرێ.

گەلی کوردیش چەندین هۆکار بوونە هۆی ئەوەی کە نەتوانێ وەکوو هەموو نەتەوەکانی دنیا خاوەن خاک و نیشتمانی خۆی بێ و سەروەری خاکەکەی بەدەستەوە بێ.

ئەو هۆکارگەلە بریتین لە:

نرخی ئازادی: هەموو نەتەوەکانی دنیا بۆ گەیشتن بە ئازادی، ئامادە بوون نرخی ئەو ئازادییەش بدەن. بۆیە توانیویانە ناویان لە ڕێزی دەوڵەتانی دنیا بێتە ئەژمار و ئاڵایان لە ڕێکخراوە گەورەکانی دنیا بشەکێتەوە.

د.قاسملوو وتەیەکی جوانی هەیە دەڵێ:گەلێک ئازادی بووێ دەبێ نرخی ئەو ئازادییەش بدا.

گەلی کوردیش وەکوو هەموو نەتەوەکانی سەرگۆی زەوی نرخی ئازادی خۆی داوە. ئاوڕێک لە مێژوو سەلمێنەری ئەو ڕاستییەن بۆ نموونە(ئەنفالکردنی هەزاران کوردی بێتاوان، هەڵەبجەی شەهید و کیمیابارانی ئەو شارە، فەرمانی جیهاد و تۆمار کردنی سنەی خوێناوی لە مێژوو، شەڕی داعش و کوشتنی ئێزەدییەکان، خەباتی ٤٦و٤٧، ژینۆسایدی دێرسیم و هتد.) بەڵام لێرەدا پرسیارە!! سەرەڕای ئەو هەموو شۆڕشانەی کە لە هەر چوار پارچەی کوردستان تۆمار کراوە(سمکۆ خانی شکاک، کۆماری کوردستان، شۆڕشی بارزانییەکان، شێخ مەحموود بەرزەنجی، شێخ سەعید پیران، سەید ڕەزای دێرسیم، بزووتنەوەی ئاڕارات و هتد) بۆ نەمانتوانی دەوڵەتی خۆمان دابمەزرێنین؟ ئەگەر نرخی ئازادیمان داوە بۆ بێئاکام ماوینەوە.

ڕەنگە ئەو نرخی کە هەتا ئێستا کورد بۆ ئازادی داویەتی کەمتر بێ لەو ئامانجە گەورە کە مەبەستییەتی، واتا ئازادی نرخی زیاتری دەوێ فیداکاری و خۆنەویستی زیاتر دەتوانێ گەلی ئێمەش بە ئازادی بگەینێ. بۆیە دەڵێن: داری ئازادی گەر بە خوێن ئاو نەدرێ بەری نابێ.

دوژمنان:

ئێمەی کورد خاکمان نێوان چوار دەوڵەتی خوێنمژ و فاشیستدا بەش کراوە کە باوەڕیان بە مافی کورد نییە. و هەر ڕۆژ بە جۆرێک دەمانکوژن (سێدارە، سەربڕین، ئەنفال، تیرۆر، ئەشکەنجە، و هتد) چۆن




کوردین و داوای مافی ڕەوای خۆمان دەکەین دوژمنانی گەلی کورد هەموو کات هەوڵیانداوە بزووتنەوەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان سەرکوت بکەن، یان لە ڕێگای خاڵە لاوازەکانی خۆمان دارە بەرزەکان ببڕن و خەونەکانمان بە تاڵ بکەن بۆ نموونە لە سەردەمی پەهلەویدا بە ڕووخانی کۆماری کوردستان و کوشتنی سمکۆخانی شکاک و لە سەردەمی کۆماری ئیسلامی بە دەرکردنی فتوای جیهاد دژ بە خەڵکی بێ تاوانی کوردستان و حاشاکردن لە مافی ڕەوای میللەتێک.

خۆمان:

هێز و توانای هەر حیزب و دەوڵەتێک میللەتە واتا گەر میللەتت لە پشت بوو دەتوانی بگەیت بە ئامانج، بەڵام ئێمەی کورد هێشتا نەبووینە بە میللەت تا ببین بە دەوڵەت، واتا بە خۆنەویستی و حسوودی بەیەکبردن و یەکنەبوونمان ڕێگامان بۆ دوژمنانمان خۆشتر کردووە ئەگەر ئاوڕێک لە هەموو بزووتنەوەکانی کوردستان بدەینەوە بۆمان دەر دەکەوێت یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی بە ئاکام نەگیشتنی گەلی کورد خیانەت و خۆ فرۆشی بە دوژمنان بووە. کە ئاواتیەکەشی کرد بە خەون و خیاڵ لە باوەشی مێژوودا ئێمەش بە دەیان ساڵ بووین بە کۆیلەی چەترەکان، پێشەوای نەمر لە وەسیەتنامەکەیدا ئامۆژگاری نەتەوەکەی دەکا و دەڵێ: یەکبن و یەکگرن و پشت بە یەکتر ببەستن هیچ کات پشت بە دوژمنان مەبەستن دوژمنان هەتا ئەو کاتەی ئێوەی دەوێ کە کاری خۆی جێبەجێ بکات ئەگەر هەنگوینیشتان بداتێ دڵنیابە ژەهری تێ کردووە.

گەلێک ئەگەر یەک گرتوو نەبێت دایم دیلی دوژمنان دەبێت و ڕەمزی سەر کەوتنی هەر نەتەوەیک یەکگرتنوو و یەکبوونە، بەڵام بەداخەوە کورد هێشتا نەیتوانیوە یەکگرتوو پشت بە یەکتری ببەستی.

زلهێزەکان :

لە دنیایی ئەمڕۆدا بۆ ئەوەی کە میللەتێک بە دەوڵەت بناسرێت و لە مۆعادلاتی سیاسیی بێتە ئاژمار دەبێت وڵاتە زلهێزەکان دەنگ بە بوونی ئەو وڵاتە بدەن و بە فەرمی بیناسن دواتر دەتوانێ جۆغرافیا و خاک و ئاڵا و مافی دیاری بکرێت بە داخەوە کورد جگە لە دوژمنانی (تورک، فارس و عەرەب) زلهێزەکانیش هەموو کات دژایەتی دەکەن حاشا و چاوپۆشی لە مافەکانی دەکەن، هیچکات بەرژەوەندی خۆیان بۆ میللەتی ژێر دەستی کورد نەخستووتە مەترسی کاتێک چاو لە مێژوو دەکەین، دەیان پرسیار لامان درووست دەبن کە کام وڵات خاکی ئێمەی لە نێوان چوار وڵاتان دابەش کرد؟

کام وڵات ئێمەی کرد بە گەلێکی ژێر

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**چوون ڕێگایی ئاوی دەیتوانی سەرنجی زلهێزەکان بۆ خاکی ئێمە ڕابکێشێ و دەبووە هۆی ئەوەیکە هەوڵ بدەن بۆ کوردستانیش وەکوو هەموو وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، دەوڵەت درووست بکەن. چۆن بەو شێوە بەرژەوەندی خۆیان لە خاکی ئێمە دا دەبینی،**

دەست، کێ حاشای لە دیاری کردنی مافی چارە نووسی گەلی کورد کرد؟

دوای ڕووخانی ئێمپراتۆری عوسمانییەکان جۆغرافیایی دنیا بە تایبەت ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست گۆڕانکاری بە سەردا هات خاکی عوسمانییەکان بەش بەش کرا و بۆ هەموو نەتەوەکان دەوڵەت درووست کرا جگە لە نەتەوەی کورد بۆ ڕاستی ئەم بابەتە دەتوانین چاوێک لە ڕێکەوتننامەی سایکس پیکۆ، لۆزان سیۆەر بکەین کە چۆن کوردیان لە نێوان چوار وڵاتان دابەش کرد و خاکی ئێمەیان کرد بە مەیدانی بەرژەوەندی خۆیان.

هەڵکەوتووی جۆغرافیایکی بەستراوە کە ڕێگای ئاوی نییە،

لە دنیای ئەمڕۆدا ئاو بە هەموو جۆرێک دەتوانێ ڕۆڵی سیاسیی بگێڕێ، ڕاستە کوردستان خاوەن ئاوێکی زۆرە و یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی خاکی کوردستان پێک دێنێ، بەڵام بەداخەوە کوردستان ڕێگایی دەریایی نییە، ئەگەر ڕێگایی ئاوی هەبای ئێستا کوردستان لە مێژ ساڵە خاوەن دەوڵەتی خۆی دەبوو.

چوون ڕێگایی ئاوی دەیتوانی سەرنجی زلهێزەکان بۆ خاکی ئێمە ڕابکێشێ و دەبووە هۆی ئەوەیکە هەوڵ بدەن بۆ کوردستانیش وەکوو هەموو وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، دەوڵەت درووست بکەن. چۆن بەو شێوە بەرژەوەندی خۆیان لە خاکی ئێمە دا دەبینی، بەڵام لە بیرمان نەچێ تەنیا یەکێک لە هۆکارەکانی درووست نەبوونی دەوڵەتی کوردی ،نەبوونی ڕێگای ئاوە، ئەگینا زۆرن ئەو وڵاتانەی کە خاوەن ڕێگای ئاوی نین و خاوەنی دەوڵەتن بۆ نموونە(ئەفغانستان، ئەرمەنستان، ئەفغانستان و هتد) لە کۆتایی بابەتەکەم دا هیوادارم هەموو کوردێک بە لەبەر چاو گرتنی خاڵە لاوازەکانمان و سەرەڕای ئەو هەموو نەهامەتییانەی کە بە سەرماندا هاتووە هەوڵبدات بۆ سەربەرزی و سەربەخۆیی و بەختەوەری ئەم گەلە، ڕاستە پێشمەرگە باسکی بە هێزی گەلە و ڕەمزی مانەوەی گەلە، با هەموومان پێشمەرگەی ئەم نیشتمانە بین.واتا هەر کوردێک بتوانێ بە هەر جۆرێک خزمەت بە نەتەوەکەی بکا و جێگایی شانازی بێ بۆ نەتەوەکەی پێشمەرگەیەو و جێگای ڕێزە.

## شۆڕشی ژینا گەیشتە کۆنگرەی ژنانی ئینترناسیۆناڵ سۆسیالیست




ڕۆژی هەینی، ٤ی سەرماوەزی ١٤٠١ی هەتاوی، لە درێژەی بەڕێوەچوونی کۆنگرەی ئینترناسیۆناڵ سۆسیالیست لە شاری مادریدی وڵاتی ئێسپانیا، پووستێری «ژینا ئەمینی»، بە سەر بەشداربووانی کۆنگرەکەدا دابەش کرا.

«گولاڵە شەرەفکەندی» بە نوێنەرایەتیی هەیئەتی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەم کۆنگرەیەدا، لە کردەوەیەکی سەمبولیکدا و بەمەبەستی گەیاندنی دەنگی شۆڕشی ژینا بە جیهان، پووستێری تایبەت بە شۆڕشی ژینای بە سەر بەشداربوواندا بڵاو کردەوە.

کۆنگرەی ژنانی ئینتێرناسیۆناڵ سۆسیالیست ڕۆژی ڕابردوو بەڕێوەچوو و لە ئاکامی ئەم کۆنگرەیەدا «گولاڵە شەرەفکەندی» بە جێگری سکرتێری ژنانی ئینترناسیۆناڵ سۆسیالیست لە بەشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەڵبژێردرا.

## گولاڵە شەرەفکەندی وەکوو جێگری سکرتێری ژنانی ئینترناسیۆناڵ سۆسیالیست هەڵبژێردرا




گولاڵە شەرەفکەندی نوێنەری یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەک جێگری سکرتێری ژنانی ئینترناسیۆناڵ سۆسیالیست هەڵبژێردرا.

کۆنگرەی ئینترناسیۆناڵ سوسیالیست لە وڵاتی ئیسپانیا لە حاڵی بەڕێوەچووندایە و هەیئەتی یەکیەتیی ژنان دێموکراتی کوردستانی ئێران لەو کۆنگرەیە بەشدارن.

گولاڵە شەرەفکەندی کادری یەکیەتی ژنان کە لە کاندیدەکانی ئەم کۆنگرەیە بوو وەکوو جێگری سکرتێری ژنانی ئینترناسیۆناڵ، توانی دەنگی متمانە بەدەست بێنێت.

سەرکەوتنی ئەو ژنە کوردە دەسکەوتێکی گەورەیە بۆ ژنانی کورد بە تایبەتی ژنانی ڕۆژهەڵات کە دەتوانن دەنگی خۆیان بە جیهان بگەیەنن.

ژنانی کورد لە ژێر دەسەڵاتی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا لەژێر چەوسانەوەیەکی زۆردان, بەڵام خەباتی ئەوان بەتایبەت لە شۆڕشی ژینادا لە ئاستی جیهاندا دەنگی داوەتەوە. و

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ڕازێنەرەوەی داری کریسمەسی ئەمساڵ وێنەی شەهیدانە




کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# Women

Democratic Women Union of Iranian Kurdistan
No:59 Date: December 2022



Women Life Freedom

کتێبخانەی دیجیتالی
www.rabari.org